
# وەرزەکانی بەرزەخ




# وەرزەکانی بەرزەخ

نووسینی: کۆمەڵێ نووسەر

وەرگێڕانی:سەعید سلێمانی

بابەت: چیرۆک

تایپ: سۆنیا عەباس محەمەد

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچنی: نیشتیمان محەمەد

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠دینار

ژمارەی سپاردن: ١٤٢٥ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان – سلێمانی

www.sardam.org

# وەرزەکانی بەرزەخ

هەڵبژاردە لە کورتە چیرۆکی فارسی

وەرگێڕانی:

سەعید سلێمانی

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٩٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

# پێرست


وەرزەکانی بەرزەخ - شەهریار مەندەنی پوور- ٧

خاڵ - بێژەن نەجدی- ٢٩

جێژنی دڵتەنگی - عەباس مەعڕووفی- ٤٣

نوێژخانەی بچووکی من- هۆشەنگ گوڵشیری- ٥٩

لەودیو شووڵە ناسکەکانی تەیمانەوە-هۆشەنگ گوڵشیری- ٧٧

گلۆڵەی ئاڵۆز - بەهرام سادقی- ٨٥

دڕدۆنگ - بەهرام سادقی- ٩٥

بەهاری شینی کاتماندۆ - شەهرنووش پرسی پوور- ١٠٥

چیانشین - حسێن سەناپوور- ١١٧

حوزوور - ئەبوتوراب خوسرەوی- ١٢٣

تاڵ - مەنسوور یاقووتی- ١٣٧

دوایین دەرس* _ ئاڵفۆنس دوودە _ ١٤٧

# وەرزەکانی بەرزەخ

شەهریار مەندەنی پوور

...هەروا مایەوە و مایەوە و ڕۆژان و شەوان بەشوێن یەکدا تێپەڕ بوون. جلەکانی ڕزین، شیتاڵەکان لەگەڵ گۆشتی لەشیدا هەڵوەرین، خۆرەتاو چەوری لەشی گرت و خاکی دەوروبەری چەور و ڕەش هەڵگەڕا. ڕۆژێکیان دیمان لێوەکانی هەڵوەریون -کاری کرمەکان بوو- ددانە درێژەکانی دەرکەوتن؛ دەتگوت پێدەکەنێت. نیوەشەوێک دەعبایەک هات و دەستێکیانی هەڵکەند و بردی بەڵام ئەو بەلادا نەکەوت. پاڵی دابۆوە بە تاشەبەردەکەوە و ئیتر هەروا بوو و بوو و بوو... کۆنەسەربازەکان ڕۆیشتن، تازەگەیشتووەکان مانەوە. پاشماوەی بۆنی لاشە و قژەکانی قاپیلکەسەری با بردنی و هەورەکانی پاییزی هێنان. باران لە قوڵکی خومپارەکاندا کۆدەبۆوە و پەیکەرەکەش هێشتا لەوێ، بە کونی چاوەکانییەوە سەیری زەوی دەکرد... بەفر دایکرد و ڕواڵەتی داپۆشی. گوتمان کۆتایی هات بەڵام هەتاو دیسان گەرمی کردەوە، بەفرەکانی تواندەوە. چێنکە لە زەوی هاتەدەر، گوڵاڵە، خاشخاشکی کێویلە و چوزانم لەم گوڵە بەهاریانە

و... ئیتر گیاوگوڵ خۆی لە نێوان پەراسوەکانی ڕاکرد تا ئەو کاتەی کە ئەمانەمان بۆ فەرماندە تازەکەمان گێڕایەوە و گوتمان لەوانەیە بەتەنیا نەتوانین لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆمان بگێڕدرێتەوە، هەندێک لە ئێمە نەخوێندەوارن، زۆرێک تەنیا پۆلی سێ و چواریان تەواو کردووە و تەک و توکێکیش دیپلۆمیان تەواو کردووە: تاقمێک ئەو ڕۆژی حەشرە هەر لێرە نەبوون تا بیبینن: لەبەر ئەمە، هەمووومان کە بیگێڕینەوە، لەگەڵ یەک بین و بیگێڕینەوە، وەک ئەوەیە هەموویمان گێڕابێتەوە و ئەوسا ستوانی * تازەگەیشتوو بە دەمی ئێمە واقی وڕماو لەسەر یەک جگەرەی دادەگیرساند. دەیگوت من تێناگەم یەعنی چی... لە ماناکەی تێناگەم، باشە بۆ تا ئێستا... ئەوسا ئێمە دەمانگوت ئێستا کە بیگێڕینەوە لە هۆیەکەی دەگەیت جەناب سەروان، ئەو بۆ ئێمە تەنیا پەیکەرێکی ڕەق و تەق نییە... ستوانیش پەیتاپەیتا بە بیانوویەکەوە دەچوو و سەیری قووڵایی خەرەندەکەی دەکرد. دەیگوت ئێوە مەگەر ناڵێن لە مانگەشەواندا، قاپیلکەی سەری دەدرەوشێتەوە، کەوابێت من بۆ نایبینم... مەگەر ئێوە ناڵێن هەر جارناجارێک کەللـەی بەلایەکدا سووڕاوە، ئەی کەوابێت بۆ لەو کاتەوە من هاتووم سەر و قەپۆزی هەر ڕوو لە ئەو دەستە هەڵکەندراوەیەتی. دەمانگوت پەلەت نەبێت جەناب سەروان، هێشتا نەبۆتە هەفتەیەک کە هاتووی. مەگەر سەروان ((مینا)) بە تۆی نەگوت کە چاوەکانت دەبێت بە ئێرە ڕابێن تاکو ببینیت شتانێک کە هەر کەسێک نایانبینێت. بەڵام ستوان جۆرێک سەیری دەکردین کە دەتگوت ئێمە لەگەڵ سەربازەکانی تردا جیاوازیمان هەیە. سەروان مینا فەرماندەیەکی باش بوو. شارەزای شەڕکردن بوو. پێنج ساڵ بوو لە بەرەی شەڕدا بوو، مانگێک کە گوزەرا لە مانەوەی تەرمی ناسر ئیتر بۆ مەرەخەسی نەچوو. هەر بیست تا سی ڕۆژێک دەچووە

ناو شار بۆ حەمام و شەویش دەگەڕایەوە. ئێوارەیەکیش کە ڕۆیشت، بەم ستوانە جێگرەی گوتبوو من کە داخوازیم نەدابوو، ئێرەم باشتر بوو، تێدەگەیشتم چیم بەسەر دێت... بۆ گێڕایانمەوە بۆ دواوە... چوزانین ئێمە. شەوێکیان کە ماشێن نانی شەوی بۆ هێنابن دیمان کە ستوان لێی دابەزی. درێژ و ناقۆڵا... هەر لەخۆوە گەیشتە هەر کامێکمان بزەیەکی بۆ کردین. لێرە ئەگەر کەسێک پێکەنێت خۆی سووک دەکات. جلەکانی ئوتوکراو و ڕوخساریشی خۆرنەدیو بوو. زۆر بە دەمییەوە نەچووین. گوتمان لە ئەفسەرانی فەرماندەییە بەڵام دیمان کە سەروان مینا تێی دەگەیەنێت. تەپۆڵکە شاخاوییەکەی ئەوبەر خەرەندەکەی پێشان دا و هەر شوێنێکیش کە دوژمن دیدەوانی بەسەرەوە هەڵچنی بوو. ڕێگاکانی ڕەخنەکردن بۆ ناو بنکەکەمانی بۆ دەستنیشان کرد و ئەو شوێنانەش کە لە مەتەرێزماندا نەبوون. پاشان چاوی ستوان جۆرێک چەقین لە ناوەڕاستی خەرەندەکە، وەک ئەوەی کە بە بۆشاییدا بڕوانێت و ئەوسا سەروان مینا پێکەنی و گوتی: ((ئەها... لێرە ئەویشی لێیە، دەمێکە لەگەڵمانە... ناوی ناسرە...)) ئەوسا دیسان پێکەنی. دەنگی سەروان مینا لە زستانەوە نووسابوو. پێکەنینی لە کۆخەی ئەو پیرەپیاوانە دەچوو کە تەمەنێک تووتن و پەڕەیان کێشاوە. غەریبە ئەگەر گوێی لێ بووایە موو بەسەر لەشییەوە ڕاست دەبۆوە. سەرگروبان دەیگوت هەر کە خەوی لێدەکەوت شتێک بەری گەرووی دەگرت. هەناسەکانی لەوانە دەچوو کە گەروو ئێشەیانە و لە خەویشدا فەرمانی دەدا. ((ئاگر کوڕینە... ئەمانیان مەدەن... دەی ماشەڵڵا...)) هەر ئەمە ئیتر... ڕۆژان دەخەوت و شەوانیش بە دەوری سەنگەرەکانی نیگابانیدا هەڵدەسوڕا. سەرنیگابانێک گوێی لێ بووە کە بە ستوانی گوتووە نەهێڵێت سەربازەکان ڕۆژانە بێنە دەر. خومپارەی شەست وەک

ئیزرایل بێ دەنگ دێت... جگە لە نیگابانەکان و سەرنیگابانەکە ئەوانی تر ناچار بکە ڕۆژ بخەون و شەو بێدار بن، هەرچەند تا زەمانێک ناسر لەو خوارەیە پێم وانییە عێراقییەکان زات بکەن بێن بەرەو لامان. ئێمە بە ستوانمان گوت سەیری پشتی چەماوە و ئەندامی شڵەژاوی سەروان مینا مەکە لە کاتی ڕۆیشتندا. ڕۆژی دەرگیرییەکە ئەگەر ئەوت دەدی، ئەگەر دەتدی، هەروەها گوتمان ئەو ڕۆژە دەمەوبەیان، تازە خەوی لێکەوتبوو کە دەنگی دەسرێژی یەک دوو خەشابی ((کەڵاش)) لەلای تەپۆڵکە شاخاوییەکەوە بەرز بۆوە. یەکێک لە نیگابانەکانی ئێمەش هەروا دوو سێ دەسرێژی کرد کە سەرنیگابانەکە ڕایکرد بەرەو سەنگەری سەروان مینا... هەرکەسیش لە خەودا بوو هاواری سەروان مینای گوێ لێبوو: ((هەموو بەرەو سەنگەرەکانی دەرگیری...)) دەمەوبەیان، لە نێوان خەو و بێداریدا دەنگی تەقەی ((کلاشینکۆف)) لەو کەژەدا وەک دەنگی تفەنگی منداڵان دێتە گوێ. پیاو بڕوا ناکات هەر ئەم تەقەتەقە منداڵانەیە کە هەر ئەو کاتە گۆشت و ئێسقانێکی لێک هەڵوەشاندبێت. پاشان هێشتا ناو خەرەندەکە تاریکە، شەوی درەنگ تێدەپەڕێت بەڵام بەرچاو دێت کە دەسماڵێکی سپی لەوێ ڕادەوەشێت. نیگابانەکە بە لوولەی چەکەکە پێشانی سەروان مینای دا کە لە کوێیە. هەر ئەو کاتە یەکێک هاواری کرد: ((جەناب سەروان... جەناب سەروان...)) سەروان گوتی خۆشم چاوم لێیە. سێ چوار سێبەر لەودیو تەپۆڵکە شاخاوییەکەوە دەرکەوتن و سەرەوخوار بوون بەرەو تاریکایی خەرەندەکە. سەروان لەناو نیگابانییەکەوە هەرای کرد: ((لێیاندەن...)) و ئەوسا دەرپەڕی. تا چەکەکان دەست پێ بکەن هەموومان ئەو نووزە بریندارەمان بیست کە لە قووڵایی خەرەندەکەوە دەهات. دەنگی لە هەموو چەکێک بەرزتر بوو. پاشان

ئیتر ئینسان شتێک نابیستێت. ئەو هەموو چەکە دەسرێژ دەکەن، ڕەشاشەکان... خومپارەکان دەتەقنەوە و ئەوسا تەنانەت دەنگی ئەمانەش نابیسترێت چونکە گوێ پڕ بووە و ئیتر دەڵێی تەنیا سەروان مینا لەناو خودی کەللـەی ئینساندایە کە دەگوڕێنێ بەرەو تەپۆڵکە شاخاوییەکە تەقە بکە... سەیرکە و تەقە بکە... هەر شوێنێک ئاگری دەمی چەکێک دەبینی و... ئێمەش لە شوێن بە شوێنی لوتکەی تەپۆڵکە شاخاوییەکەدا ئاگری دەمی تفەنگەکان و ڕەشاشەکان دەبینین... تێناگەین چۆنە گوللـەکانیان لە سەنگەرەکان و لە ئێمە کار دەکەن و تفەنگەکەی خودی ئینسانیش لەقە دەخات. ئیشارەیەک بە بەلاپیتکەکە بکەیت حەوت هەشت گوللـە هەڵدەڕژێنە دەر، لەولاشەوە حەوت هەشت دانە دێن بەرەو لات و بەردەوام وا هەست دەکەیت هەر ئێستایە و... هەر ئێستایە کە بە زەبری گوللـە بەرەوپشت دەبم بەڵام پێی دەچێت: زۆربەی جارەکان پێی دەچێت و لەناکاو خومپارەکان دێن...

ستوانی شەڕنەدیو بە وردی گوێی دەدایە قسەکانمان. ئێمە پێمان وابوو حەتمەن دەیەوێت بزانێت دەرگیری چۆنە و دەبێ چی بکەیت و دەمانگوت بۆی باس بکەین تا بزانێ و جارێکی تر ئەگەر وەختی هات، سەرەنجام کە دێت، هەر نەبێ دەست و قاچی تێکەڵ نەیەن و ئەوسا گوتمان خومپارەی یەکەم و دووهەم زۆربەیان یا کورتی دێنێت یان بەسەری دەکات و ئیتر دوو خومپارە بەیەکەوە دران لە ناوەڕاستی بنکەکە. سەروان مینا هاواری دەکرد: ((تەقەمەنی... تەقەمەنی...)) لە ژێر لوورەی خومپارەدا زاتی دەوێت کەسێک تەقەمەنی بگەیەنێتە سەنگەرەکان... ((کاکایی)) یادی بەخێر... خەیاڵی نەبوو... خەڵکی شیمال بوو، ناوەکەی هەموانی دەهێنایە پێکەنین... سەرنیگابان بوو. هەر کە فەرمانی سەروان مینای

دەبیست دەڕۆیشت بۆ ئەنجامدانی... جا ئێستا کاری ئەو بوایە یان نەبوایە... هەر لەبەر ئەمانە سۆمای چاوی سەروان بوو. سندووقی تەقەمەنییەکانی لە کۆڵ دەنا و سەنگەر بە سەنگەر دەیگێڕا و ئێمەش خەشابەکان و ڕیزەکانمان خاڵی دەکردەوە و ئەوسا ئیتر ویزەی مێشەکان بەسەر سەرمانەوە بوو، سەد دانە مێش... دوسەد دانە مێش... تەواوبوونیان نەبوو و دەتگوت هەر لەبیرمان چۆتەوە کە تەواوی ئەمانە لە سایەی سەری ئەو ناسرە گۆڕبەگۆڕەدان کە لە بنی خەرەندەکەدا گیری کردووە و دایم دەسماڵە سپییەکەی ڕادەوەشێنێت و دەزیرپێنێت... لە ترسان، لە ئێش و ژان... لە ... چوزانین... لەوێ کە گیرمان نەکرووە کە جەهەننەم لەژوور سەرمانەوە بێت... هەرچی بێت ئێمە یان عێراقییەکان سەنگەر و پەنایەکمان هەبوو، تەنیا نەبووین بەڵام ئەوی داماو... عێراقییەکان جاری وابوو لوولەی چەکەکانیان بەرەوخوار دەگرت و ئەو تاشەبەردەی کە ئەو لە پشتییەوە خۆی مەڵاس دابوو دەیاندایە بەر دەسرێژ... ((موخابەرات... موخابەرات... ڕەمزی بکە فەرماندەیی... ڕەمزی بکە فەرماندەیی...)) بێسیم چییەکە قامکی دەئاخنییە ناو گوێچکەیەکی و هاواری دەکرد: ((ئێرە سیمرخ... ئێرە سیمرخ...)) ((موخابەرات، ڕەمزی بکە ئامبولانس...)) ((ئەلبورز... ئەلبورز... ئێرە سیمرخ...)) خودی کاکایی هەواڵی دا بە سەروان کە بریندارمان داوە. سێ کەس لە کوڕەکانیان لەژێر هەڵاشی سەنگەردا دەرکێشابووە دەرەوە، خۆڵاوی و خوێناوی. لە پەنای سەنگەرەکەدا چاڵێکی بچوک دروستببوو و لە بنەکەیدا هەر دەتگوت زەوی دەکوڵێت. سەروان لەڕێوە کەوت بەسەر بریندارەکاندا. ئەوانەی کە لەوێ بوون ویزەی پڕینچەکانیان بەر گوێ کەوتووە. نزیک بووە و دوکەڵەکەی سەر و قەپۆزی ڕەش کردوون و پاشان یەکێک لە بریندارەکان لەژێر

لەشی سەرواندا کەوتۆتە پەلەقاژە و خوێنەکەی فیچقەی کردۆتە ناو بەرۆکی سەروانەوە... بریندارەکانمان کێشایە ناو سەنگەری بێهداری و گەڕاینەوە سەر تەپۆڵکەکە دیسان. هەوا ڕووناکی کردبوو بەڵام خۆڵ و دوکەڵ، زەمین و زەمانی هەڵگرتبوو و نەماندەدی کە پیاوەی دەسماڵ بەدەست چی دەکات. دانەیەک لە سەربازەکان هاواری کرد: ((نایبینم... نایبینم...)) و ئەوسا لەناکاو هەموو شوێنێک بێ دەنگ بوو. تەواوی چەکەکان خامۆش بوون. کەسێک گوتی: ((من دوانیانم ئەنگاوت...)) کەسێکی تر: ((بە ئاڕ پی جی)) یەکێک لە دیدەوانییەکانیانم بردە ئاسمان...)) پاشان نەمانزانی لەکام لاوە، تاقە گوللـەیەک تەقا و دیسان هەموو دەستیان پێ کردەوە... کاکایی دەیگوت سەروان یەکبین دووربینی تێدەگرت کە ناسر ببینێ و نەیدەدیت. لەناو دوکەڵ و غوباردا لە خاک و بەردەکە جیا نەدەکراوە... پاشان سەرەتا کاکایی دیبووی کە دیدەوانەکە کەوتۆتە زەوی و تاوی داوەتە قولاپەی قاچی سەروان و دەقیرپێنێ: ((جەناب سەروان... جەناب سەروان...)) سەروان مینا هەر هەستی پێ نەکردووە و بە ڕەشاشچییەکەی گوتووە کە کوێ بکوتێت و کاتێکیش سەیری کردووە و دیویە، تاوی داوەتە سەرووی مەمکی دیدەوانە. خوێن لە نێوان قامکەکانییەوە فیچقەی کردووە ئەو کاتەی کە سەربازەکانی بێهداری گەیشتوون. سەروان بەزۆر قامکەکانی دیدەوانەی لە مەچەکی خۆی کردۆتەوە تاکو بیبەن. دیدەوانە، لەکاتی ڕاگواستنیدا، هێشتا هاواری سەروان مینای کردووە، وەک ئەوەی کە برینەکەی بەم ناوە ساڕێژ بێتەوە... سەروان بۆ کوڕەکان ئاواهی بوو. وەک تەختەبەرد کە دەکرا لە پشتییەوە خۆت مەڵاس دەیت. تەرمی دە کەس لە ئێمەش بکەوتبایە سەر دەستی، خۆی نەدەدۆڕاند. هەرچەند دواتر گۆڕا. دوورەپەرێز و دوورەپەرێزتر بوو

و ئیتر کەمتر ئەومان دەدیت و ئەگەریش بماندیبایە نیوەشەوان بوو کە بە ئەسپایی لە پەنای سەنگەرەکانی نیگابانییەوە تێپەڕ دەبوو، وەکو سێبەرێکی چەماوە و سەرەنێزەیەکیش کە بە دەستییەوە بوو دەیدا لە بەردەکان و تەلیسی سەنگەرەکان... تەق... تەق... ئەوسا ئیتر لە تاریکیدا نەماندەدی و دەماندی کە هەفتە بە هەفتە لاوازتر دەبێت، هەروەک چۆن گۆشتی ناسر، کە لەبنی خەرەندەکەدا هەڵدەوەری و ئێمە لەکاتی نیگابانیدا سەیرمان دەکرد. دوو سەعات نیگابانی لە ڕۆژدا و سێ سەعاتیش شەو کە ئینسان کارێکی نییە جگە لەوەی کە سەیر بکات و بیر بکاتەوە و ئێمەش هەروا بیرمان دەکردەوە و کاتێکیش هاوڕێکەمان کە دەیپرسی لە بیری چیدایت نەماندەگوت؛ ئێستا ئەگەر لەویشمان بپرسییایە دەمی هەڵنەدەپچڕا و شەویش، نیوەشەو یەکێکمان لە خەو ڕادەپەڕی و شەلالی ئارەق گوێی هەڵدەخست تا بزانێت ئەو قریشکەیەی لە خەودا بیستووە یان کەسێک لە بنی خەرەندەکەدا یارمەتی دەوێت. ئێمە تێدەگەیشتین کە چ خەوێکی دیوە، خەوێک کە دەمەوبەیان سەروان میناش دەیدیت و هاواری دەکرد: ((ئامادەباشی تەواو)) ئەوسا ئێمەی دەکێشایە ناو سەنگەری دەرگیری بە خۆمان و تفەنگی لە سەرپێ، قامک لەسەر بەلاپیتکە و چاوانێکی وردەوەبوو لە تەپۆڵکە شاخاوییەکە کە بەرەبەیان ڕەش دەکاتەوە و وەکو دێوەزمەیەکی مردووی هەڵمساو دێتە بەرچاو و ئێمەش هەروا لەناو سەنگەرەکەدا دەماینەوە و هیچ جووڵەیەکمان نەدەدەدیت جگە لە هەتاو کە پانتایی خەرەندەکەی دەتەنییەوە و ئەوسا تەرمی ناسر کە وەدەر دەکەوت لە تاریکی، هەر چۆن بوو کە بوو...

کە دەگەیشتینە ئەم شوێنانە، ستوان ئیتر تووڕە ببوو. بە ڕقەوە قنچکی جگەرەکەی دەئاخنییە ناو کونی دیوارەکە و دەیبۆڵاند کە:

((من تێناگەم یەعنی چی... لەبەر چی... ئەو سەروان مینایە ئێوە بۆ ئاواتان لێهاتووە... ئاکارتان... قسەکانتان ئینسان دەخاتە فکرەوە... دەڵێی ناسر لە هەموو شوێنێکی ئەم تەپۆڵکەدا ئامادەیە... دەڵێی ئێوە...)) کوڕەکان قاقا پێی پێدەکەنین و لەپڕتاو بێدەنگ دەبوون، واتە تۆ کە تازە هاتوویت و هێشتا پڕینچکێکی گەرم لە بناگوێتەوە تێپەڕ نەبووە، هێشتا عێراقییەکت نەپێکاوە چی تێدەگەیت... ئەوسا ستوان چوار دەست و پێ، بێ دەست و پێ جۆرێک کە یان شان و کۆڵی یان حەتمەن سەری لە دەرگاکە دەگیرا، دەڕۆیشتە دەر. ئەم کابرایە هەر چەکدار نەبوو. شەوانە لەناو سەنگەردا کوڕەکان لە دەوری یەک دەیانگوت بەم فەرماندەوە کە هەمانە خوا بکات هێرشمان نەکەنە سەر کە دانەیەکمان گیان دەرنابات. بەردەوام باسی شەوبۆکانی باخچەکەی ماڵیانی دەکرد بۆ سەرگروبان و شەوانیش نامەی دەنووسی... چوزانین بۆ کێ، بۆ ژنەکەی یان کەسێکی تر... هەر کەسێک بوو دەمەی مەرەخەسی گرتن، دڵی بۆی دەکەوتە تەپەتەپ و وەک دایک مردوو لەناو سەنگەرەکەدا کپ دەبوو و سەعاتەکانی دەژمارد. سەروان مینا کە ئاواهی نەبوو. گەرچی لەدوای هاتنی ناسر تووڕە و تۆسن ببوو و تا کەسێکیش هەڵەیەکی دەکرد نیگابانی تەمبێیانەی بۆ دادەنا یان ئیزافە خزمەت بەڵام هەر بوونی بۆخۆی هەموو شتێک بوو بۆمان. دەتگوت لەم دنیایەدا هەر ئەم تەپۆڵکە هەیە و ئەو لەم یەک ساڵەدا تەنیا جارێک ڕۆیشتەوە بۆ شاری خۆی و کاتێکیش گەڕایەوە سەر گروبان بە کاکایی گوت کە سەروان لە ژنەکەی جیابۆتەوە... دروستە کە ئێمە لە زۆر شت ناگەین بەڵام دەزانین کە هیچ کات نابێت بپرسین، هیچ کات نابێت لە پیاوێک کە پێنج ساڵ لە بەرەی شەڕدا بووە بپرسین کە بۆچی ژنەکەی تەڵاق داوە یان

بۆچی ژنەکەی بەجێی هێشتووە و ڕۆیشتووە... ئەویش لە ئێمە ناپرسێت کە بۆچی خودی ئێوەش خورد و خۆراکتان کەم بۆتەوە. بۆچی وەک جاران سەر ناخەنە سەر یەکتر و بۆچی حەزتان لە مەرەخەسی چوون نییە... بەڵام ئەم ستوانە هەندێک جار، هەندێک لە کۆنەسەربازەکان تەنانەت بە گاڵتەشیان دەگرت. هەر ئەو شەوانەی یەکەم کە هاتبوو، مانگەشەوێکیان کە لە بەردەم دیدەوانییەکەدا وەستابوو، یەکێک لە سەربازەکان بە ئەسپایی چووبووە دوو هەنگاو نزیکی و ئەویش هەر هەستی پێ نەکردبوو، وردبېۆوە لە بنی خەرەندەکە. پاشان سەربازە دابووی لە پێکەنین و ستوانیش داچڵەکی بوو. هەڵبەزیبۆوە و گوتبووی بۆ ئاوا پێدەکەنیت، نەڕاندبووی بۆچی ئێوە وەک سەروان مینا پێدەکەنن. سەربازە پێی گوتبوو جەناب سەروان دەمویست بڵێم لە شەودا ئەگەر ئینسان ورد بێتەوە، هەموو بەردەکان وەک ئێسقان دێنە بەر چاوی... دواتر ستوان دیسان دەهات و لە ئێمەی دەپرسی کە پاشان چی و دەنگیشی لە دەنگی سەربازێک دەچوو کە تا دواهەناسە جەنگابێت و ئەوسا خۆی بەدەستەوە دابێت. ئێمە دووبارە و سێ بارە دەمانگێڕاوە کە لە ناوەڕاستی دەرگیریدا پیاو هەر تێناگات کات چۆن تێپەڕ دەبێت. لەناکاو سەیرمان کرد دیمان نزیکەی نیوەڕۆیە و هەموو جێیەک بێدەنگ بووە. خۆڵ و دوکەڵ نیشتەوە، بۆنی خۆشی بارووت و خەرجی خومپارە با بردی لەگەڵ خۆیدا و ئەوجار بنی خەرەندەکەمان بینی. لەمدیو تاشەبەردەکەوە، کۆم ببۆوە، پەنای گرتبوو ڕوو بە ئێمە... گوتمان مردووە حەتمەن، چونکە نەدەجووڵا. دەسماڵە سپییەکەشی بەدەستەوە بوو. لەسەر تەپۆڵکە شاخاوییەکەوە تاقە فیشەکێکیان پێوەنا. درا لە تاشەبەردەکە و کەوانەی کرد. لە کۆڵی نەدەبوونەوە. سەروان مینا دووربینەکەی

دایە دەست کاکایی و گوتی: ((بزانە کابرا دەجووڵێت یان نا...))
دای لە پشتی کاکایی کە ماندوو نەبیت و ئەوسا ڕۆیشتە ناو سەنگەری بێهداری بۆ دڵخۆشی دانەوەی بریندارەکان... بریندارەکانمان لەڕێی شیوەکەی پشت سەرمانەوە گەیاندە ئامبوڵانسەکە کە تا دوو کیلۆمیتریمان هاتبوو. نان و خورمامان بەسەر سەنگەرەکاندا بڵاوکردەوە، ئاوێکمان خواردەوە- تینوێتی لە برین خراپترە- خەشابەکانمان پڕ کردەوە لە فیشەک و پاڵمان دابۆوە بە تەلیسەکانی سەنگەرەکانەوە کە دەنگی ناڵین بەرز بۆوە. ئاسمان لم و لێڵ بوو، خۆرەتاو گەرم و غوباراوی بوو و سەربازە عێراقییەکەش نەمردبوو. دەنووزاوە و دەسماڵەکەی ڕادەوەشاند. دەسماڵەکە ئیتر سپی نەبوو، سوور بوو، پەڵە پەڵە. سەروان مینا گوتی: ((شەو... ئەگەر تا شەو خۆڕاگرێت، دێنە گیانی و کۆتایی پێ دێنن)). بەڵام جەنگەی نیوەڕۆ نووزەنووزی پیاوە بریندارە ئامانی لێ هەڵگرتین. هاواری ماء... ماء... ڕەخنەی دەکردە سەنگەرەکانی حەسانەوەشمان... هەندێکمان گوێچکەمان ئاخنی، هەندێکمان بە دەنگی بەرز بەیەکەوە قسەمان دەکرد بەڵام دیسان هەر گوێمان لە دەنگی بوو. کاکایی گوتبووی، لەسەر نانی نیوەڕۆ، هەر کە سەروان پارووی دروستکرد چاوی کەوت بە ژێر نینۆکەکانی... ڕەش بوو، نەک ڕەش، سوور و ڕەش. خوێنی دیدەوانەکە بە ژێر نینۆکەکانییەوە وشک ببوو. پاروەکەی فڕێدایە زەوی و لە سەنگەرەکە چووە دەر. هاواری لە هەموو شوێنێکدا دەنگی دایەوە: ((ئاو تەنیا بۆ خواردنەوە... دەست پێوە گرن)). سندووقی تەقەمەنی بەهەموو لایەکدا پەرت و بڵاو ببوون. ژێر ڕەشاشەکان پڕ لە قاپووڕ و ناو چاوی سەربازەکانیش دەتگوت خوێنت پێدا هەڵپرژاندووە. سەروان مینا دەیگوت: ((ئەها... ئێستاکە بوونە سەربازی شەڕ، هەر کەس لەم شەڕە

دەرچێت، ئەوسا دەکرێ پێی بڵێی پیاو)). ئێمەش هەروا سەیری ناسرمان دەکرد. نەدەکرا شتێکی بۆ فرێ بدەین. خۆشی هەر نەیدەتوانی لە پشت تاشەبەردەکەوە جووڵە بکات. هەر بهاتایەتە دەر لێیان دەدا. نە ڕێی دواوەی بوو، نە پێشەوە و هەر دوو لاشی شەڕ بوو بێ ئەوەی بیەوێت. پاشان سەرگروبان ڕقی هەستا، تفەنگەکەی تێگرت و گوتی: ((دایک مردوو چۆن دەقریشکێنێ... ئاسوودەی بکەم جەناب سەروان؟)) عەرەبەش بێ پشوو دەنووزایەوە. لە زمانی نەدەگەیشتین بەڵام دیار بوو هەرچییەکی دەگوت پاڕانەوە بوو. ڕەنگە دەیویست ڕاحەتی بکەین... یەکبین دەستی بۆ لای ئێمە ڕاداشتبوو. ئێمە بە خۆمانمان دەگوت کاتێک کە کەسێک بە درێژایی ڕۆژ لە پێش چاوی ئینساندا بە گیانەڵڵاوەیە دەبێت کارێک بکەیت و نەشماندەزانی دەبێ چی بکەین. برین تینوێتی دێنێت، ترس تینوێتی دێنێت، هەروەها دانیشتن و بیرکردنەوەش تینوێتی دێنێت. باڵندەیەک لەو سەرانەوەی ئاسمان باڵەکانی لێک کردبۆوە و خولی دەدا و بریندارەش قەپاڵی لە زەوی دەگرت. دانەیەک لە سەربازەکان بیستوویە کە سەروان مینا بە سەرگروبانی گوتووە: ((خەریکە وەرەی کوڕەکان دێنێتە خوار)). سەرگروبانیش گوتوویە: ((هەر بۆ ئەم عەرەبە پیسە تا ئێستا چوار بریندارمان داوە... لێیدەم تەواوی کەم؟)) ئەوسا ئێمە گوێمان لێبوو کە لە مەتەرێزی سەنگەرەکەوە نەڕاندی: ((هۆی وس بە دایک مردوو...)) پاشان سەروان مینا تفەنگەکەی لە دەستی سەرگروبان وەرگرتووە و فیشەکەکەی دەرهێناوە. تەلیسەکانی سەنگەرەکان گەرم داهاتبوون و بایەکی ئاگرینیش لە کونەکانی دیدەوانییەوە دەیدا لەناو چاومان. حەزمان دەکرد سەر و قاپۆزی کابرای بریندار ببینین. ئەمە یەکەمین عێراقی بوو کە لەو مەودایەوە دەمانبینی. هەمیشە سێبەرێک بوون لەسەر

سەرئاسووێکان و بە ئاگری خومپارەکانمان بە کێوەکەدا ڕۆدەچوون. بەڵام نەدەکرا دەموچاوی ببینی. حەجمانی لێ هەڵگیرابوو. سەروان مینا لە سەنگەرەکەوە هەرای لێکرد: ((مارپێچ وەرە سەرەوە... مارپێچ...)) ئێمە هاوارمانکرد: ((وەرە سەرەوە... ڕاکە وەرە سەرەوە ترسنۆک...)) سەروان گوتی: ((هۆی... لە زمانی ئێمە دەگەیت...؟)) ئەویش شتانێکی بە عەرەبی گوت. با لەت و پەتی قسەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد و وا دەردەکەوت دەنگی ئێمە لە سەنگەرەکانمانەوە ناڕواتە دەر. دیسان هاوارمان کرد: ((ناوت چییە... ئەهۆی ناوت...؟)) هەر ئەو کاتەش بە بیرماندا هات کە ئەمە ئیتر یەعنی چی؛ بەڵام ئەو خەریک بوو وەڵامی دەداوە... وەک شتێک دەیگوت: ((ناسر)) هەموو بەیەکەوە: ((وەرە سەر... ناسر وەرە سەر...)) ناسر قاچێکیانی ڕاکێشا و یەکسەر گوللەیەک لە پەنایدا بە زەوییەکەدا ڕۆچوو. بە ((قەنناسە)) بۆی دانیشتبوون. گوتمان خەریکە گیانی دەردەچێت و باڵندەکەش نزمتر ببۆوە. هەر ئەو کاتە خومپارەیەکی زەمانی بەسەر خەرەندەکەوە تەقییەوە. تیکەکانی لە بەردەکانی پەنای ئێمەش دران. گوتمان دەیانهەوێ بە هەر شێوەیەک بێت بیکوژن. خومپارەیەکی تریش بە حەواوە تەقییەوە. باڵندەکە ڕۆیشت و دوو پەڵەی ڕەشی دوکەڵ لە ناوەڕاستی ئاسماندا لێک بڵاو دەبوون. لە یەکێک لە سەنگەرەکانەوە دەفرێکی پلاستیکی ئاو هەڵدرایە خوار بۆ قووڵایی خەرەندەکە. لە سەد میتری بریندارەکەوە کەوتە زەوی و گلۆر بۆوە بەرەو خوار. نووزەی عێراقییەکە بڕا. هەر لەم کاتەدا بوو کە سەروان توانی بە دووربین دەم و چاوی ئەو ببینێت. دواتر پێمانی گوت؛ گوتی کە ورد ببۆوە لە تۆنگەکە... وەک تەواوی عەرەبەکان لاواز بووە و ڕەشتاڵە... سمێڵیشی هەبوون و تاسایی سەری لە بەر هەتاودا دەدرەوشایەوە.

پاشان لەلای تەپۆڵکە شاخاوییەکەوە دوو سێ دەسرێژ کران و تۆنگەکە تەقی. سەروان هاتە دەر و هاواری کرد: ((کێ بوو تۆنگەکەی فڕێ دا؟)) کاکایی گوتی من. سەروان گوتی: ((هەفتەیەک ئیزافە خزمەت... نازانی کە نابێت ئاو بدەی بە بریندار...)) کاکایی گوتی: ((چ فەرقێک دەکات جەناب سەروان... چ فەرقێک دەکات...)) ستوانیش دەیپرسی دەی چ فەرقێکی هەبوو بۆ ئەو داماوە. دەمانگوت نازانین. پاشان کتو پڕ دەیپرسی ئەم کایە لە پاش هاتنی ناسر لە نێوانتاندا بۆتە ڕەسم. دەمانگوت بەڵێ و لەناو دڵیشماندا بوو کە تۆ تێناگەیت ستوان، تۆ کە ناسر ساڵێک لەپێش چاوت نەبووە چ تێدەگەی سەرگەرمی ئێمە یەعنی چی. تازە ئەمە کایە نییە. تاقی کردنەوەیە. ئاڵقەی نارنجۆکەکە دەکێشین و نارنجۆکەکە بە مێڵەی بەرگرییەوە لەناو دەستماندا ڕادەگرین بزانین کێ زیاتر خۆ ڕادەگرێت. دوو سەعات... سێ سەعات... یەک تۆز دەستی ئینسان شل ببێت ترەقەی نارنجۆکەکە ڕەنگە زەبرە بخوات کە زۆر جاران ئینسان هەر گوێی لە دەنگیشی نابێت و سێ چرکە دواتر، ڕمب... لەناو دەستدا... هەر کەس لاواز بێت پاش ماوەیەک دەستی دەکەوێتە لەرزین. بەڵام ئەگەر خۆ ڕاگرێت، دواتر کە ئاڵقەکەی خستەوە جێی خۆی و مستی لێک کردەوە بۆتە پیاوێکی تر... ستوان دوو هەفتەیەک خۆی جڕ دا تاکو ئەم خووە پیسە لە کەللـەمان وەدەر نێت، بەڵام دەرەقەت نەهات. چەندە دەیتوانی شەوان بێ هەست خۆ بکات بە ناو سەنگەرەکانماندا، وای دانێین کە هەموو سەنگەرەکانیشی سەرکێشی دەکرد، بۆ کون و قوژبنەکانی تەپۆڵکەکە، زاتی نەدەکرد خۆی بکات بەناو تاریکیدا... هەربۆیەش دواجار چەنەبەر نەهات و دیسان ڕووی تێکردینەوە. ئەو کاتە بەزەینمان نەدەگەیشت کە بۆچی پێداگری دەکات کە ڕووداوەکەی

دیسان بۆ بگێڕینەوە .وواماندەزانی ڕەنگە لەبەرئەوە کە نەگوتراوەکانمان دێتەوە یاد، بەڵام تێگەیشتین کە چاو دەبڕێتە ناو چاومان فکریشمان بخوێنێتەوە. چاوەکانی خۆی ئێستا بە قووڵدا چووبوون، ئیتر لە سەریەک ڕیشی نەدەتاشی، لەڕ و لاوازتر ببوو و نامەیەکیشی نەدەنووسی و ئێمەش دەمانگوت کاکاییت دەبوایە بدیبایە جەناب سەروان. مووزەرد بوو، بەخۆوە و زەلام، بزە لەسەر لێوی نەدەبڕا... سێ چوار جار خۆی تەکان دا و برین پێچی هەڵدا بۆ لای برینداره‌کە. بەڵام نەیگەیشتێ و نووزەی گۆڕا. وەک جیرکەی مشکێک کە پێ بخەیتە سەر زگی هەڵمساوی و تینی بدەیتێ کە بتەقێت. پاشان کاکایی بە سەروان مینای گوت: ((کارێک بکەین جەناب سەروان، کارێک بکەین کە ئاوای لێ نەیەت)). سەروان گوتی: ((دەڵێی چی بکەین... ناگونجێ کە... ئیتر کە دوژمنی ئێمە نییە... کاتێک کە ڕێ کەوت بێت بۆ لای ئێمە کە ئیتر دوژمنی ئێمە نییە...)) ڕوویکردە ئەو سەربازانەی کە سەیریان دەکرد: ((هەر ئەمەیە ئیتر... شتێک بتەپێننە گوێچکەتانەوە... شەڕ ئەمەیە ئیتر...)) بەسەر کاکاییدا نەڕاندی: ((یەعنی دەتەوێ چی بکەم... ئاوا نامۆیانە مەڕوانە...)) ئەوسا چووە ناو سەنگەرەکەی خۆی، تەنیا...

تا هەتاو بوو دیدەوانەکان بە دووربین سەیری هەڵس و کەوتی ناسریان دەکرد و بە ئێمەیان دەگوتەوە. دەستی درێژ کرد، پچکێکی وشکەڵ کە لە نزیکییەوە بوو هەڵیکەند و دەستیکرد بە جوونی ڕیشەکەی. پاشان کراسەکەی دادڕاند و برینەکەی پێ بەست. یەک دوو جارێک تەکانی دا لەخۆی کە سەرکەوێت بەڵام بەلادا دەکەوت. تەقەیان لێکرد. خۆی مەڵاس دا لە پشت بەردەکەوە و دەمەوئێوارە دەنگی کپتر بوو و کە تاریکتریش داهات ئیتر هیچ دەنگێک نەدەهات. ماشێنی خواردەمەنی بە بێ چرا گەیشتە

جێ. تەقەمەنی و نامەکانمانی هێنابوو. کەس تاقەتی هەڵپچڕینی نامەی خۆی نەبوو. حەزمان دەکرد مانگ هەڵهاتبایە. مانگی شەوی چواردە. ڕەنگە بەم شێوە شەو ئاسانتر تێپەڕ بوایە و برینداری بنی خەرەندەکەش دەیتوانی ئەوەندە سەیری مانگ بکات تاکو تەواوی خوێنەکەی لەبەر ڕۆیشتبایە. بەڵام شەو تاریک بوو و ناسریش زریکەی دەست پێ کردەوە. ئیتر وەک شتێک نەدەپاڕایەوە. جنێوی دەدا... سەرگروبان ڕاوێچکەی دەکرد و گوتی: ((عەرەبی پیس حەوت گیانی هەیە...)) ستوان لە بێ بڕواییدا دەیپرسی دڵنییان ئەوساش هەر نەمردبوو؟ بەڵێ، دڵنیاین. دەنگێک لە خەرەندەکەدا دەزرینگایەوە وەک دەنگی چەقەڵ. هەندێک لە سەربازەکان دەڵێن کە هەندێک جار ناوی ژنێکی هێناوە، شایەد بانگی دایکی کردبێت. پاشان چەند کەسێکمان ستوانمان دەبردە سەنگەری دیدەوانی تاکو پێشانی بدەین. ((سەیر کە جەناب سەروان، سێ مانگ لەمەوپێش کە هاتیت، مەگەر کونی چاوەکانی ڕوو لەلای شانە بێ دەستەکەی نەبوو؟ ئێستا کە گەڕاوە سەیری پەراسوەکانی دەکات)). دەیگوت: ((شایەد با کەللـەی سووڕاندبێت)) دەمانگوت: ((نا... ئەوە ساڵێکە کە شەو و ڕۆژ ئەمە لەبەر چاوماندایە. کوت بە کوت دیومانە کە چی لێهاتووە، دەعباکان کە جلەکانیان جوەوە تا بگەنە گۆشتەکەی... لووتی کە هەڵوەری... سەیرکە! پۆتینەکانی ئێستاش هەر ساغ ماونەتەوە، بریقەبریقی پلاکی ناسینەوەی کە دەبینی بەسەر پەراسوەکانییەوە... حەتمەن دیوتە بای دەمەو عەسران، گەردەلوولێک لەناو خەرەندەکەدا ڕێ دەکەوێت کاتێک با دێت، هەموو گەردەلوولەکان لە مابەینی پەراسوەکانی ئەوەوە هەڵدەستن... لەخۆوە گوتوویانە پەراسووی چەپی پیاو دەنکێکی کەمە...)) ئەوسا ستوان وەک ئەوەی هێڵنج بدات لە دیدەوانییەکە دەچووە دەر بەڵام

هەر کە شەو دەهات دیسان دەهاتەوە، وەک مردووویەکی لە قەبر ڕاکردوو و دەیگوت: ((ئەم سەروان مینایە... مەگەر ئێوە نالێن زۆر لە خەمی سەربازەکانیدا بووە، ئەی کەوابێ ئەو شەوە چۆن هێشتی بڕۆن بۆ لای ناسر...؟)) دەمانگوت شایەد لە بەدەمیدا هاتبێت... کاتێک گوتی ئێستا ئیتر ئەوەندە تاریک داهاتووە کە عێراقییەکان بچنە گیان ناسر، پرسیمان ئەگەر بیگرن چی لێ دەکەن؛ گوتی دەرمانی دەکەن، لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن، پاشان ئیعدام... کاکایی گوتی من دەچم دەیهێنم. سەروانیش بە دەمیدا هات کە ئەگەر دوو کەس خوازیاری تر بدۆزیتەوە من قسەیەکم نییە. ڕەنگە پێی وابوو ماندووین و کەسێک خوازیار نابێت. بەڵام چارەکە سەعاتێک دواتر، سێ کەس کەلوپەل بە کۆڵەوە لە بەردەمی سەنگەرەکەیدا وەستابوون. ئەو هەر تەنیا پێی گوتن: ((نزیک کەوتنەوە وریا بن... مومکینە تەقەتان لێ بکات...)) ئەوسا بێسیمی کرد بۆ بنکەی فەرماندەیی. کاکایی و دوانی دیکە وەڕێ کەوتن بەرەوخوار، دەنگی ترازانی بەرد و خاکمان لەژێر قاچیاندا تا ماوەیەک بەر گوێ دەکەوت، پاشان تەنیا هانکەهانکی برینداره دەهات. لە بیری ئەوەدا بووین کاتێک ناسریان هێنا سەرەوە لەڕێوە لێی دەپرسین لەودیو ئەو تەپۆڵکە شاخاوییەوە چەندەی هێز لێیە، شوێنی خومپارە دایک حیزەکانیان لەکوێوەیە... لەناکاو هەستمان کرد عێراقییەکە بێدەنگ بووە. گوتمان گەیشتنە لای. پاشان بڵێسەکەمان بینی. جۆرێک بوو کە دەتگوت کەسێک لەو خوارە شەمچەی هەڵکردبێت و ئەوسا دەنگەکە لە کێوەکەدا تەقییەوە. گڕی لوولەی چەکەکان پەرەی سەند. گوتمان: ((تف، لەگەڵ گەشتی عێراقییەکاندا دەستەویەخە بوون)). سەروان مینا بە پەشۆکاوی هاواری کرد: ((لە بنی خەرەندەکە مەدەن... بناری تەپۆڵکە شاخاوییەک بکوتن)). لەناو

یەخەدڕی سەر تەپۆڵکە شاخاوییەکەشەوە عێراقییەکان دەستیان کرد بە تەقە و دیسان دەنگی باڵی مێشەکان بە دەورمانەوە گیزەی دەهات. گوللـە گڕدارەکان، سوور، دڕیان دەدا بە هەوا. هاوارمان کرد: ((وەرنە سەرەوە کوڕینە... وەرنە سەر...)) بێ ئاگا لەوە کە ئێمە ڕێی گەڕانەوەی عێراقییەکانمان داوەتە بەر دەسڕێژ و ئەوانیش ڕێی گەڕانەوەی گەشتییەکانی ئێمە... دەتگوت بڕیارە هەرکەس بچێتە ئەو خوارە، ئیتر گەڕانەوەیەکی نەبێت و دەبێت بمێنێتەوە لەوێ بۆ هەمیشە. سەروان مینا ڕایکردبووە پشت ((کالیبر 50))کەوە. تەواوی ئەندامی لە شەقڵنی ڕەشاشەکەوە وەلەرزین کەوتبوو. لوولەکەی بەرەو چەپ و ڕاست دەگرت و جنێوی دەدا. هەندێک سێبەر لە دەورمان بە داموکانەوە ڕایان دەکرد، گوللـەکان بەسەر بەردەکانەوە گڕیان لێ دەبۆوە. کەسانێک هاواریان دەکرد و چەکەکان و ڕەشاشەکانیش، بە لوولەی ئاگرینەوە، بێ ئەوەی کە بتوێنەوە، یەکبین دەسڕێژیان دەکرد. گوللـەیەکی ((نووردار)) لەناو ئاسماندا تەقییەوە، وەک بڵێسەیەکی ئاسمانی کە هیچ دەستێک ڕاینەگرتبێت، هێواش دەهاتە خوارەوە و با بردی بۆ لای خەرەندەکە. نوورەکەی، سێبەری بزێوی دروست دەکردن لەسەر داوێنی تەپۆڵکەکان. گوتمان گەشتی عێراقییەکان گەڕاونەتەوە دواوە کە گوللـەی نووردار‌یان هەڵداوە. دەیانویست گەشتییەکانی ئێمە ببینن. لوولەی چەکەکانمان ڕوو لە گوللـە نوورداره‌کە کرد کە بیئەنگێوین، بۆنی بارووت کزەی لە سینگمان دێنا و پرینچکە خاکی گوللـەکانیش دەڕژایە ناو چاومان. سەروان مینا یەکبین هاواری دەکرد: ((بگەڕێوە دوا کاکایی... وەرنە سەر...)) پاشان لە تەنیشت کالیبر 50 کە ناڵەیەک بەرز بۆوە و یەکێکی تریش بە سنگەخشکە هاتە سەرو درێژ بوو لەسەر زەوییەکە. سەروان چۆکی

دادا و پرسی: ((کێیە ئەمە؟)) گوتیان: ((کاکایی...)) سەروان دەستی ڕێ سەر و سینگی کاکایی خست... لەناو تاریکیشدا هەموو کەسێک تەڕایی و گەرمی خوێن هەست پێ دەکات. سەروان دەستی بەرز کردەوە، بۆ بەر چاوەکانی. کاکایی تلی دا. لەناو قەدییەوە دەرچووبوو گوللـەکە. سەروان برینەکەی کاکایی لە چنگ گرت و بەرەو بڵێسەیەک کە لە ئاسمانەوە دەهاتە خوار، قریشکاندی...

بە ستوانمان گوت هەر ئەمە بوو ئیتر، هەر ئەمە. کاکاییمان ڕەوانەی دواوە کرد و ئیتر هەواڵێکمان لێی نییە و گوتمان ئەو شەوە تا بەیان لە تینوێتییان سوێی هاتەوە و خەو لە چاوەکانیدا زڕابوو و بەیانیش، بەیانی بوو و عێراقی پەنابەر، ئاسوودە بە قاچ و دەستی لێک بڵاوەوە، پاڵی دابوو بە تەختەبەردەکەوە و سەری کەوتبووە سەر سینگی و نیوەڕۆش، نیوەڕۆ بوو و داڵاشێک کە بەسەر زگی ناسرەوە هەڵنیشتبوو و چاوەکانی دەرهێنان و شەویش کە دیسان شەو بوو، جیڕکەجیڕکی مشکەکان لە خەرەندەکەوە دەهات و ئیتر هەروا بوو و تا ڕۆژان و شەوانی دیکە و هەروەها خۆرەتاویش، مانگەشەوانی دیکە و ئەوسا گوتمان هەرچی بێت ئێمە عادەتمان پێی گرتووە، لە خۆمانە، شەو و ڕۆژێک شەڕمان کردووە بۆی. بریندارمان داوەو ئەویش شەو و ڕۆژێک بە گیاندانەوە بووە کە بگاتە ئێمە؛ کەوابێ ئیتر چ فەرقێک دەکات لە کوێ بێت، لە بنی خەرەندەکە یان لەناو گۆڕدا، گرنگ ئەوەیە کە هەیە و ئێمەش بارودۆخی ئەو ڕۆژەی ئەومان بەردەوام لەبەرچاوە، هەر بەهەمان شێوە کە سەروان مینا لە بیری نەدەچۆوە و دەیدا لە کەللـەی و شەو بەسەر ئەم تەپۆڵکەوە سەرگەردان هەڵدەخولاو سێبەرەکەی دەکەوتە بنی خەرەندەکە و ئێستاش کە ئێستایە تەقەتەقی سەرەنێزەکەی دێتە بەر گوێمان لە بەرد و تەلیسەکانی سەنگەرەکەوە؛... ئەمە ئیتر ئاخرین جارێک بوو

که ڕووداوەکەمان بۆ ستوان گێڕایەوە و ئەویش بە دەم و چاوێکی لاواز و چاوانێکی سووری خەو لێ زڕاوەوە لە بڵێسەی گڕسۆزەکە ورد ببۆوە و چاوەڕێ بوو؛ دەتگوت ئێستاش باسەکان هەر درێژەیان هەیە و ئیتر پاشان چووە ناو سەنگەرەکەی و تا دوو ڕۆژ چاومان پێی نەکەوتەوە... بەیانی ڕۆژی سێهەم، لەپڕتاو ئامادەباشی ڕاگەیاند. نەڕاندی: ((بەرەو سەنگەری دەرگیری، دەی ماشەڵڵا...)) گوتمان چ قەوماوە، نەکا پەلاماریان دابین... بە پەلەپڕوزە چەکەکانمان خستە سەر پێ بەڵام لەسەر تەپۆڵکە شاخاوییەکە هیچ جووڵەیەک نەدەبینرا. پاشان ستوانمان بینی کە بە هەنگاوی لۆقەوە هات و لە پەنای دیدەوانییەکەوە چۆکی دادا. ((ئارِ پی جی))یەکی بە دەستەوە بوو. زامنی گوللەکەی کێشا و خستییە سەر شانی. هەر ئەو بزەیەی ڕۆژی یەکەمی لەسەر لێو بوو. بە وردی نیشانەی لێ گرت و تەقاندی. دەنگی تەقینەوە لە کێوەکەدا زرینگایەوە، غوبار و دوکەڵ لە بنی خەرەندەکەوە بەرز بۆوە و ئیتر هیچ شوێنەوارێک لە ناسر و تاشەبەردەکەی نەمایەوە. ستوان هەستایە سەر پێ و بە دەنگی بەرز گوتی: ((خوا بە ڕەحمەتی کات...)).

* ستوان: پلەیەکی سەربازی کە لە سەروان خوارترە بەڵام بۆ ڕێزلێگرتن هەر سەروانی پێ دەڵێن- وەرگێڕ.

# خاڵ

بێژەن نەجدی

کیسەکێشی حەمامەکە ناپرسێ، منیش نایڵێم کە خاڵی سەر قۆڵی چەپم لە چ شوێنێ کوتاوە یاخود چ ساڵێک بووە. تەنیا لەو دەپرسم:

- دەکرێت پاکی بکەیتەوە؟

کیسەکێشەکە دەڵێت: ئەرێ، بەڵام پاک کردنەوەشی هەر وەک کوتانەکەی ئێشی هەیە.

ئێستاکە ڕۆیشتووە کە شتومەکەکانی بێنێت. وابزانم دەیەوێت بە تێزاب پاکی بکاتەوە.

بەرەوپشت لەسەر کاشیە داخەکان درێژ دەبم و سەرم لەسەر سەرینێکی چەرمییە. هاڵاوی نەرم خۆی لە تیرێژەکانی ئەو هەتاوە هەڵدەسوێ کە لە دایرە ڕەنگینەکانی بنمیچەکەوە دەڕژێنە خوار. تیخێکی ڕیشتاشین بە دیوارەکەوە چەسپاوە و سەتڵی پەنای دیوارەکەش بۆنی لفکە و چڵکاوی سابوونی لێ هەڵدەستێ. نەک ئەوەی کە ترسابم، هەر تەنیا ماندووم. وردبوونەوە لەم خاڵە شینە

ماندووم دەکات. تەواوی باسکمی داپۆشیوە. نازانم بۆ، بەڵام خۆم ویستبووم. سەرەتا بە قەڵەم ڕەسمی پەنجەرەیەکم لە نێوان هەنیشک و شانمدا کێشابوو. یەکێک لە تایەکانی کرابۆوە کە لەسەر لێوارەکەی گوڵدانێکی بەتاڵێ لێبوو.

پاشان بە دەسماڵێک دەمم ئاخنیبوو تا بەهۆی ژانی دەرزی و مەرەکەبەوە گاز لە زمانم نەگرم. هەر بەشێک لە پەنجەرەکە کە دەکوترا، هەر ئەو شەوە، ئەو بەشە هەڵدەمسا. ژانەکەی لە ژێر باخەڵمەوە ڕێ دەکەوت. دەبوو بە دوو لکەوە. لکێکی بەرەو لای ملم دەڕۆیشت و لە بناگوێمەوە تێپەڕ دەبوو. ئەوی دیکەشیان بەسەر مورەغەی پشت و لاڕانمدا بەرەوخوار دەچوو. ئەوەندە بەرەوخوار دەچوو تاکو بەری پێم گەرم دادەهات، ئارەقم دەردەدا. پاشان دەمتوانی تۆزێک بخەوم. ڕۆژێک کە بای دەستم نیشتەوە و ئیتر توانیم ئەم پەنجەرە شینە بەسەر قۆڵمەوە لە ژوورێکدا کە هەرگیز پەنجەرەی تێدا نەبوو، لەگەڵ خۆمدا ڕاکێش بکەم، دەنگی مەقام دەهات. واتە کەسێک هەر لەو نزیکانە، کۆخەچۆڵی دەنگی لێ هەڵبڕی بوو و بەسەر مندا دەگریا.

ئێستاکە دەبێت تا هاتنەوەی کیسەکێشەکە، شێرەی ئاوە گەرمەکە بکەمەوە تاکو کەمێک گەرم دابێم. دیسان ڕادەکشێمەوە. دەستم دەخەمە سەر موزاییکەکانی ڕایەخی حەمامەکە- دوور لە خۆم. هەر بەو مەودایە کە ئەو ڕۆژە لەسەر سەوزەڵانیەکە ڕامکێشابوو. خەریک بوو خەوم لێدەکەوت. لە ژوور سەرمەوە، دارەکان سەریان پێکەوە نابوو. هەر جارێک کە بایەکە پەلێکی لادەدا، پارچەیەک هەتاو بەقەد سفرەی ناشتاییەک دەکەوتە سەر سەوزەڵانیەکە، مەبەستم سفرەکە بوو.

بە لاتەنیشتدا داڵانێک لە دارپەڵکەکانی دەوامەی بوو کە لە

چۆمەکەوە دەردەکەوت و لەمبەری پردەکەوە کۆتایی دەهات.
لەوبەری پردەکەشەوە جەنگەڵی توسکا لە بەرچاو ون دەبوو.
چیمەنەکە ئێستاش بۆنی بارانێکی لێدەهات کە سەرلەبەیانی چێنکەیەک دایکردبوو و زوو خۆشی کردبۆوە.
تاپۆی ڕەشی ژنێک لەسەر پردەکە دەبزووتەوە. ئەوەندە دوور بوو کە هەم بەپێوە دەهاتە بەرچاو، هەم نزیک دەبۆوە و هەم دەڕۆیشت.
وابزانم چەند ساتێک خەوم لێکەوت. ئەوەندە کورت کە نەکرێت کەسێک بە خەو ببینی، ئێستاکە چ ڕەشپۆش یاخود... چاوم کە هەڵێنا ئەو ژنە لە ژێر دارەکاندا بوو، لەوسەری داڵانە پەڵکەکانەوە.
لە پەنای توێکڵی دارەکاندا، جلەکانی قاوەیی دەهاتنە بەرچاو. ئێستاش شێوەی دیاری نەدەدا. ترپەی پێی نەدەهاتە بەرگوێم. پێ بە پێی دارەکان دەهاتە پێشەوە. جاری وابوو دەتگوت هەر یەک دارە و جاری واش هەبوو هەر خانمێک. چاوەکانم لێکنا. هەم دارەکە و هەم خانمەکەم دیسان هاتنەوە بەرچاو. هەم خانمەکە و هەم دارەکە ڕەشپۆش بوون. ئەوان هەر ئەوەندە دوور بوون کە نزیک.
ئەگەر چاوەکانم هەر ئەو کاتە هەڵێنا. دیسان بینیمەوە. چەمەدانێکی بچوکی بەدەستەوە بوو. مانتۆ درێژەکەی سەوز بوو. هەر ئەو ڕەنگە بوو کە ئەوم لەو شەقامە درێژە پەڵکانەدا، لەناو ئەو هەموو سەوزاییەی لق و پۆپەکاندا لێ ون دەبوو کە دیسان پەیدا دەبۆوە. یەکێک لە شانەکانی، هەر ئەوەی لای چەمەدانەکە لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دادەخزا. نیوەی لەشی شەکەت دەهاتە بەرچاو. نیوەکەی تریشی دەکرا دایەگەورەم بێت یاخود ژنێک کە تەنیا جارێک دێتە خەوی ئینسانەوە و ئیتر هەرگیز لە هیچ شوێنێکدا، قەت نایەتەوە بەرچاو. تەمەنی دیاری نەدەدا. یان هەرنەبێ بۆ من کە سەرم لەسەر سەوزەڵانییەکە بوو و ئیتر ناچار بووم هەموو شتێک لە

خوارەوە بۆ سەرەوە ببینم وساڵگارێکی درێژ لەتەمەنم لە ژوورێکدا تێپەڕ ببوو کە ڕۆژانە بە گڵۆپ ڕووناک دەبۆوە و تاکو برسیشمان نەدەبوو باوەڕمان نەدەکرد کە نیوەڕۆ هاتووە و هەر کە سەرماشمان دەبوو واماندەزانی بووە بە پاییز، بەتایبەت من کە دەبوایە سەرم لە نهۆمی دووهەمی تەختەکەوە داهێڵم تا وای دانێین لە کەسێک داوای شەمچەیەک بکەم و هەربۆیەش دەبوایە هەموو شتێک لەسەرەوە بۆ خوارەوە ببینم، ئەو خانمە تەمەنی دیاری نەدەدا.

هەروا نزیک دەبۆوە (بۆنی چیمەنەکە بەڕوومەوە نیشتبوو) ترپەی قاچیم لە ژێر خاکەوە بە گوێ دەگەیشت و دڵیشم وەکو دڵی ئەو ئەسپانەی کە چرکەیەک پێش بوومەلەرزە قولاپەی قاچەکانیان پڕ دەبێت لە ترس، دەکوڵا. خانمەکە تەنیا چەند هەنگاو لەگەڵمدا مەودای هەبوو. جلەکانی زەیتوونی، لەچکەکەی ڕەش بوو. کەمێک شۆختر لە پیری دایکم بوو و زۆریش پیرتر لە دارپەڵکێکی تازەناشتراو کە چەمەدانەکەی بە لایەوە نابوو. بە بەری دەستی چەپی، شانی ڕاستی هەڵدەگلۆفی. ئەوەندە کز و لاواز بوو کە دەتگوت هەرگیز منداڵی نەبووە. گرێی لەچکەکەی کردەوە و بە سووچی لەچکەکەی، ئارەقەی ملی پاک کردەوە و بێ ئەوەی دیسان لەچکەکەی گرێ بداتەوە، چەمەدانەکەی هەڵگرت. لەبیرم نییە کە بە کام دەستی ئەم کارەی کرد. تەنیا هەر ئەوە کە دەهات، دەهات، دەهات.

ئێستاکە ئیتر لە هیچ ژنێک نەدەچوو. کەس نەیدەتوانی ئەو بە خەو ببینێت. نەدەکرا ناوێکی هەبێت. هەر ناوی نەبوو. کەسێکیش ئەوی نەهێنابووە دنیا. دایکم نەبوو. شتێک بوو.

چۆن بڵێم، دڵخوازێک کە پیر بووە یاخود دایکێک کە بەشوێن مندا، هەر دەبوایە ڕۆژێک بێتە دنیا. ڕەنگە ئەگەر بە دانیشتنەوە بوومایە لەپەنامەوە تێپەڕ ببوایە. یاخود ئەگەر بە ڕاوەستانەوە بوومایە

لەو ڕێگەوە کە هاتبوو، دەگەڕایەوە یاخود شایەد، نازانم. ئەگەر بەڕێوە بوومایە، بۆ وێنە لە یەکێک لە پیادەڕۆکاندا، هەر وەبەرچاو نەدەکەوت.
تەنانەت ئەگەر لە منی بپرسیایە: ئاغا، میوانخانەی فڵانی لە کوێیە؟
تەنانەت ئەگەر بمگوتبایە: کوێ؟ نازانم. ئەها، ئاخری ئەم شەقامە.
وێدەچوو هەنگاوێک دوور بکەوتمایەوە و ئەو دیسان بپرسێ:
– هێندە سەخت نییە. ئاغا لەگەڵ تۆمە.
منیش وەڵام بدەمەوە: نازانم. بڕوا بکە نازانم.
خانمیش هەروا درێژە بدا: خراپی تەواوی میوانخانەکان ئەوەیە کە ئەو ژوورانەی هەتاو دەیانگرێ، دایدەنێن بۆ ئەو موسافیرەی کە ساڵی پێشوو هەر هاتۆتە ئەم میوانخانەیە.
پاشان بێ شک هەردوکمان بزەیەکمان دەهاتێ. ئەم خولیایە هەر ئێستاکە هاتۆتە سەرمەوە نەک ئەو کاتەی کە خانم قیت و قنج لە لامەوە وەستابوو و ڕەشایی لەچکەکەشی نەیدەهێشت کە ئەو سفرەیە بکەوێتە سەر من. هەر بەو چەمەدانەوە کە دەسکەکەی لە مست گرتبوو و هەر بەو شێوە و ڕوخسارەشەوە کە سەرلێکدانی ترۆپکی دارەکان نەیاندەهێشت ببینم، چووە ناو پەنجەرەکەی قوڵی چەپمەوە. ناو ئەم پەنجەرە کوتراوە. ئێستاکە وەڕێ کەوتبوو. لە ژێر پێستمەوە ڕێ کەوتبوو. دەنگی پاژنەی کەوشەکەییم لەسەر ئێسقانی دەستم دەهاتە بەر گوێ. هەر کە چەمەدانەکەی دانا. ئیتر هیچ دەنگێک نەهات. هەستام دانیشتم. سەیرێکی پەنجەرەکەم کرد. پاشانیش سەیری دەوروبەرم و ئەو هەموو دارانەی کە بەڕێدا دەڕۆیشتن. نە ئەوەی کە بەڕاست بەڕێدا بڕۆن. نیگام لەم دار بۆ ئەو

دار بە شوێن کەسێکەوە کە لەپڕتاو ون بووە، دارەکانی دەخستە سەر ڕۆیشتن، لەو گەڵایانەی کە کەوتبوونە سەر زەوی، دەنگی خشەخش نەدەهات. گەڵایەکیش کە تازە لە لقێکەوە کەوتبووە خوار، وەکو پەنجەیەک کە لە مەچەکەوە بڕدرابێتەوە، بە هەوای دەوروبەریدا هەڵدەزنا و دەهاتە خوار، بێ ئەوەی کە بتوانێ شتێک لە چنگ بگرێت.
قۆڵمم گرت. بەری دەستمم خستە سەر خاڵەکە. زاتم چووبوو نەکا ئەو گەڵایەش بچێتە ناو پەنجەرەکەوە.
خانم گوتی: ئەوە ئێرە بۆ لەپڕتاو تاریک داهات.
ئەمە یەکەمین جار بوو کە گوێم لە دەنگی دەبوو. قۆڵمم بەردا.
دەنگی ئەو هەر وەکو ژانەکە، کە گەیشتە ژێر باخەڵم بوو بە دوو لکەوە. دانەیەکیان هات بۆ لای ملم و لە بناگوێمەوە تێپەڕ بوو، ئەوی تریش لە مورەغەی پشتمەوە چوو بەرەو خوار.
تەواوی لەشم زیراندی و بەری پێیەکانم گەرم داهاتن. ئەم جۆرە ژنانە وەک خوێن بە تەواوی جەستەی ئینساندا ڕێ دەکەوێت، پاشان، ئارام و لەسەرخۆ، لەسەرخۆ و ئارام دەبێتە لەزەتێک کە تەڕە یان ڕەشە، یان ئەوەی کە من وامدەزانی کە تەڕ بوو یان ڕەش. یان هەر بەڕاست تەڕ و ڕەش بوو. ئێستا کە دێتەوە یادم، گومان هەڵیگرتووم.
هەر یەکەمین سات کە ئەو ڕۆژە، ئەم لەزەتە ئێستا چ تەڕ، چ ڕەش، هەر نازانم، دەستی پێکرد وەڕێ کەوتم. پشت لە پردەکە، دارپەڵک بە دارپەڵک، لەناو دارپەڵکەکاندا من و پەنجەرەکە ڕامانکرد. خانم لەناو قۆڵی مندا لەو دیوارەوە دەدرا بە ئەو دیوارەی تردا. لەچکەکەی لێ کەوتبوو. چەمەدانەکە لە ژێر قاچەکانییەوە دەخلیسکا. دەوروبەری پڕ بوو لە هەناسە یەک لەدوای یەکەکانی من. بۆ نەیدەقیژاند؟

تەنانەت کاتێکیش کە بەرەوڕووو بەلای گوڵدانەکەدا کەوت، نەیقیژاند. تەنیا ئەوە کە بە هەر دوو دەستی لێواری پەنجەرەکەی گرت و ئیتر ئەوێی تا کاتێک کە من لەلای بەنزینخانەکەوە (چوار کێل لەسەر زەوی چەقابوون) تێپەڕ ببم و دەوری ئەو زەمینە بدەمەوە کە منداڵەکان تێیدا کایەی فۆتباڵیان دەکرد و (نا کەسێک لەوێ کایەی فۆتباڵی نەدەکرد) بگەمە کۆڵانێک کە ڕەنگی هەینی گرتبوو و لە حەوشەیماڵەوەدا ئاوێک بە دەم و چاومدا بکەم، بەرنەدا.

ژوورەکەم هەر ئەو بۆ نمە هەمیشەییەی لێ دەهات. کراسێکی ژنانە کە ساڵەها بوو لەسەر سەندەڵییەکە فڕێ درابوو، هەر لەسەر سەندەڵییەکە بوو. دەکرا هی دایکم بێت. لە مێژ بوو کە دەستم لە کەلوپەلەکانی ژوورەکەم نەدەدا. خاولیەکە، بۆنی لەشی کەسی لێ نەدەهات، تەنیا لە گۆرەوییەکی ناسک کە لە پەنای تەختەکەدا کەوتبوو، ترپەی پێی کەسێک دەهاتە بەر گوێ. لە پشت چاویلکەیەکەوە کە لەسەر تاقچەکە بوو، جووتێک چاوم کەوتەوە یاد و ئەوەش دەزانم کە دایکم قەت چاویلکەی لە چاو نەدەکرد. یەکێک لە سەرینەکان بەقەد چەندین سەعات خەوتن، بەناودا چووبوو و دۆشەکەکەش تا ئێستا چاڵایی باڵای بەرزی خانمێکی پێوە دیار بوو.

خانم چەمەدانەکەی کردەوە. جلە تێکەوەپێچراوەکانی وەلادا و قاپی وێنەیەکی بچوکی لە ژێرەوەی چەمەدانەکە دەرهێنا. دواتر دەنگی ئەو بزمارانەم بەرگوێ کەوت کە بە ئێسقانی قوڵمدا دەڕۆیشتنە خوار. دواتر دەنگەکە بڕا. پاشان خانم قاپی وێنەکەی هەڵواسی و هاتە بەر پەنجەرەکە. هەنیشکەکانی خستە سەر لێواری گوڵدانەکە و دەستەکانی خستە بەر چەناگەی.

گوڵدان بێ خاک، بێ گیا...

قسەی نەدەکرد. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە جلەکانم دەگۆڕی یان

خەریکی دروستکردنی هێلکەو ڕۆن بووم، سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. گۆناکانی لەوەی دەکرد کە لە بنەماڵەیەکی جێ گەورە بێت. هەر جارێک کە چاوەکانی لێک دەنا، ڕوخساری دایەگەورەم لە دوایین ساتەکانی نوێژکردنیدا، دەهاتەوە یادم. پێستێکی گەش و گەنجانەی بەلاوە بوو. لێوەکانی تەڕ بوون. دەتگوت تازە لە ماچێک دوور کەوتوونەتەوە. جومگەی تەواوی قامکەکانی چەمانەوەی خەم ئەنگێزی ڕۆماتیسمێکی کۆنیان پێوە دیار بوو یان چەمانەوەی ساڵەها شەتڵ ناشتنی برینج لە مەزرادا. قسەی نەدەکرد، لەتێک نان و هێلکەوڕۆنم لە دەمدا بوو. ڕۆژ گەیشتبووە شوێنێک کە هەموان دوو شکن لەوەی کە چرای ژوورەکانیان هەڵبکەن یان نا. هێشتا زەردەخەنەیەکی نەهاتبووە سەر لێو تاکو چاوم بە ددانەکانی بکەوێت.

ئەم جۆرە ژنانە ناویان یا پەروانەیە یان... تاهیرە.

گوتی: هەمیشە بە تاقی تەنیا نان دەخۆیت؟

گوتم: هەمیشە کە نا... ئەم ڕۆژانە هەمیشە.

گوتی: هێلکەوڕۆنەکەت خراپ دروست کردووە.

گوتم: دەبوایە چی بکەم؟

گوتی: دەبوایە لێگەڕێی ڕۆنەکە ئەوەندە سوور بێتەوە تاکو دوکەڵی سووتانی لێ هەستێت. خوێیەکەش دەبێت لەناو ڕۆنەکە بکەیت. ئەمجار هێلکەکانی تێبکەیت. ئەویش نەک بە هەر دوو دەست، بە دەستێک ئا بەمجۆرە. دەستی لەسەر لێواری گوڵدانەکە هێنا خوارەوە.

پاشان گوتی: ڕاستی، من تۆم لە کوێ بینیوە؟

ئەو لەتە نان و هێلکەم هێشتا لەناو دەمدا بوو، بەڵام ئیتر نەمدەتوانی قووتی بدەم.

پرسی: ناوت چییە؟
من تەنانەت نەمتوانی بڵێم مورتەزا.
ناوی من مورتەزا نییە. هەر ئەو کاتە کە خانم گوتی: ناوت چییە؟ بە زەینمدا هات کە بڵێم ((مورتەزا)). شایەد لەبەرئەوەی کە لە شوێنێک، کەسێک بە ناوی مورتەزا مردبوو و منیش دەمناسی و ئەم خانمەش دایک یان هاوسەری هەمان مورتەزا بێت. یان ئەوە کە کاتێک لە دایک ببووم کەسێک لە پەنای مەلۆتکەکەوە هاواری کردبوو:
- چەندە لە مورتەزا دەچێت.
بەهەرحاڵ هەر کە خانم گوێی لە دەنگی مورتەزا بوو، لە گوڵدانەکە دوور کەوتەوە و تاکو کاتێک کە دووبارە بگەڕێتەوە و هەنیشکەکانی بخاتە سەر لێواری پەنجەرەکە و دەستەکانی وەبەر چەناگەی بدات، من تاوەکەم شۆرد و هەوڵمدا سەیری ناو پەنجەرەکە نەکەم. هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی کە سەبارەت بە ئەو بێ تەفاوەت بووبم. تەنیا دەمویست بزانم کە چیم بەسەر هاتووە و دەبێت لەگەڵ خۆمدا چی بکەم.
دەنگی قاچی دەهات. کە لە دوای هەر سێ هەنگاو بۆ ساتێک بەرگوێ نەدەکەوت و دیسان سێ هەنگاوی تر. بێ شک لە ژێر قاپە وێنەکەدا ڕاوێچکەی دەکرد.
کەمێک ڕاکشام و هەر هەمان دەستم لە لێواری تەختەکەوە بەرداوە. دەمارەکانی پشتی دەستم لە ژێر پێستەکەوە، دەرکەوتبوون و خانمیش هەروا ڕاوێچکەی دەکرد. کە قامکەکانم کۆ دەکردنەوە پەنجەرەکە کەمێک تەکانی دەخوارد. تا ئەو جێیە کە دەمگوت هەر ئێستاکەیە و گوڵدانەکە دەکەوێتە خوار. خانمیش هەروا ڕاوێچکەی دەکرد. ڕاوێچکەی دەکرد. ڕاوێچکەی دەکرد. ڕاوێچکەی دەکرد.

سەرەنجام گوتم: ئەگەر ئێوە بتانەوێ هەر ئاوا تا بەیانی ڕاوێچکە بکەن، من خەوم لێ ناکەوێت.
هاتە بەر پەنجەرەکە. گوتبووم کە چۆن هەڵدەوێستا. هەنیشکەکانی دەخستە سەر لێواری پەنجەرەکە و بەری دەستەکانی بۆ دەم و چاوی دەکردە باوەش. هەر وەک ئەوەی کەسێک بە پەنجەکانی باڵندەیەکی لەناو هەوادا گرتبێت.
گوتی: هەر نایەتەوە یادم کە تۆم لە کوێ بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوت مورتەزایە.
گوتم: من بیر دەکەمەوە.
خانم گوتی: نا بیر مەکەوە، قەت بیر مەکەوە. تا کاتێک کە دەتوانین خەیاڵ و پڵاو پێکەوە بنێین، بۆ دەبێت بیر بکەینەوە. بەمجۆرە من دەتوانم باوەڕ بکەم کە لێرەم. خەریک بووم لەسەر پردەکە تێپەڕ دەبووم کە ئەو داڵانەی دارپەڵکەکانم وەبەرچاو کەوت و کاتێک کە چوومە ناو داڵانەکەوە، لەشم شەلاڵی ئارەق بوو. بەڵام لق و پۆپەکان بە جۆرێک سەریان لێک دابوو کە فێنک بوومەوە، لە شەکەتییان بوو کە چەمەدانەکەم نایە سەر زەوی.
قاپی وێنەکە لەناو چەمەدانەکەدا بوو. ئێستا ئیتر لە بیرم نییە، کاتێک کە وەڕێ کەوتم کام قاپە وێنەم هەڵگرتووە. کوڕەکەم، مێردەکەم؟ هەر لە بیرم نییە.
ئارەقەی ملم بە گۆشەی لەچکەکە پاک کردەوە و دیسان وەڕێ کەوتمەوە. حەزم دەکرد کەسێک ببینم و لێی بپرسم کە لەم دەوروبەرانە، میوانخانەیەکی لێیە یان نا؟ دیتم پیاوێک لەسەر سەوزەڵانییەکە ڕاکشاوە. شایەد خەوتبوو. دەبوایە دوو سێ جار بکۆخم تا وەئاگا بێت پاشان بمپرسیایە کە:
- ئاغا لەم دەوروبەرانە میوانخانە لە کوێیە؟

بێ شک دەیگوت: هەر ئاوا بڕۆن تا دارەکان تەواو دەبن. پاشان بە ڕاستدا بایدەنەوە. ئەوێ پڕە لە ئاگاداری میوانخانەکان. تەنیا خراپی ئەمجۆرە میوانخانانە ئەوەیە کە بەبێ ناسنامە ژوور بە کەس نادەن.
منیش دەبوایە چەمەدانەکەم بکردایەوە تاکو بزانم ناسنامەیەکم پێیە یان نا. بریا هەر نەبێ مارەیی نامەکەمم هەڵبگرتایە. هەڵمگرتووە یان هەڵمنەگرتووە؟ کلیلی چەمەدانەکەم لەناو گیرفانی مانتۆکەمدا بوو. لە ژێر ئەو هەموو سەوزاییەی دارەکاندا، ڕەشایی جلەکانم لە زەیتوونی دەکرد. چەمەدانەکەم بە یەکێک لە دارپەڵکەکانەوە دا کە زۆر ساوا بوو، دەتگوت تازە ناشتوویانە...
خانم لە قۆڵم چووە دەرەوە. دایکم دووبارە مرد. دایەگەورەم و سەرجەم ئەو ژنانەی لەو ساڵانەدا کە من خاڵی سەر قۆڵمم کوتابوو مردبوون، دووبارە مردن. پەنجەرەکە هەروا کرابۆوە. کەسێک لەسەر پەنجەرەی قۆڵم نەبوو.
لەناو گوڵدانەکەدا گیایەک هەڵیدەدا کە گەڵاکانی دەتگوت برینی بچوکن لەسەر پێستم. ئێستا من و ئەو خاڵە کوتراوە شینەی پەنجەرەکە، لەناو لەشی دایکی مورتەزا یان لەشی ژنی مورتەزادا بووین یان لەژێر پێستی دڵخوازێکی دایکدا کە بەسەر پردەکەدا ڕێی دەکرد، نازانم.
ئەوەندە دوور بوو کە بۆم دەرنەکەوت دەیەوێ لەسەر پردەکەوە تێپەڕ بێت یان ئیتر لە پردەکەوە گوزەراوە. وا بزانم کێشەی من نە خۆمم، نە ژنێک کە بە بێ مورتەزا بە چەمەدانێکەوە ئەم ساڵانە لەم شارەوە دەچێت بۆ ئەو شار.
ڕەنگە هەر پەنجەرەیەک ئێستاکە هەڵەیەک بێت. کیسەکێشی حەمامەکە بە بەرهەڵبێن و کاسەی تێزابەوە هاتووە و منیش ئەوەندە

لە پەنای ئەم تیخی ڕیش تاشینەدا کە بە کاشی حەمامەکەوە لکاوە دەترسم، کە دووبارە سەرما دایگرتوومەوە. چونکە وێدەچێت یەکێک لە مشتەرییەکان ڕەگی خۆی بە ئەوە بڕیبێت شێرەی ئاوەکەی بەردابێتەوە پاشان تیخەکەی بە دیوارەکەوە چەسپاندبێت دواتر هەر لێرەدا درێژ بووبێت. چەند سەرمامە!

بێگومان دوای ڕاگواستنی تەرمەکە ئێرەیان شتۆتەوە. کاشی و مۆزاییکەکانیان گۆڕیوە. کەوابێ چۆنە ئێستاش ئەم تیخە هەر بە دیوارەکەوەیە.

دەبێت هەوڵ بدەم تەنیا فکر لە قۆڵم بکەمەوە. لەو کاتەوە کە خۆم ڕووت کردۆتەوە سەیرم نەکردووە.

# جێژنی دڵتەنگی

عەباس مەعرووفی

ئێستاکە ژوورەکە بێدەنگە. تەختەکەتمان هەر بەو ڕووپۆشە ڕەنگ پەمەییە ساکارە داپۆشیوە و ڕێ بە کەس نادەین لەسەری بخەوێت. من بۆ خۆشم تا ئێستا لەسەری نەخەوتووم. من سەر عەرزەکەم پێ خۆشترە. کتێبەکانیشتمان هەروا چۆن بوون، دەستمان لێ نەداون، هەر تەنیا قفڵێکی دیکەمان بە شوشەی کتێبخانەکەتەوە زیاد کردووە. وێنەکەشتمان خستۆتە ناو قاپێکی زێڕینەوە و لە سەرووی کتێبخانەکەتەوە هەڵمانواسیوە. ئینجا پەردەکان: هەر ئەو پەردە قەدیمییە شین و سوورە خەت خەتانەی کە گوڵی زێڕینیان بە سەرەوەیە، پەنجەرەی ژوورەکە دادەپۆشن. چەند دەستەیەک کاغەزی ڕەنگیم تێک ئاڵاندوون و شریت شریت لەمسەری ژوورەکەوە بۆ ئەوسەر هەڵمواسیون. کاغەزەکان هەر بە شنەیەک دێنە لەنجە و تێک دەئاڵێن. کەیکێکی بچوک و بەستەیەک قەڵەم ڕەنگی بیست و چوار ڕەنگیشم لەسەر مێزەکە داناون. لە جێی بیست و چوار

مۆم. ئاخر ئەمڕۆ بیست و چوارەمینساڵوەگەڕی ژیانی تۆ لەناو ژوورەکەی خۆتدا جێژن دەگرم، بە تەنیایی. شایەد پێت وابێت کە من دێوانەم، گرینگ نییە بەڵام فریشتەی ئازیز، هەندێک شت هەن کە بۆت باوەڕ ناکرێن، دروست وەک یاریزانێکی فوتباڵ کە کاتێک لە دوایین ساتی هاتنە ناو مەیدانەوە هەست بکات قاچەکانی لە کار کەوتوون. لەم چوار ساڵەدا کە تۆ لە ئیتالیایت من هەر لام وایە چوویت بۆ دەواخانە تاکو قورس بۆ دایکە وەرگریت، یان چوویت بۆ قوتابخانە، یان شوێنێکی تر، نازانم. بەهەرحاڵ هەر ئێستاکە، یان سەعاتێکی دیکە دەگەڕێیتەوە و دیسان دەڵێیت: ((ئەم ماشەباقلانە چین لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا؟)).

((لەناو ژوورەکەی مندا؟)).

دواتر کە بۆ سەفەر ئامادە دەبوویت دەتگوت: ((سەعید وەرە ڕەسمەکانت بۆ ڕەنگ بکەم)).

هەر لەبەر ئەمەش هەموو ڕۆژێک ڕەسمم دەکێشا. وام هەست دەکرد کە تۆ میهرەبانت لێ دەرهاتووە. هەمیشە میهرەبان بوویت بەڵام ئەو ڕۆژانە چاک سەرت بە کارەکانی منەوە قاڵ دەکرد. کاتێک لەگەڵ دایەدا دەچووی بە شوێن کاروبارەکانی پاسپۆرتەکەتدا دڵم دەگیرا. ئیتر ئەوکات تۆ و دایکە ماندوو و شەکەت بە دیار سەماوەرەکەوە دادەنیشتن. دایە دەیگوت: ((ئەگەر باوکتان زیندوو بوایە ئیتر من نەدەبوا لەناو ئەم ئیدارانەدا هەڵخولێم)).

ئێمە باوکمان نەبوو. ئاخر عادەتمان کردبوو کە باوکمان نەبێت، بەڵام ئێستاش لە دوای چوار ساڵ نەمتوانیوە عادەت بکەم بەوەی کە خوشکم نەبێت. ئاوێنە و قورئانەکە، هەر ئەوانەی کە لەسەر تاقچەکەن، دایە هێنابوونی بۆ فرۆکەخانە. قورئانە بچوکە بەرگ چەرمییەکە. جارێکیش لە دەم دەرگای حەوشەکە لەسەر سەرتی

ڕاگرت. له ژێریه‌وه تێپه‌ڕ بوویت. گه‌ڕایته‌وه قورئانه‌که‌ت ماچ کرد، له‌ناو ئاوێنه‌که‌دا سه‌یری خۆتت کرد و پێکه‌نیت. دایه وه‌ستا تاکو چه‌ند هه‌نگاوێک دوور بکه‌ویته‌وه. پاشان ده‌فره ئاوه‌که‌ی که گه‌ڵایه‌کی سه‌وزی به‌سه‌ره‌وه بوو، به شوێنتدا پرژاند. تۆ ده‌تریقایته‌وه، هه‌مووی هه‌ر ده‌تریقایه‌وه. شایه‌دیش فرمێسکت هه‌ڵده‌ڕشت. ئاوڕت ده‌دایه‌وه سه‌یری په‌نجه‌ره‌کانت ده‌کرد. قیت و قنج ڕێت ده‌کرد که وه‌کو ژنانی له‌خۆبایی و خاوه‌ن بیر بێیته به‌رچاو. هه‌ر واش بوو. به‌و ساکه گه‌وره و به‌و کراسه شیری ڕه‌نگه‌وه و به‌و هه‌نگاوه نه‌رم و ئارامانه‌وه که هه‌ڵتده‌هێنانه‌وه، شێوه‌ی ژنانه‌ت به خۆت گرتبوو. جارناجارێکیش هه‌ڵتداویشته‌وه، هه‌نگاوه‌کانت توند ده‌کرد، دیسان ده‌بوویته‌وه هه‌ر به‌و فریشته‌یه‌ی خۆمان. کوڵمه‌ی گچکه‌کانت ده‌گرت و ڕاتده‌کێشان، پاشان ڕاتده‌مۆسین، ئه‌ویش له ڕاده به‌ده‌ر. به دایه‌ت هه‌ر ده‌گوته‌وه: ((خه‌م نه‌خۆیت ها!)).

به‌ڵام ده‌زانم که حه‌زت ده‌کرد بگریت. به دزییه‌وه سه‌یری ئێمه‌ت ده‌کرد و به حه‌ز و تاسه‌وه بزه‌ت ده‌هاتێ. چه‌مه‌دانه‌که‌ت من هه‌ڵمگرتبوو و پێشاپێش ده‌مبرد و ئه‌وه‌نده له په‌رۆش بوونت ڕامابووم، وه‌ڕه‌ز ببووم. پێده‌که‌نیم به‌ڵام حه‌زم ده‌کرد له قوڵپه‌ی گریان بده‌م. له‌ناو دڵمدا ده‌مگوت: ((چه‌نده خۆت ده‌خافڵێنی کچێ، وه‌ره بڕۆ، له کۆڵمان وه‌به. جه‌رگت کون کردین)). ئاگات له دایکه بوو؟ لێوه‌له‌رزه‌ی گرتبوو، به‌رده‌وام سه‌یری تۆی ده‌کرد و هه‌روه‌ک ئه‌وه‌ی که پشکوتنی ئاواته‌کانی له تۆدا ببینێت. ئێستاکه جوان له بیرمه. تاکو ئێستا بۆم نه‌نووسیبووی، له ناو دڵمدا ده‌مگوت: ((بڕۆ بزانه له‌وسه‌ری دنیا چ باسه، ئه‌وێ که پڕه له قه‌شه و ئۆسقۆف و پیاوی ئایینی، له‌وێ که ئامێری کوشتنی حه‌زره‌تی مه‌سیح به متفه‌ڕک ده‌زانن و له ملی ده‌که‌ن، له‌وێ که ته‌نیا یه‌کشه‌ممان ده‌رگای

ڕەحمەت ئاوەڵایە... خۆزگە زووتر ببیتە خانم دکتۆر و هەر نەبێ فریای ژن و ژاڵی خزمەکان بکەویت. چەندە خۆت دەخافڵێنیت؟))
ئاخریەکەی دڵت داشۆرد و دەتگوت لە کەهکێشانێکی هەزار بە هەزار جیا بوویتەوە. خاڵە چکۆل بە ماڵ و منداڵەوە هاتبوو. خاڵە گەورە نەهاتبوو، گوتبووی: ((مەگەر دەچێت بۆ حەج؟ سەد جار گوتم ئەم کچە بەتەنیا مەنێرن بۆ هەندەران. کێ بە قسەی کردین)).
تەواوی پوورەکان لەوێ بوون. پاشان هەموویان چوونە ناو ماشێنەکانیانەوە. دراوسێکان ڕژابوونە دەرەوە. کۆڵانە تەنگەبەرەکەی ئێمە ببوە هەڵڵا. کاتێک ماشێنەکەی ئێمە وەڕێ کەوت، لە بیرتە؟ ئێمە لەناو ماشێنەکەی مامە جەعفەردا بووین. کاتێک ئێمە وەڕێ کەوتین، ئەوانی تریش بە شوێنماندا ڕیزیان بەست. دایە سەری بە شوشەی دواوەی ماشێنەکەوە نابوو و لە ژێر چاوانەوە لە تۆی دەڕوانی. تۆ دەتزانی کە خەریکە سەیرت دەکات، ئەوکات بە پێکەنینەوە هەروا قسەت دەکرد. بە منت گوت کە نەهێڵم دایە وەڕەزی بکات. من گوتم: بە فکری خۆتەوە بە)).
دایە ئێستاکە مات و بێدەنگ دانیشتبوو. ئاخر ماندوو ببوو. کاتێک لە ژێر ئاوێنەو قورئانەکەوە تێپەڕی کردی، بە ناڵە و پێکەنین و گریانەوە گوتی: ((ئێستا من بەتەنیا چی بکەم؟ تەنیا کچەکەم...)).
پووره چکۆل، زوهره، دەیگوت: ((ئێ، تۆش! مەگەر دەیبەن سیرمەکێشی بکەن؟)).
هەموو پوورەکان دەوری دایەیان گرت: ((ئێستا لە بەر چاوی فریشتەدا؟! بەزەییەکت بەو کچەدا نایە؟)).
((مەهێڵە خەفەت بخوات)).
((بڕوانە خوشکێ، منداڵەکانی ئێمەش کە گەورە بوون دەبێت بڕۆن)).

دانەیەک لە پوورەکان دەستی بە سەرمدا هێنا: ((تۆ کەی دەڕۆی سەعید گیان؟)).
گوتم: ((هەر کاتێک فریشتە گەڕایەوە)).
((بۆ ئەوەی وەڕەز نەبیت ها!)).
((نا)).
دایەگەورە بە دایەی گوت: ((تۆ بۆچی ئاوایت؟!)).
دایە خۆی کۆکردەوە تاکو بتوانێ لە پێش چاوی تۆ شادمان خۆ بنوێنێ. ئاخر تۆ نازانی کە جیابوونەوە لە خوشکێک یان کچێکی باش چەندە ناخۆشە. هەر دەڵێی ئینسان لەت لەت دەکەن و دیسان پێکیەوە دەنێنەوە.
دایە بە ئەوانی گوت: ((ئاخر دەزانن کە ئەم کچە فەرقی هەیە لەگەڵ کچەکانی تر... هەر بەڕاست فریشتەیەکە)).
ئابەمشێوەیە ڕۆیشتی، لەناو ئەو هەموو حەز و تاسە و ئومێد و خەم و گریان و پێکەنین و هەرا و هوریایەدا. فڕۆکەکە لە زەوی جیا بۆوە. ژنەکان لە ژێر چارشێوەوە، هۆڕەهۆڕ لە بانگی گریانیان دا و کوڕوکاڵیش کردیانە چەپڵەڕێزان. چەپڵەیان لێدا و کردیانە خۆشی. گچکەکان نەیاندەزانی چی بکەن، چەپڵە لێدەن یاخود بگرین، تێمانەوە و لە فڕۆکەکەیان ڕوانی، سەرنجیشیان بەو ماشێنە بچوکانەی فڕۆکەخانەکەوە بوو کە لە ژێر فڕۆکەکانەوە وەکو مشک ڕایاندەکرد بۆ ئەملاو ئەولا. منیش لە فڕۆکەکە ورد بوومەوە کە هەرسات لە ئاسماندا بچوکتر دەبۆوە.
لەو ڕۆژەوە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا تۆ هەر هەفتەیەک نامەت دەنووسی و لەگەڵ وێنەدا دەتنارد.
دایە دەیگوت: ((شوکر بۆ خودا ئەخلاقی نەگۆڕاوە. سەعید بڕوانە، ئێستاش لەچک بەسەر و بێ ئارایش و سادەیە. بێگومان خۆشی لەو

جرتەوفرتانە نەهاتوە)).
ئاماژەی بە وێنەکان دەکرد کە جاری وابوو قەشەکان و پیاوە ئاینییەکان و جاری واش هەبوو کچانی نیوەڕووت و، هەرزەکارەکان لە پشت سەرتەوە دەهاتن و دەچوون. چەند دانە مانکەن لەودیو شوشەی دوکانێکەوە خۆنوێنیان دەکرد.
ساڵ و نیوێک بەمجۆرە تێپەڕ بوو. بێ ئەوەی کە تۆ بێیتەوە بۆ ئێران یان ئێمە بتوانین سەرێکت پێ بسپێرین. پاشان نووسیت کە نەخۆش کەوتوویت و بڕیار وایە نەشتەرگەریت بکەن. ئێمە چوزانین. دکتۆرەکان پێیان گوتبووی پێویست ناکات بگەڕێیتەوە بۆ ئێران، خۆیان چارەسەرت دەکەن. ئاخرین وێنەت کە نارد لەسەر تەختی نەخۆشخانە، بە جلی سپی و ڕەنگی بزڕکاوەوە، کز و لاواز، وەکو کچەتیوێکی برسیەتی چێشتوو. سەیری دووربینەکەت کردبوو تاکو قەت نەتوانین فەرامۆشی بکەین. دایە هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە سەرێکت پێ بسپێرین، بەڵام نەدەکرا. نە پارەمان بە دەستەوە بوو و نە دایەش توانای سواربوونی فڕۆکەی هەبوو. پاشان هاوڕێکانت لە ئیتالیاوە تەلەفۆنیان کرد و بێ گرێ و گۆڵ گوتیان کە فریشتە مردووە. گوتیان کە خۆیان لە خەمی ئێمەدا بە بەشدار دەزانن. وەک شتێک هەر کارێکیان لە دەست هاتووە، کردوویانە. بەڵام فریشتەی ئازیزم، شوورەی نەخۆشی بۆ پزیشکانی دنیا گەلێک بەرزە. لە ڕاستەوە گوتیان کە فریشتە مردووە. ئیتر ئێمە وشک بووین، لەپێ کەوتین. دایە قژەکانی خۆی دەڕنییەوە، لاچاوەکانی دەڕنی و هەروا کە دانیشتبوو سەری خۆی لە دیوارەکە دەسرەواند. ژنەکان لەناو ژوورەکەی دایەدا دەگریان و پیاوەکانیش لە شوێنێکی تر. دیوارەکانی ماڵەکە ماتەم دایگرتبوون. خۆرەتاو بە کەساسییەوە دەیڕوانی. من وام هەست دەکرد کە درەختەکان خۆیان

بە شەرمەزار دەزانن لەوەی کە ناتوانن بگرین. لە بیرتە؟ لێم ڕوونە کە لە بیرتە. هەر دوو دارەکە، هەم هەرمێکە و هەم دارلاولاوەکە پێکەوە ناشتمانن. ئەو ڕۆژە تۆ شازدە ساڵان بوویت و منیش یازدە ساڵ تەمەنم بوو. چووبووین بۆ پارک. گوڵفرۆشە تووڕەو تۆسنەکە لە بەردەمی پارکدا گوڵەکانی ئاو دەدا. تۆ دەتویست گوڵەباخ بکڕیت و منیش گوڵی یاسم دەویست. بەڵام دایە گوتی: ((دارهەرمێیەکی بچوک بکڕن کە ساڵی شەش هەرمێ بگرێت. سێ دانەیان کرم بیخوات، سێ دانەشیان ئێمە بیخۆین)).

پاشان دارێکی هەرمێ و نەمامێکی دارلاولاومان کڕی. هەمیشە بێ ئەندازە ئاومان دەدان، تەنانەت ڕۆژانی بارانیش ئاومان دەدان. دایە کوفری ببوو دەیگوت: ((خۆشتان بیخۆنەوە ناتەقن؟)).

ئێستاکە من دەمەوێت لە بیست و چوارەمین ساڵی ژیانی تۆ جێژن بگرم، بەم هەموو دڵتەنگی و دەردەدڵەوە. هەمووی ئەم شتانەش دەنووسم و دەیخەمە ناو کتێبخانەکەتەوە. دەزانم کە ڕۆژێک دێیت و دەیانخوێنیتەوە. ئەمڕۆکە بیستی مانگی خەزەڵوەرە، باران لە بەیانییەوە دایکردووە و دارەکانی ئێمەی بەر قامچی داوە. دایە لە دوای ئەو شین و گریانانە دوچاری خەمۆکی و بێ دەنگییەک بووە کە ئەم ڕۆژانە جارناجارێک دێتە گیانی، مات و خوێن تاڵ، بە ڕەنگێکی پەڕیو و چاوانێکی چاوەڕوانەوە، ورد دەبێتەوە لەو دوورەدەستانە، شایەد بۆ سەیری ئەو چاوە ڕەش و میهرەبانانەی تۆ. ئاخر دەزانی، مردنی تۆ ژیانی ئێمەی تاڵ کرد، بەڵام نەهامەتی لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە تەرمەکەتیان هێنایەوە بۆ ئێران. تەواوی بەدبەختییەکان بۆ دایە بوون. خاڵە گەورە و دارودەستەکەی شتی وایان بە دایە دەگوت کە بۆ هەمیشە ورەی بەردا.

کە دەیانویست تەرمەکە بهێننەوە، تەواوی خزم و کەس کۆببوونەوە لە

هۆڵی فرۆکەخانەدا. مامەکان و پوورەکان و خاڵەکان، هەموو لەوێ بوون. خاڵە گەورەش لەوێ بوو. نێوچاوانی تێک نابوو و ڕاوەستابوو: ((تەواوی ئەم نەهامەتیانە لە ژێر سەری ئەم ژنانەدایە، ئەستەغفیرەڵڵا)).
هەموو ڕاوەستابوون. تەنانەت یەکێک نەبوو توانای دانیشتنی بێت. چاوەڕوانییە ئیتر، نەفرەتی، وەک بێ خەوی، پێت خۆشە دابنیشی، ماندووی بەڵام ناتوانیت. پێت خۆشە پەیتاپەیتا ئاو بخۆیتەوە، بەڵام جێگەت نییە. پێت خۆشە ڕابوەستێ، بەڵام مەگەر دەکرێ هەمووی هەر بوەستی. ئەگەریش بتەوێ ڕاوێچکە بکەیت، ڕوو بکەیتە کوێ؟
هەموو ڕاوەستابوون. دایە ڕەنگ پەڕیو و بێ واز، لە دوای ئەو هەموو گریان و بوورانەوە، ئێستا لەو شوێنانە ڕامابوو، لەودیو شوشە بەرزەکانی فرۆکەخانەوە، لە ژوور ئەو بەرزاییە ڕەنگ زێوینانە، شوێنی وێک کەوتنەوەی زەوی و ئاسمان، تۆ بێگومان لەوێ بوویت و لەوێوە دەهات. کاتێکیش ڕۆیشتی هەر لەناو ئەو شوێنانەدا ون بوویت. دایە هەر تەنیا سەیری ئاسۆی دەکرد. دەتگوت هەر لەناو فرۆکەخانەدا بوو و نەبوو، نەشدەگریا، شایەدیش پێدەکەنی. تۆ بە دوو چاوی ڕەش و پڕشنگدارەوە، بە قژی فۆگلەدار و بزەیەک کە چاڵایی دەخستە سەر گۆناکانت، دەهاتی، بە جووتێک پرچی شۆڕەوەبوو بەملاولادا. ئیتر باسی چی دیکە بکەم؟
ئەوجار فرۆکەکە نیشتە زەوی. چەند سات دواتر موسافیرەکان دەم بە بزە و کەیف خۆش هاتنە ناو هۆڵەکەوە و ئاوێزانی هەلهەلە و شادمانی بوون لە ناوخۆی وڵاتدا. دایە ئەوجار ئیتر ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو. بە سەبرەوە ڕاوێچکەی دەکرد. پاشان کاریگەرەکانی فرۆکەخانە سندووقێکی چێوینی گەورە و جوانی ڕەنگ ئاڵوباڵوی لووس و پووس و نەخشێندراو بە خاچیان لەسەر عارەبانە دەستییەکەوە نایە ناو دواوەی ئامبوڵانسەکە. نەهامەتی ئالێرەوە

دەستی پێکرد.
خاڵە گەورە بە توورەییەوە گوتی: ((ئەمەیە؟)).
هیچ کەس وەڵامێکی نەدەدایەوە و هیچ کەسیش نەیدەزانی کە تۆ بۆچی لەناو تابووتی دارین و خاچداردا ڕاکشاوی. دایە سەری لێ شێوابوو، گوتی: ((ئێستاکە چی بکەین؟)).
گوتم: ((بۆچی؟)).
دایە سەیری کردم: ((هیچ دایکە گیان)).
تەنیا خاڵە گەورە نەدەگریا، وەک وشتری توورە کەفی دەچاند، دەیگوت: ((ئەمەش لە کاری تۆ، خوشکێ! ئێمەت هێناوە لەبەر چاوی ئەم خەڵکە بێ ئابڕوومان بکەیت؟)).
دایە سەری بەرخۆی نا و وەڵامێکی نەدایەوە.
خاڵە گەورە بە جۆرێک کە هەموو گوێیان لێبێت گوتی: (( هێندەم گوت مەینێرن، بە بەچکەموسڵمانی ناردتان، بە کافری هێناتانەوە!))
پاشان سەری هێنایە پێشەوە: ((دەزانم لێم دەڕەنجێی خوشکێ، بەڵام داری خودا دەنگی نییە. ئاخر کاکە گیان، خودا قەهر دەیگرێ. کچ وەک چەپکەگوڵ کارێکی سەیرە ها! ناردت بۆ ناو ئەو کوفرستانە)).
دایە نەیدەزانی چی بڵێت. خاڵە گەورە بواری قسەکردنی بە کەس نەدەداو هەروا دەیپرست. دەیگوت کە تۆ فەرهەنگی خۆتت لە دەست داوە بەڵام هەر تەنیا لەچک و گۆرەوی و تابووتی کرێ گرتە نەبوو، زۆر شت بوو، چوار هەزار ساڵ بوو، ئیتر کاتێک کە چەمەدانەکانتمان کردەوە تازە بۆمان دەرکەوت کە لەناو قەرەباڵغی ئیتالیادا نوقم نەبوویت. وەک کاتێک کە بەڕێمان دەکردی، هێنامانیەوە. دایە دیسان دەستی کردەوە بە گریان. ڕاواندی و لەخۆیەوە گلا.

دەیگوت: ((پوورەخان، یانی ئێوە بڕواتان وایە فریشتە بۆتە ئەرمەنی؟)).
((نا مەنیژە گیان، سەبرت بێت با بگەینێ)).
تەرمەکەیان بە بێدەنگی لەناو هۆڵەکە دانا، بەرامبەر بە دەلاقەی کولێرەکە. خاڵە گەورە کە بڵێین گەورەی ناو خزمەکانیشمانە، بیسمیللای کرد و چێوبەستەکانی سندووقەکەی ترازاند و سەرەکەی بە هێواشی لابرد. ئێستاکە دەبوایە دایە لە پەنای تابووتەکەوە دابنیشێ و دەست بە تۆدا بێنێت، ماچت، بکات، بگریایە، هەر کارێک کە بیویستبایە.
لەناکاو سرتەسرتێکی هێواش، وەک بڵێسەی ئاگر هەموو ژوورەکانی داگرت و، هەموو کەسیشی تێوە دەپێچا. تۆ لە ناوەڕاستی تابووتەکەدا ڕاکشابووی. با کایەی بە قژەکانت، بە فۆگلەکانت دەکرد. کۆمەڵێک قژی بریقەدار لە دەوری سەرت خۆنوێنیان دەکردو، لە دەوامەشیاندا دوو دەستی ڕاکشاو، دوو چاوی لێکنراو، دەمی سارد و بە بزەو، جلی مەخمەڵی ئاوی ڕەنگ. گۆناکان سوور و سپی بوون، نینۆکەکان لاک لێدراو، لەگەڵ تاجەگوڵینەیەک، بووک. نەمردبوویت، خەریکی پێکەنین بوویت. بێدەنگی و سەرسوڕمانی دایە لە ڕوخسارتدا شەپۆلی دەدا. هەمیشە لام وایە دایە شتێکی لەناو خۆیدا هەیە کە هی دیکە نیانە؛ من پێم وایە شکۆ و گەورەیی بێت. تۆش هەر دروست وەک دایە، بەڵام شتێکیشت لە بابە بە میرات پێ گەیشتبوو: شێرپەنجەی خوێن.
ئێستاکە توێژێکی ناسکی تۆزی گەچ بەسەر ڕوخسارتەوە نیشتبوو و ڕواڵەتتی ڕۆشنتر کردبۆوە و چاوەڕەشەکانت و برژانگە درێژەکانتی زەقتر دەهێنایە بەرچاو و لێوە کپەکانیشت سوورتریان دەنواند. هیچ کاتێک تۆم ئا بەم شێوە ڕازاوە نەدیتبوو. هەروەک کە جارانیش

بوویت، زیاتر بە دڵمەوە دەنیشتی.
دایە نالاَندی: ((فریشتە گیان)).
تەنیا ڕۆژانی پشوودان دەمتوانی بە خەوتوویی بتبینم و سەر بهاوێژمە سەرت. پەتوەکەت لە خۆوە دەپێچا و دەم و چاوت تا بن لووتت دەبردە ژێر پەتوەکەوە، تەنیا چاوەکانت بەدەرەوە دەبوون.
دوو دڵۆپە ئاویش بەس بوو بۆ ئەوەی کە سەر چاوەکانت تەڕ بکات و خەوەکەت لی بشێوێنێت. تا ئەو شوێنەی کە لە بیرمە تۆ بەمشێوەیە دەخەوتی، نەک بە ڕازاوەیی و بە تۆڕ و لاک و سووراو و سپیاوەوە.
پووریّ چەمەدانەکانی کردەوە. هەر سیّ چەمەدانەکەی کردەوە. جلەکان تەواویان لەوێدا بوون، کۆن و نویّ، تەنانەت ئەوانەش کە کاتی ڕۆیشتن لەبەرتدا بوون. لەچکەکان، کراسە گوڵدۆزی کراوەکان، چارشێوی نوێژ، هەموویان شۆردراو و قەدکراو و لە نایلۆنەوە پێچراو. پاشان کتێبەکانتیان ژێر و ڕوو کرد. حافز و قورئان و شانامە و خەیام و قاپی وێنە و ئەمجۆرە شتانە. هەموو شتەکانیان ناردبوونەوە.
خاڵە گەورە قورئانەکەی هەڵگرت: ((بڕوانە، ئەم کتێبەی لێک نەکردۆتەوە، لەویّ ئینجیل دەخوێننەوە)).
دایە بە گریانەوە سەیری کردی: ((وایە کچەکەم؟)).
چەند دەفرێکی هەڵوا و خورمایان لە ناوەڕاستی ژوورەکاندا دانابوو بۆئەوەی کە کەس لە بیری نەچێتەوە کە تۆ مردوویت. دانەیەک لە پوورەکان دەستی بە سەری مندا هێنا کە بە تەنیا مابوومەوە.
خاڵە گەورە گوتی: ((دەی، بیبەنە گۆڕستانی ئەرمەنییەکان)).
پاشان ئەحمەد ئاغا، مێردی پوورە چکۆل، مەبەستم مێردی زوهرەیە، کە تازە گەیشتبووە جیّ، بەسەر خاڵە گەورەدا نەڕاندی و گوتی:

((لێی ببڕنەوە ئیتر، شەرم بتانگرێ! ئەمانە داب و نەریتیانە، مردوو بە دابی خۆیان دەڕازێننەوە، بە فەرمانی قەشە خاچێک و کتێبێکی ئینجیل لەسەر سینگی مردوو دادەنێن)).
گریان ئامانی لە هەموان بڕیبوو.
دانەیەک لە هاوسێکان گوتی: ((پەنا بۆ خودا! دەیکەن بە بووک و دەینێرنەوە)).
پاشان دایە دیسان سەری تابووتەکەی لابردەوە. ئینجیل و خاچەکەی لەسەر سینگت لابرد، نینۆک گیرێکی هێنا و نینۆکەکانتی کرد. دەزانی دایە چی کێشا؟ قەت لەبەر چاوی خاڵەکان نەدەگریا نەوەک سەرکۆنەی بکەن. پاشان کە ئەحمەدئاغا گوتی دابی هەندەرانییەکان بەمجۆرەیە، وەک شێتان لە پەنای تابووتەکەوە دانیشت و لە بانگی گریانی دا. نینۆکەکانی دەکرد و دەلالاوە:
((سەرەتا ئەم قامکە گەورە، جاری یەکەم نا، زۆریش درێژ نییە دایکە. جاری دووهەمیش هیچ مەڵێ، چەندە کز و لاوازی! پێبکەنە، سەبرکە، جارێ دەستت ڕامەکێشە. جاری سێهەم بڵێ، خۆت مەگرە. ئاخر ئینسان دڵی تەنگ دەبێ، بەری دەستت ببینم... دەفر و جلەکانت کێ دەیشتن؟ دەی ئێستا... ئێستا... ئێستا ئەو دەستەت، ئاخر ئینسان دڵی تەنگ دەبێ، سەرەتا قامکی گەورە، دیسان لە بیرت چوو؟ ئای کچەکەم، زۆر لاواز بوویت دایکە، سەبر کە. ئێستاکە ئەڵکۆڵ و لۆکە دێنم. ئەڵکۆڵم بدەنێ. لاکەکانت پاک دەکەمەوە. تۆ کە حەزت لە لاک نەدەکرد... بەڵام دەستەکانت جوان بوون، سوور لەگەڵ ڕەنگی پێستت دێتەوە، نا، نا، ئێستاکە ئەم دەستەتم بدەرێ. نا، چ قامکێکی خشپیلە... با ماچیان بکەم. ئاخ خودایە، سەبر کە... ئێستا... ئێستا... دایکە...)).
ئارایشی دەم و چاوتیان پاک کردەوە، تاجەگوڵینە سپیەکەیان لە

سەرت کردەوە، جلە مەخمەڵییەکانیان لەبەرت داکەند و سەری تابووتەکەیان نایەوە تاکو ئیتر کەس تۆ نەبینێت. خاڵە گەورە پارچەیەک کەتانی بۆ هێنای. پاشان بە ئامبولانسێکی ڕەش بردیانی بۆ بەهەشتی زەهرا*.

دایە دەیگوت: ((زگیان هەڵدڕیبوو و سینگیشیان شەقار کردبوو)).

لەشی سارد و سەهۆڵ بەستووتیان غوسڵ کرد، سیدر و کافووریان لێدا، مۆرەیان لەسەر چاوەکانت دانان. ئیتر تۆیان لە کفنەوە پێچا. نوێژیان کرد. پاشان ئیتر تۆیان لە گۆڕ نا.

ئاخرین جار کە تۆم دیت، بە ڕەنگێکی بزرکاوەوە، بێ ئەوەی کە خوێنێکت لە لەشدا بێت، لەسەر تابووتە مشەماییەکەی بەهەشتی زەهرا ڕاکشابووی. ژێر چاوەکانت شین ببوونەوە و ئەوەندە کز و لاواز دەهاتیتە بەرچاو کە نەدەناسرایەوە. ئێمە، من و دایە، هەموو هەفتەیەک ڕۆژی هەینی دەهاتین بۆ بەهەشتی زەهرا. ئێستاکەش دێین، چەند چڵ گوڵ لەسەر گۆڕەکەت دادەنێین، گۆڕەکە بە گوڵاو دەشۆینەوە، دایە قورئان دەخوێنێتەوە و ئیتر هەردوکمان بۆ میهرەبانی و خنجیلانەییت دەست دەکەین بە گریان. شایەدیش بۆ تەنیایی خۆمان.

* گۆڕستانێکی گەورەی تاران- وەرگێڕ.

# نوێژخانەی بچووکی من

هۆشەنگ گوڵشیری

هەر بیرم لێ نەدەکردەوە، کە بچووک بووم. دەمزانی کە بەوێوەیە. بەڵام گرینگ نەبوو، چونکە ڕێگر نەبوو. گۆرەویەکەم کە دادەکەند، هەر دەبوایە قاچی چەپم کەمێک لار بکەمەوە، وەکو ئێستا، تاکو بمدیبایە کە ئێستاش هەر بەوێوەیە. ناکرێت بڵێی شەش قامکیم. تەنیا کوتەگۆشتێکی سووری بێ نینۆکە، ئەویش بە پەنای قامکەچکۆلەی قاچی چەپمەوە. هەر ئەوە. ئاخر، لەوەو پێشیش هەر بەوێوە بوو، هەمیشە. دایکم دەیگوت: گۆرەویەکەت دامەکەنە، قەت دایمەکەنە.

لە پێش چاوی غەریبەکانی دەگوت. کە بۆ منیش جگە لە خۆی و شایەدیش باوکە هەموو غەریبە بوون. کە دەچووینە حەمام، لەگەڵ باوکم، نەدەچووینە گشتییەوە. دایە نەیدەهێشت. لەناو ئەم گەڕەکەدا ئیتر کەسێک نەیدەزانی، شایەد لەبەر ئەمەش دەیگوت: نەچی لەگەڵ منداڵەکاندا بڕۆی بۆ مەلە.

ئێستاش نازانم لە ترسی گێژاوە گەورە و بچووکەکانی چۆمەکە

بوو یان لەبەر قاچم، ئەگەر بکرێت ناوی قامکی لەسەر دابنێیت. دەچووم، بەڵام بە نیوەجلکی خۆم دەهاویشتە ناو ئاوەکە. کاتێکیش کە ئیتر ناچار دەبووم بێمە سەرەوە دەکرا لم و زیخەکە بڕێک چاڵ بکەم تاکو ئیتر بەدەرەوە نەبێت. تازە کەسێک کە نەزانێت بەوێوەیە نایبینێت، ڕەنگە هێندە بچوک بێت وەبەر چاوی نەیەت. هەر لەبەر ئەمە دایە گوتی: حەتمەن دەبێ لەم گەڕەکە بڕۆین.

ئێمەش هاتین بۆ ئێرە. منداڵەکان نەیاندەزانی. ئاخر ئەگەر بیانزانیبایە، بۆ وێنە هەر یەکێکیان بیدیتبایە، وەک ئەو گەڕەکە، دەهاتنە بەر دەرگای ماڵ و دەیانقیژاند: حەسەن شەش قامک!

لێرە هیچ کات کەسێک ئاوەهای پێ نەگوتووم. ئەوەی ڕاستی بێت خەتای خۆم بوو. ئەم جارەی دواییان ناڵێم. ئەوەندە لاواز و بچوک بوو یان نازانم فۆگلەیەکی قژە ڕەشەکانی کەوتبووە سەر ناوچاوانە تەختەکەی، یان چونکە چاوەکانی ئەوەندە ڕۆشن بوون، بە غەریبەم نەزانی. غەریبەکانێ بۆ منێ هەمیشە کەسانێک بوون کە سەری من تەنیا دەگەیشتە ناوقەدیان، یان لەناو لەپی دەستیاندا جێی دەبۆوە، پاشانیش ئەگەر بیانویستبایە دەیانتوانی بە قامکی شایەتمانیان کایە بە قژەکانی سەر ناوچاوانم بکەن. یانیش بێ ئەوەی کە سەرم بەرز بکەمەوە دەمتوانی چاوم بە چاوانیان بکەوێت. سەرگۆناکانیان حەتمەن یا خۆڵاوی بوون، یان خوێن تێزاو، نەک ئەوەندەش ڕەنگپەڕیو و بەو چاڵە چکۆلەی خوار گۆناکانەوە کە تازە دارەکەی ژێر باخەڵی بە سەکۆی ماڵەکەیانەوە هەڵپەساردبێ. لەسەر سەکۆی بەر دەرگای ماڵەکەم هەر تەنیا لە سووچێکیدا دانیشتبوو. گوتم: قاچت چی لێهاتووە؟

گوتی: مەگەر نایبینی؟

ئیتر سەیری ئەولای کرد. شتێکی لێ دیار نەبوو. هەر دەوامەی

کۆڵانەکە دیار بوو. سێبەری دیوارەکە تا ناوەڕاستی کۆڵانەکەی کەمێک تاریک دەکردەوە.
گوتم: لە گەچیان گرتووە؟
بەدەرەوە نەبوو. وابزانم قولاپەی قاچی شکابوو. تەنیا سەری لەقاند. هەر سەیری ئەوێی دەکرد، بنەبانی کۆڵانەکەی مەبەستە. بنەبانی کۆڵانەکە کەسی لێ دیار نەبوو. ئەگەر تەنانەت دارێک، سەگێکی لێ بوایە حەتمەن وەشوێن سێبەرەکە دەکەوتم و دەڕۆیشتم. گوتی: نا، جاری دووهەمە کە لە گەچی دەگرن.
قولاپەی قاچی چەپی باریک بوو، ئەوەندە سپی و باریک کە دەتگوت قامیشە یاخود دوانەی بچوکتری قولاپەی قاچی ڕاستی، وەک دوانەی بچوکتری قامکەچکۆلەی خۆم. گوتم: دەتەوێت شتێکت پێشان بدەم؟
سەیری نەکرد. هەر تەنیا گوتی: چی؟
گوتم: قاچی خۆم؟
سەیری کرد. گوتی: چی لێهاتووە؟
گوتم: نازانم. دەبێ بیبینی.
خەریک بووم قەیتانی پێڵاوەکەمم دەکردەوە. گوتی: شکاوە؟
گوتم: نا. بەڵام بەڵێن بدە کە بە کەس نەڵێیت.
هیچی نەگوت. هەر تەنیا سەیری کرد، وابزانم سەیری گۆرەوی قاچی چەپم کە خەریک بووم دامدەکەند. بە بیرمدا هات کە نەدەبوایە بەڵێنی لێ بستێنم. نایڵێت، بێگومان. لێوەکانی بچوک بوون و سوور. گوتی: شتێکی ئەوتۆ نییە.
گوتم: سەیرکە من...
ئەمجار پێشانم دا. دوو قامکم خستە ژێریەوە و بەرزم کردەوە. کوتەگۆشتێکی سووری بێ نینۆک بوو. چکۆلەتر لە تەواوی

قامکەچکۆلەکانی دنیا، وەکو هەندێک پەتاتە یان خەیاری شەنگۆڵ. بینیوتانە کە؟ جاری وایە پەتاتەیەک یان خەیارێکی بچوک بە تەنیشتیانەوەیە. بەڵام بەم جاوازییەوە کە ئەو خەیارە یان پەتایەیەش هەر پەتاتەیە یان خەیار. تەنانەت هەندێک خەیاری بچوک گوڵێکی بچوکی سپییان بە سەرەوەیە. بەڵام هی من هەر کوتەگۆشتێک بوو، بێ نینۆک. هەر لەبەر ئەمەش پێم وابوو نابێت ناوم لێ بنێن: حەسەن شەش قامک.

لە چاوەکانی ئەو کوڕۆکەوە بۆم دەرکەوت کە بەوێوەیە، یان لەوەوە کە دواتر هەموو ئەوەندە گوتیانەوە. شەو کە ویستم بخەوم گۆرەویەکەم داکەند و سەیرم کرد، هەر بەو شێوە کە کوڕۆکەکە سەیری دەکرد. تەنانەت ویستم وەک ئەو بزەیەکی لالووتیم بێتێ. ئێستاش هەر ئەم کارە دەکەم ئێستا کە سی و پێنج ساڵ تەمەنمە. دەست دەخەمە ژێری و پێشانی خۆمی دەدەم، بەڵام ئیتر بە لاقرتێوە بزەم نایەتێ. گوتم کە وەک کوتەگۆشتێک سوورە.

پێتان وایە ئەمەم بە زەیندا نەهاتووە- تەنانەت بۆ جارێکیش- بەشێوەیەک کۆتایی پێ بێنم؟

بەڵام ئێستا هەر کاتێک دێتەوە یادم هەر بەڕاست دەستی ڕاستم دەکەوێتە لەرزین. هەر لەو گەڕەکەدا بوو. ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەر دایکم بەسەردا نەهاتبایە حەتمەن بڕیبووم. کاردی چێشتخانەکەی کە بە دەستمەوە بینی گوتی:

- دەتەوێ چ بکەیت؟

گوتم: هیچ.

گوتی: ڕاستییەکەی بڵێ، دەتویست چ بکەیت؟

گۆرەویەکەم لەپێدا بوو. بەڵام تێگەیشت. ڕەنگە لە چاوانمەوە، هەرووەک چۆن من لە چاوەکانی کوڕۆکەکەوە تێگەیشتم کە غەریبەیە،

وەک تەواوی خەڵکانی دنیا وایە. هەر لەبەر ئەمەش هاتینە ئەم گەڕەکە. بابە گوتی: هەموو هەیانە، سەیری هەر کەسێک بکەیت شتێکی هەیە، کەم یان زیادی.
باوکم نەیبوو. کاتێک کەفی سابوون سەروچاوی دادەپۆشی و ئیتر ناچار دەبوو چاوەکانی لێک بنێت دادەهاتمەوە و سەیرم دەکرد. دایکیشم وابزانم نەیبوو. زۆری تریش نەیانبوو. بەڵام باوکم دڵنیا بوو، وەک ئەوەی کە دەتگوت هی هەموانی دیوە. شایەدیش لەبەر من وای دەگوت. بەڵام ئەمە شکی تێدا نەبوو کە من هەمبوو، شتێک کە کەس نەیدەدیت، تەنانەت ئەگەر گۆرەویشم لەپێدا نەبوایە. کاتێک باسی ئێستاکە ناکەم لەگەڵ کەسێکدا قسەم دەکرد هەموو هەر بیرم لەوە دەکردەوە بڵێم، لەپڕتاو لە نێوەڕاستی قسەکانیدا بڵێم: سەیرکە من شەش قامکم هەیە، شەشەمینیان قامک نییە. پەلە مەکە تا نیشانت بدەم.
ئێستا ئیتر فەرق دەکات. ئێستاکە بۆ من شتێکی تایبەتییە، شتێک کە تەنیا خۆم دەیزانم. دایە و بابە مردن دە دوازدە ساڵ پێش. منداڵەکانی ئەو گەڕەکەش حەتمەن لە بیریان چۆتەوە، شایەدیش هەر لە بیریان چووبمەوە. تەنیا خۆم دەزانم کە هەیە، شتێک هەیە کە من لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە. دادەنیشم لە بەرامبەر ئاوێنەدا، ئاوێنەیەکیش لەلای چەپی قاچی چەپمەوە دادەنێم، پاشان بە دوو قامک هێواش بەرزی دەکەمەوە، جۆرێک کە بتوانم ژێرەکەی و تەنانەت خەتی نێوان کوتەگۆشتە سوورە قامکۆڵەکە و قاچم ببینم. پاشان کە ئاوەکە کوڵ هات دەیکەمە ناو تەشتەکەوە. نەک ئەوەی کە قاچم بۆنی لێبێت، نا قاچەکانم دەخەمە ناو ئاوەکەوە. سەرەتا ڕادەوەستم تاکو گەرمایی ئاوەکە پێستی هەر دوو قاچم سوور هەڵگەڕێنێ. پاشان دەست دەکەم بە هەڵگلۆفینی قامکەکانم. لە

قامكە گەورەكانەوە دەست پێدەكەم، با بڵێین لە قامكە گەورەی قاچی ڕاستمەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی ئیشەكەدا، هەمیشەش هەر وای لێدێت، نەگەیشتوومە قاچی چەپ وەڕەز دەبم و ڕاستەوخۆ دەچمە گیانی. لەسەرخۆ هەڵیدەگلۆفم و تەنیا ئەویان بە سابوون دەشۆم. كە قاچەكانم وشك كردەوە دیسان لەناو ئاوێنەكەدا سەیری دەكەم، لەناو هەر دوو ئاوێنەكەدا. بەوێوەیە، هەمیشە بەوێوەیە.

من كەسێكی گێژ نیم. قەت نەبووە كە چەترەكەمم ون كردبێت، یان تەنانەت قەڵەمی گیرفانم. هەندێك بەمجۆرەن، بۆ وێنە نیگەرانن نەكا كڵاوەكەیان بە سەریانەوە نەبێت، نەیان هێنابێت، یان لەناو تاكسیدا لە شوێنێك جێیان هێشتبێت. بەڵام هەمیشە نیگەرانم، هەمیشە نیگەران بووم. بووە كە لە خەو هەستم و وام بە زەیندا هاتبێت كە شتێكم ون كردووە، یان لە نیوەی شەودا لە خەو ڕاپەڕم و لام وابێت كە بەوێوە نەماوە، شتێك كە هەر سەرەتا تێناگەم چییە. بەڵام هەر ئەوەندە بەسە كە بێ ئەوەی چرایەك هەڵكەم دەستم بەرم و بزانم كە بەوێوە ماوە، هەروا بچوك و شایەدیش هەروا سوور و بێ نینۆك. ئێستا ئەگەر كوورەكەش خامۆش بێت، یان دایە بەو ڕوخسارە لاوازەوە و بەو چاوە هەمیشە گریان تێزاوانەیەوە مردبێت، با مردبێت. پاشان دەڵێی هیچ كەسێك لە م دنیایەدا تەنیا نییە، ئەوەندە تەنیا كە ژوورەكە بچوك بێتەوە و پەنجەرەكەش داخرابێت بە پەردە دادراوەكانییەوە، كە تازە ئەگەر پەردەكانیش لادەیت و پەنجەرەكە بكەیتەوە ئاسمان تەواو هەوروهەڵا بێت و تەواوی چراكانی هەموو ماڵەكانی دنیا خامۆش بن.

ئەرێ، ئەم شتانەن و ئیتر ئەوە كە... نازانم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لام وایە كە كەسێكی واسواسی بم. واتە جاری وایە شادم، لەگەڵ هەمواندا گاڵتە دەكەم، ئارەق دەخۆمەوە، دێم و دەچم،

بەڵام لەناکاو- نەک ئەوەی کە بکەومەوە یادی ئەوە- لە گۆشەیەکدا دادەنیشم، یان دێمەوە بۆ ماڵ، بۆ ناو ژوورەکەم، پاشکۆڵی دەرگای ژوورەکەشم دەبەستم و ڕۆدەنیشمە ناو تەختەکەم و سەیری ئەوە دەکەم، ئەوەندە کە چاوم لە ڕەشەوە دێن، یان فرمێسکیان تێ دەزێت جۆرێک کە لام وایە بەوێوە نەماوە، ئەو کوتەگۆشتە چکۆلەی من ئەوەندە چکۆلە بۆتەوە کە تەواو لەنێو چووە، وەک قامکەچکۆلەی قاچی هەموو زەلامەکان. بەهۆی تەنگەبەری کەوشەکان، یان هاوشێوەی ئەوانی تر نییە، بەو لمبۆزە باریکانەیانەوە کە دەڵێی تەنیا جێی چوار قامکە و نەک پێنج دانە. شایەدیش ببێ. هەر لەبەر ئەمەش پێم وایە حەتمەن ڕۆژێک لێم هەڵدەوەرێت؟ مەگەر وانییە کە قامکەچکۆلەی قاچی هەموان هەر دێت و چکۆلە دەبێتەوە ئەوەندە کە ئیتر دوور نییە ڕۆژێک بەوێوە نەمابێت؟
هەر لەبەر ئەم شتانەیە کە بێ هۆ خەم دامدەگرێ. هاوین بارودۆخم باشترە، بە کەوشی سەربەتاڵ و بێ گۆرەویەوە باشترە، شایەدیش فەرقێکی نەبێت. لەبەر ئەوەی کە هەر کەوشێک لە پێ بکەم دەزانم لە کوێوەیە. کاتێک لەگەڵ کەسێک بەڕێدا دەڕۆم، یان قرەم دەبێت، یان لەناو قوتابخانە- ئاخر من مامۆستام- وەڕەز دەبم، هەر ئەوە بەسە کە سەیری قاچم بکەم، هەر سەیری ئەو شوێنە کە دەزانم لەوێوەیە، بەو لاربوونەوە ڕێکە و بەو نوکە بچوک و سوورەیەوە. پاشانیش ئیتر وەک کەسانی تر ناچار نیم جگەرە بکێشم، یان لانیکەم بە شوێن مەیخانەیەکی بچوکی چەپەکدا بگەڕێم کە تەنیا مێزێکی هەبێت و سەندەڵییەک.
بەڵام.. دەی، مەسەلەکە لێرەدایە. پیاو کە لەگەڵ سۆزانییەک، کەسێکدا بێت پێویست ناکات گۆرەویەکەی داکەنێت. لە بیرمە یەکێکیان تەنیا تاکێکی گۆرەویەکەی داکەند. ئیتر ئەو دانەی

دیکەیانی، گۆرەویە ڕەشەکەی قاچی چەپی تا سەر قولاپەی پێی داکێشابوو. گوتم: ئەو قاچەی دیکەیانت چی لێهاتووە؟
گوتی: مەبەستت چییە؟
گوتم: هیچ.
گوتی: نا، بیڵێ ئیتر.
گوتم: باوەڕکە هەروا گوتم.
گوتی: نا، بیڵێ، وادەزانی چییە. بیرۆی پێوەیە، ها؟ سووتاوە، نا؟ جێیەکی سووتاو بەقەد لەپی دەستی من، سوور سوور، ها؟ گۆشتی زیادی، نا؟
گوتم: بۆ نایبڕیتەوە؟ من کە گوتم مەبەستێکی خراپم نەبوو.
کاتێک دەستی کرد بە گریان هاتە سەرمەوە نیشانی بدەم. تەنانەت دەستم چوو بۆ لای گۆرەویەکەم. بەڵام بوو، واتە خەتی پشت چاوەکانی یان نازانم مژۆڵە درێژ و دەسکردەکانی و بەتایبەت دوو دڵۆپە فرمێسکێک کە سووراو و گەرد و نازانم چ شتانێکی تری سەر گۆناکانی هێڵ هێڵ دەکرد، هاواریان دەکرد کە غەریبەیە. گۆرەویەکەمم هەڵکێشاوە، سەرەتا گۆرەویەکەی قاچی چەپم. پاشانیش ناچار بووم تەواوی جلەکانم لەبەر بکەمەوە. هەر لەبەر ئەمەش گوتم واسواسیم. یان شایەد بێ هۆ دڕدۆنگم. کاتێک کەسێک ملپێچێکی لە دەوری ملی ئاڵاندبێت، یان بۆ وێنە دەستکێشی لە دەستدا بێت- ساردیش بێت، با ببێت- لام وایە شتێک لە گۆڕێ دا هەیە. تازە ئەی ژێر جلەکانیەوە چی، جلی هەموان؟ دەی جا، حەقیان هەیە. منیش حەقم هەیە ڕێ نەدەم کەسێک بزانێت، کەسێک ببینێت. نەک ئەوە کە بترسم. کار لەم قسانە گوزەراوە. ئێستا ئیتر هیچ کەسێک بە زەلامێکی گەورە ناڵێت: ((شەش قامک!)) شایەدیش بیڵێن، هەر وەک ئەو غەریبە بچکۆلەیە بەو ناوچاوانە تەخت و لێوە بچوک و بێ

ئەندازە سوورانەیەوە بێ ئەوەی کە قسەیەک بکات گوتی.
پاشان... واتە هەر ئەم چەند مانگەی پێشوو بوو کە دیسان لام وابوو لەوان نییە، ئەم دانەیان ئیتر غەریبە نییە. لە پێشیشدا هەر نەبوو. ئێستا هەر... ئەوەی ڕاستی بێت هەندێک جار پێت وایە کە دیوتە، چەندین جار، بەڵام هەر جارێک کە وەئاگا دێیت نایەتەوە یادت کە چۆن بووە. کاتێکیش دیسان چاو لێک دەنێیتەوە و دەتەوێ وەبیرت بێتەوە دەبینی کە هیچ کام لەوانە نییە، ئەمانەش، ئەم ئینسانە موو خورماییانە، ئەم پێستە کە لە ژێر توێژێک کرێم و گەرد و چی و چیدا شاردراوەتەوە، غەریبەن. منیش کاتێک بینیم زانیم کە ئاشنایە. قژەکانی ڕەش بوون. چاوەکانی لاوام بوو ڕەشن. نەبوون. مەڕی بوون، خاڵێکی ڕەش کە بە دیمەنی مژۆڵە درێژەکانیەوە وێنەی منیانـ هەروەک ئەم خەتانەی کە بە دەوری جەغزی ڕۆژدا دەیکێشنـ خەت خەتی دەکرد. ئێستاکەش ئیتر لەناو قورسترین خەونەکانمدا هەیە، تەنیا ئەو بەو چاڵانەی خوار گۆناکانیەوە و چەناگەیەکی بچوک و ئەو لێوانەی کە هەرسات نیگەرانیت نەکا دەستبکەن بە گریان.
ناویشی... نا، بۆ گوتن نابێت.
هەروەک ئەم کوتەگۆشتەی پەنای قامکەچکۆلەی قاچی چەپم کە ئامادە نیم غەریبەیەک بیبینێت.
من پێم وایە عەشق بە هەستی لێک جیاکردنەوەی جیاوازی نێوان دەنگەکانەوە دەست پێدەکات، واتە کاتێک کە دەکرێت چاوبەستراو تەنانەت بە کۆڵانە نامۆکانیشدا بڕۆیت، بێ ئەوەی کە پێویست بکات دەستە بچوک و ساردەکەی لەناو دەست بگریت.
دەیگوت: لێم ڕوونە کە تۆ هەموو شتێکت بە من نەگوتووە.
دەمگوت: باوەڕکە شتێکی ئەوتۆ نەبووە.

دەیگوت: کچە هاوڕێ؟
دەمگوت: نا.
دەیگوت: هەر نابێت. تۆ کە نە ناحەزیت و نە نازانم... بارودۆخیشت کە خراپ نییە.
دەمگوت: شەرمن بووم.
دەیگوت: ئەمەی دەزانم. بەڵام کاتێک کە ئارەق دەخۆیتەوە، وەک ئەو شەوە، چی؟ هەر ئەو شەوەی دەگوت. بە پیادە دەهاتینەوە. لەناو کۆڵانەباخێکدا بوو. شایەد ئەوەندە هەوا فێنک بوو، یان ئەوەندە گەڵا لە ژێر قاچماندا بوو یان نازانم تەنکەخەمێکێش لەناو هەوادا بوو کە نەدەکرا ئینسان نەیڵێت، نەڵێت کە ئێستا تەواوی پەنجەرە ڕۆشنەکانی، تەنانەت ئەگەریش داخرابن، خۆش دەوێن.
دەیگوت: بڵێ کە خۆشم دەوێی.
دەمگوت: هەر حەتمەن دەبێ بگوترێ، مەگەر هەست ناکەیت؟
نازانم بۆ تا ئینسان نەیڵێت باوەڕ ناکەن، دروست هەر وەک ئەو کوڕۆکە کز و کەنەفتەی کە قاچی شکابوو. گوتم: سەیرکە.
گوتی: ئەمە کە شتێک نییە.
دوو قامکەکانم خستبوونە ژێریەوە. بینی، لێم ڕوونە. بەڵام گوتی: دەی جا؟
گوتم: ئاخر سەیرکە من شەش قامکیم.
ئەم دانە ئیتر غەریب نەبوو. بەڵام شایەد دەترسام بیڵێم، بیڵێم و تەواو ببێت. هەر لەبەر ئەمەش گوتی: تۆ هەموو شتێکت بە من نەگوتووە.
ڕاستی دەکرد. مەسەلە تەنیا قامکەچکۆلەی قاچی چەپی من نییە. لام وایە هەمیشە، لە هەموو شوێنێک شتێک هەیە کە بەدەرەوە نییە، بۆ وێنە لە پشت درەختەکانەوە- ئێستا ئەگەر شەویش نەبێ،

با نەبێت دەی شتێک هەر هەیە، یان ئێستاکە و لە پشت ئەم پەردە دادراوانەی پەنجەرە داخراوەکەی من. تازە لەناو کومۆدێکی دخراودا چی؟ شایەد هەر لەبەر ئەم هۆیانە نەمدەتوانی بڵێم خۆشم دەوێیت.

کاتێک دەکرێت دانیشیت و بیر لە تەواوی ئەم شتانە بکەیتەوە، لە تەواوی ئەو شتانەی کە لە تاریکیدا، لە ژێر سێبەردا ماونەتەوە، یان بۆ وێنە لە تەواوی دەرگا داخراوەکان و کونجە تاریکەکانی دالانە قەدیمییەکاندا کە بۆنی نمیشیان لێ هەڵدەستێت، ئیتر ناکرێت بە کەسێک بڵێیت، یان تەنانەت بە چاکترین کچی دنیا کە خۆشم دەوێیت. ئێستا ئەگەر خاڵێکی ڕەشی بچکویش بە پشت نەرمانی گوێی ڕاستییەوە بێت، با ببێت.

دەیگوت: بۆ تەلەفۆنت نەکرد؟

دەمگوت: کارم هەبوو.

دەیگوت: چ کارێک؟ تۆ کە هەمووی هەر دەچیتە ناو ئەو ژوورەتەوە و نازانم... ئەمەش بوو بە کار؟ تازە مەگەر تۆ لە تەنیایی ناترسیت؟

نا، هەمووشی هەر ئاواهی نەبوو. هەر ئەوە بەس بوو ئارەقێک بخۆمەوە و بکەومە ڕێ. نەک ئەوە کە پێت وابێت کاتێک سەرخۆشم دەچم و ئەو کونجە تاریکە دەپشکنم تاکو ببینم کە لێی نییە، هەر تەنیا شتێکی بێ بایەخ، بۆ وێنە بەردوچکەیەک، لە بازنەی نووری چرای سەر کۆڵانەکە بەدەر مابێتەوە.

من تەنیا هەر دەڕوانم و شتانێک بۆ خۆم دروست دەکەم، هەرچی دڵم پێی خۆش بێت. ئاخر لام وایە هەر شتێک حەتمەن زیاد یان کەم شتێکی تری هەیە کە گرینگترە لە هەمان شت، سەرنج ڕاکێشترە لەو شتە، کە ئەگەر ببینرێت، ئەگەر هەموو بتوانن بیبینن ئیتر ناکرێ

بلێی زیادەیە. کاتێکیش بەشێک لە هەمان هاتە ئەژمار، بەشێک لە پێکهاتەی ئەو شتە، ئەوکات ئیتر شتێکی ڕووتە، لە ژێر شۆقی هەتاودا. وەک ژوورێک کە تەنیا چوار دیواری هەیە و بنمیچێک، نە تاقچەیەک، نە ڕەفەیەک، واتە تەنیاترین و خەم ئەنگێزترین ژوورێک کە دەکرێت بیری لێ بکەیتەوە. من ئەگەر مەزهەبی بوایەم بێگومان نوێژخانەیەکی بچوکم بۆ خۆم دروست دەکرد، هەر وەک ئەو نوێژخانە بچوکانەی دەوڵەمەندەکان: دەرگایەکی نەخشێندراو و پەردەیەکی گوڵکاری هەڵواسراو بە ژوورێکی بچوکەوە بە خۆی و گومبەزێکی چکۆلە و میحرابێکی گەچبڕی کراوەوە. هەر لەبەر ئەم شتانە بوو کە جاڕز دەبووم. بەڵام من دەمزانی ئەگەر پێ بزانێت، ئەگەر بیبینێت کۆتاییم دێت.

ئەویش هەڵبەت تاوانێکی نەبوو. ئێمە هەموو هەر بەم شێوەین. کاتێک شتێکمان بۆ ڕۆشن بۆوە، لە ژێر شۆقی هەتاودا بینیمان کۆتایی دێت. ئەگەریش خۆشمان بوێت لە ڕووی بە زەبیەوەیە. من ئەو سۆزانیەی کە گۆرەویە ڕەشەکەی قاچی چەپی تا سەر قولاپەی داکێشابوو لە تەواوی ژنەکانی دنیام زۆرتر گەرەک بوو، مەبەستم هەر ئەو کاتەیە. کە لەودا (مەبەستم کچەتیوەیە) شتانێک هەبوو کە پەیم پێ نەدەبرد، نەدەهاتە ناو دەستمەوە، بەڵام دەمزانی کە لەناویدایە. هەر لەبەر ئەمەش پێشنیاری ژیانی هاوبەشم پێدا. دەیگوت: پەلە مەکە. ئێمە دەبێ یەکتر باشتر بناسین.

ئیتر منیش یادی ((ئەوە)) دەکەوتمەوە و دەمزانی کە ناکرێت. هەڵبەت نەمدەویست درۆی لەگەڵدا بکەم، یان شتێکی لێ بشارمەوە. بەڵام شتانێک هەن کە تەنیا هی خودی ئینسانن. پەیوەندیدار بە خۆتەوە. ئێستا وای دانێین کە جوانترین و چاکترین کچی دنیا لەلای ئینسانەوە دانیشتبێت و تۆش بتوانی چەند تاڵ لە قژەکانی لە دەوری

قامکتەوە بئالێنی و یان باسکە سپی و لاوازەکانی ماچ بکەیت. بەڵام کێ دەتوانێت بەڵێن بدات کە ئیتر تەنانەت یەک دەقیقەش پێش نایەت کە تۆ نەزانی بە دەستەکانت چی بکەیت؟ تازە کاتێک ساڵ چوار وەرزە و لە پاییزیشدا حەتمەن گەڵاکان دەوەرن و هەندێک جاریش ئەوەندە سەرماتە، یان ئاسمان ئەوەندە هەورووهەڵایە کە... تێدەگەیت ئیتر، هەر تەنیا ئەوە بەسە کە ئینسان دەستی درێژ بکات و بە سەرنوکی قامکەگەورە و قامکە شایەتمانەی دەستی چەپی یا ڕاستی هەست بەوە بکات کە لەوێیە، شتێک کە هی خودی ئینسانە و کەس خەبەری لێی نییە، ئەگەر بتەوێت و گەمژەیی نەکەیت هەمیشە بۆ تۆ و لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش کاتێک کەسێک بڵێ: ((من زۆر تەنیام))، یان ((خەمگینم)). بیر لە ژوورێک دەکەمەوە کە تەنیا چوار دیواری هەیە و بنمیچێک.

دەی، چ کارێک دەکرێ؟ ئەگەر نەبوایە ئەویش ئەوەندە سوور و بچوک من حەتمەن کایەم بە قژەکانی سەر ناوچاوانیان دەکرد. کچەتیوە نەیدەگوت تەنیام، یان... گوتم کە پێشنیاری ژیانی هاوبەشم پێدا. دەیگوت: نابێ پەلە بکەیت.

بەیانی، زووتر لە من وەئاگا هاتبوو. لە پەنای تەختەکەوە دانیشتبوو، لەسەر زەوی و سەیری قاچەکانمی دەکرد. وابزانم بەهۆی ئەو دوو قامکە ساردەی ئەوەوە کە وێم کەوتبوون خەبەرم ببۆوە. گوتی: ئەمە ئیتر چییە؟

گوتم: چی؟

ئەوسا قامکەکانی قاچی چەپمم کۆکردنەوە، تەنیا کۆم کردنەوە بە جۆرێک کە لە بیری بچێتەوە کە چاوی پێی کەوتوە. تەنانەت نەمویست قاچی چەپم کەمێک لار بکەمەوە یان لە نەرمایی و بە چاڵدا چوونی دۆشەکەکە کەڵک وەرگرم. دیتبووی. هەر لەبەر ئەمە

کۆتایی هات. من بۆ ئەو کۆتاییم هات. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو نیگایەم لە تەواوی خەونەکانمدا دیبوو لەرز گرتمی و زانیم کە خۆشم دەوێت.
تێ نەدەگەیشت، یان نەیئەویست تێبگات. ئینسانەکان بۆ ئەو هەمان شێوەی هەمیشەیی ئەو وێنانەیان هەیە کە لەناو فەرهەنگەکاندا و لە پەنای ناوی ئینساندا کێشراونەوە. سەر، مل، سینگ و قاچ، دوو قاچ. قاچی چەپ پێنج قامکی هەن.
گوتم: بڕوانە گیانەکەم تۆ دەتوانی بڵێی بۆچی خۆشیت لە هەور دێت؟
گوتی: دەی جا، لەبەر ئەوەی کە جوانە، بۆ وێنە بەردەوام ڕواڵەتی دەگۆڕێت.
گوتم: نەیگرت، دەقیق نییە.
دڵیشم حەزی دەکرد بمتوانیبایە بڵێم: لەبەر ئەوەی کە قامکی شەشەمی هەیە.
دەیگوت: ئەی بۆ بێدەنگ بوویت؟
دەمگوت: لەبەر ئەوەی کە شتێکی زیادی هەیە. شتێک کە ئەگەریش لات وابێت هەر ئێستاکە کۆتایی دێت، شێوەی ئاخری هەر ئەمەیە، تێدەگەیت کە وا نییە، یان هەر ئێستاکەیە کە ڕواڵەتی دەگۆڕێت.
دەیگوت: من کە گوتم.
دەمگوت: دەزانم. بەڵام من کە گوتم دەقیق نییە. بڕوانە، بۆ وێنە تۆ، ئەگەر هەموو شتەکانت هەر ئەو شەوەی یەکەم بۆ من ڕۆشن ببوایەتەوە ئیتر سەرنجڕاکێش نەدەبوویت.
دەیگوت: واتە، ئەمە، ئەمە هەر ئەو...
بە تەشەرەوە باسی ئەوەی دەکرد. تێنەدەگەیشت. کە من پێم وایە لە نیگارکێشانیشدا هەیە، لە چیرۆکیشدا هەیە، لە هەموو شتێکدا.

ئینسانەکان، هەندێکیان، ئەو شتەیان شایەد لە ژێر پێستیشیانەوە هەبێت، هەر دەبێت هەشیان بێت.
تێکمان دا. دەترسا. شایەدیش حەقی بوو. دەیگوت: منداڵەکانمان چی؟ دەبێت حەتمەن نەشتەرگەری بکەیت. شتێکی ئەوتۆ نییە.
منداڵەکان، هەمووی هەر منداڵەکان. ئەی من چی؟ ئێوارانی من چی؟ هەموو ئەو ئێوارە دڵگیرانەی کە دەڵێی تاریکی نەک هەموو زەوی، بەڵکو هەموو پانتایی ئینسان دەتەنێتەوە؟ لە ڕۆشناییدا هەموو شتێک خودی ئەو شتەیە، جیا لە شتەکانی تر. بەڵام کاتێک تاریک بێت، یان بۆ وێنە سێبەر بێت، ئیتر هەر شتێک خودی ئەو شتە نییە، ڕواڵەتی تاپۆکان ون و تەنانەت بێ بایەخ دەبن.
بە دوو قامکی گەورە و شایەتمانە دەیگرت، وەکو کاتێک کە کلکی مشکێکی تۆپاو دەگرین تاکو فڕێی بدەین.
ئێستاکە من خۆشحاڵم. بەڵام دڵەخورپەی من ئەوەیە کە تەنیا یەکێک دەزانێت، یەکێک کە دەزانێت من قامکێکی زیادەم هەیە، یەکێک هەیە کە منی ڕووتی ڕووت بینیوە. کە ئەمەش زۆر خەم ئەنگێزە.

# لەودیو شووڵە ناسکەکانی تەیمانەوە

هۆشەنگ گوڵشیری

له پلیکانەکانەوە سەر کەوتم دیم کە لە پەنای مەباڵەکەدا، بەرەودەم ڕاکشاوە. گوتم:

ئەو لە کوێیە؟

ئەوسا ژنەکەم دیت کە خۆی لەناو چارشێوەکەیەوە پێچاوە و لە سووچی ژوورەکەدا کز داماوە.

قاچەکانی لەدواوە هەڵێنا و دەستی بە پێش دەم و چاویەوە گرت، چوومە پێشترەوە. نیوبوتڵە ئارەقەکەم لە پەنای دانا. بابۆڵەکان هەروا بە دەستمەوە بوون.

گوتم:

- چ سندانێکتە، ها؟

گۆڤارەکەی لێک کردبۆوە و دەستی گرتبوو بە پێش دەمیەوە. وێنەکە، ژنێکی ڕووتی قژبۆر بوو کە لە پشت تەیمانەوە وەستابوو. لە ئەندامی ژنەکە تەنیا سەری و مەمکێکی و دەست و ڕانێکی بەدەرەوە بوون. باقی ئەندامی تەنیا تارماییەکی جوان و لێڵ و

نادیار بوو لەودیو شووڵە ناسکەکانی تەیمانەکەوە. نەڕاندم:
- دیسان لە کۆڵ ناکەویتەوە. ئاخر کێ گوتی دیسان بچییەوە گیان ئەم وێنەیە، کاتێک کە یەکێکی زەق و زیندوو لەوێیە...؟
کە ڕاپەڕی و خۆی گەیاندە مەبالەکە و ڕشایەوە. سەیری ژنەکەم کرد و سەیری چاوە ڕەش و ڕاماوەکانی و سەیری فۆگلەکانی قژی کە ڕژابوونە سەر ناوچاوانە سپی و تەختەکەی و پاشانیش سەیری ئەم کە ئێستاش هەر دەڕشایەوە. تاوم دا سەرشانی:
- چەندەت ئارەق خواردۆتەوە، ها؟
هەر تەنیا فریا کەوت کە بڵێ: نا، کاکە...
دیسان هێڵنجی دا. بەڵام هیچی نەهێنایەوە. دەستەکانی بە دیوارەکەوە گرتن. سەری دانەواندە ناو مەبالەکە. قژە خاوەکانی ناوچاوانیان داپۆشیبوو.
- کەوابێ هی چییە، ها؟
بە دەست ئاماژەی بە ژنەکە کرد کە هەر لەو سووچەدا هەڵکوڕمابوو و بە سەرنجەوە دەیڕوانی و دیسان بەسەر مەبالەکەدا دانەوی. کراسی ژنەکە لەسەر تەختەکە کەوتبوو و تەنیا چاوەکانی ژنەکەش بەدەرەوە بوون.
- دەمی...
گوتم: بۆنی لێدێت، ها؟ دەی جا بنێشتێکم دەدایە.
نەڕاندی: نا، تەنیا هەر ئەوە نییە، دەمی خوارە. جۆرەیەکە. تەنانەت ئەو کاتەی کە پێکەنینیشی نایە سێ ددانی بەدەرەوەن.
سەیری ژنەکەم نەکرد. دەمزانی کە ئێستاش هەروا، بەو چاوە ڕەش و ڕاماوانەی، سەیرمان دەکات. سەیری کردم. ڕوخساری سوور و کوڕانەی سوور هەڵگەڕابوو. قژەکانی تەنانەت سەر چاوەکانیشی داپۆشیبوو. لێوە سوورەکانی دەلەرزین. گوتم:

- ئاخر خۆت دۆزیتەوە، خۆت گوتت خۆشیم لە چاوەکانی هاتووە.
- من چوزانم کە لە ژێر ئەو چارشێوەوە...
- دەی جا سەیری دەمیم نەدەکرد.

کە بەسەر مەبالەکەدا دانەوی و ئەمجارەیان ڕشایەوە، وەها کە تەواوی ئەندامی وەلەرزین کەوت. سەریم لەبەر شێرەکەدا ڕاگرت و قژەکانیم بەر ئاوەکە دا. هەروا کە سەری لەبەر ئاوەکەدا بوو، بە هێواشی گوتی:

- ڕووتم کردەوە.
- هەر وەک وێنەکە، ها؟

سەری هەڵێنا. ڕوخساری پتر سوور هەڵگەڕابوو. لێوەکانی ئێستاش هەر دەلەرزین:

- ئەی دەتویست چی لێبکەم؟ ئەگەر نەشێت سەیری دەم و چاوی بکەیت، کەوابێ سەیری چی بکەیت، ها؟

دەی؟

ئاماژەی بە ژنەکە کرد:

- بڕۆ سەیریکە، لە ژێر ئەو چارشێوە نەفرەتییەدا ئێستاش هەر لەشی ڕووتە. ئەوسا سەیری ژنەکەم کرد، هەروا کپ دانیشتبوو و هەروەک ئەو کاتەی کە لە ژێر سێبەری دارەکانی پەنای شەقامەکە وەستابوو تەنیا هەر چاوە ڕەشەکانی بەدەرەوە بوون.

دەستیم گرت. ساردوسڕ بوو. ئێستاش هەر دەلەرزی.

- تا پیاڵەیەک نەخۆیتەوە، ناتوانی.
- نا، من بەلایدا نایەم.
- تۆ بەلایدا نایەی، ئەڵکۆڵی؟

گوتی: مەبەستم ئارەقەکە نەبوو.

دەستیم ڕاکێشا و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دامنیشاند. سەری

بوتڵەکەم بە چەقۆ هەڵپچڕی. سێ پیاڵەم پڕ کردن. بە ژنەم گوت:

- دەخۆیتەوە؟

گوتی: لاڵە.

ئەوجار پیاڵە ئارەقەکەی هەڵدا. دەستی ژنەکە تا هەنیشکی لە ژێر چارشێوەکەیەوە هاتە دەر. سپی بوو. پیاڵە ئارەقەکەی وەرگرت و بردییە ژێر چارشێوەکەیەوە و خواردییەوەو، هەر لەو ژێرەشدا دەمی پاک کردەوە. دیسان پیاڵەکەی ڕاگرت. تەنیا هەر پەنجەی دەستی بەدەرەوە بوو. بە ژنەم گوت:

- تێکەم؟

گوتی: مەگەر نەمگوت لاڵە؟

هەر سێ پیاڵەکەم پڕ کردنەوە و بابۆڵەکانم هێنانە دەرێ. دانە دانە هەڵمانگرتن. ژنە هەر لە ژێر ئەو چارشێوەدا بابۆڵەکەی دەخوارد و بەو چاوە ڕەشانەی سەیری دەکردین.

دیسان هەستا و چووە سەر مەبالەکە و دەستی پێکردەوە. گوتم:

- زگت خاڵی بوو.

گوتی: تکات لێدەکەم بەڕێی بکە با بڕوات، تکات لێدەکەم.

گوتم: تۆ مەیکە، کەس ناچاری نەکردووی.

ئەوجار گۆڤارەکەم بۆ فڕێ دا. گوتی:

- تکات لێدەکەم پارەکەی بدەیە با بڕوات. لە گیرفانی پانتۆڵەکەی من دەری بێنە. ئەوسا شێرەکەی کردەوە. ژنە هەستا سەرپێ، چوو بۆ لای تەختەکە. کراسەکەی هەڵگرت. تەنیا پەنجەی دەستیم دی. پشتی لە ئێمە کرد. لەژێر چارشێوەکەوە کە هەڵیکێشابوو دوو قاچی سپی و ئێسکن بەدەرەوە بوون. زۆر سپی دەهاتنە بەرچاو. بە ژنەم گوت:

–پێویست ناکات بڕۆی. ئەو نایکات، کەیفی خۆیەتی.
گوتی تکات لێدەکەم پارەکەی بدەیە با بڕوات.
ژنەکە هەڵگەڕاوە. تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون.
دیسان گوتی: هەموو گیانی گول و پیسە، هەموو گیانی، شوێنێکی ساغ بە لەشییەوە نییە، باوەڕکە.
ئەوسا خۆی چووە گیان گیرفانەکای و چەند گەڵایەکی دەتمەنی دەرهێناو بۆ ژنەی ڕاگرت. ژنە دوو گەڵا لە پارەکانی وەرگرت و ڕێ کەوت. لە پلیکانەکان کە دەڕۆیشتە خوار دەنگی قاچیم نەبیست. دەرگاکە کە پێوەدرا گۆڤارەکەی هەڵدایەوە و وێنەکەی دۆزییەوە. ملوانکەی ژنەکە لە گوێچکە ماسی بوو. گوتی:
– تێکە!
دوو پیاڵەم پڕ کرد و دیسان سەیری تارمایی ئەندامی ژنەکەم کرد کە لەودیو شووڵە ناسکەکانی تەیمانەکەوە دیار بوو. گوتی:
– جوانە، نا؟
– پێکەوە گوتمان: بەسڵامەتی!

# گڵۆڵەی ئاڵۆز

بەهرام سادقی

*شتێکی نادیار هەیە وەکو دەست، کە نایبینم*
*بەڵام هەستی پێدەکەم و ئاگای دەکەم.*
*پاڵم پێوە دەنێت بۆ ئەملاو ئەولا...*

**ئەها! کەمێک سەرتان هەڵێنن. برۆکانتان لێک بترازێنن. پێبکەنن. چاوتان بە کامێراکەوە بێت. تا سێ دەژمێرم. هۆشتان بێ نەجووڵێن ئەگەرنا وێنەکەتان جوان دەرناچێت. ئامادە! یەک، دوو، سێ...**

***

**دوو شەو دواتر، لە پلیکانەکانی ستۆدیۆکە سەردەکەوت تاکو وێنەکانی وەربگرێتەوە. ئەو قەبزەی کە وێنەگرەکە پێی دابوو، لە ناو دەستیدا دەیگوشی. وەبیری هاتەوە کە دوو شەو پێشتر، وێنەگرەکە لێی پرسی بوو:**

**- ناوی جەنابتان؟**

**شەش لە چواری سادە؟ کارت پۆستاڵی چی؟**

ئەویش وەڵامی دابۆوە.
- دانەیەکیان... وەک نموونە.
- دووسبەی شەو ئامادەن... کاتژمێر هەشت.
پێش کردنەوەی دەرگاکە، چاوی بە سەعاتەکە کەوت کە لە هەشت لای دابوو. لەبەر خۆیەوە گوتی:
- ئیتر ئێستا حەتمەن ئامادەن.
شاگردی وێنەگرەکە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، لەبەری هەستا و ئەویش لە دوای ئەوەی کە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، لەسەر سەندەڵییەک دانیشت. وەک نەناسیاوێک سەیرێکی شاگردەکەی کرد:
- دەڵێی بۆ خۆیان تەشریفیان نییە؟
- بۆچی... بۆچی... ئێستاکە لێرە بوون.
- ئەم قەبزە...
قەبزەکەی دەرهێنا، لە گیرفانی و، داینایە سەر مێزەکە. شاگردی وێنەگرەکە هەڵیگرت و خوێندییەوە و بە ڕێزەوە سەرێکی لەقاند:
- بەڵی قوربان، هی ئەمشەوە... بەڵام دەبێت ڕاوەستن خۆی بێتەوە.
دەیویست وەڵام بداتەوە: ((کاروبارمان هەیە))، تەنیا گوتی: ((کاروبار...)) و لە سەندەڵییەکەدا جێگیر بوو. شاگردەکە تێدەگەیشت کە ئەو کاروباری وێڵ کردووە تاکو بێت و وێنەکانی وەربگرێتەوە و ئێستاکەش کە وێنەگرەکە لەوێ نییە، ناڕەحەت بووە بەڵام چی لە دەست دەهات؟ وای بە چاکتر زانی کە خۆی بە شتێکەوە خەریک بکات. دەستی دایە هەڵدانەوەی ئالبۆمێک... ئەو دیسان پرسی:
- نایەت؟

- بۆچی نایەت؟ هەر ئێستاکە...
ئەویش ملی لە سەیرکردنی وێنەکانی سەر دیوارەکە نا...

***

لە دوای چارەکێک، وێنەگرەکە هاتەوە. لەڕێوە دەستی پێکرد:
- بەخێر هاتن، قوربان.
بە شاگردەکەشی:
- زۆر لە مێژە ئاغا تەشریفیان لێرەیە؟
دیسان ڕوو بە ئەو: ئێستاکە دەیاندەمە خزمەتتان.
ئەو لەسەر سەندەڵییەکە هەستا و هاتە پێش مێزەکەوە؛ هەر دوو دەستی گرت بە لێواری مێزەکەوە. وێنەگرەکە لەناو کارگەکەیەوە، وێنەکانی هێنایە دەرەوە:
- بزانم، ئەمەیە؟ بەڵێ، خۆیەتی.
ئەویش دەستی ڕاداشت و وێنەکانی وەرگرت. کەمێک سەیری کردن و پاشان:
- ئەمانە نین. بەهەڵە چوون.
چۆن؟ فەرمووتان...
- بەهەڵە چوون. من سمێڵم نییە، ئەم وێنانە بە سمێڵەوەن... جگە لەوەش من کڵاو لەسەر ناکەم.
وێنەگرەکە بە خێرایی وێنەکانی وەرگرتەوە و بە سەرنجەوە لێیان ورد بۆوە و پاشان سەرنجی دایە ئەو:
- سەیرە... بەڵام زۆر لە ئێوە دەچن.
- لە من دەچن؟ ئەوەی کە لە من بچێ، چیتان عەرز بکەم... من ئیتر لەمە ناگەم.
وێنەگرەکە کەمێک ئەملاو ئەولای کرد- شاگردەکەشی ماوەیەک لەوە

پێش چووبووە دەرەوە ( چونکە نەیدەزانی چی بکات، وای بە باشتر زانیبوو بچێتە دەرەوە). چووە ناو کارگەکە و کۆمەڵێک وێنەی تری هێنا و لەسەر مێزەکە بڵاوی کردنەوە. لە هەمان کاتدا کە لە ناویاندا دەگەڕا، دەیورتاند:
- کە ئەمانە نین.
وێنەی کچێک بوو.
- ئەمەش نییە.
هی ژنێک بوو.
- ئەمەش نا.
هی منداڵێک بوو.
- ئەمە؟
سەیری وێنەکە و ئەوی کرد:
ئەمە زۆر لە تۆ دەچێت. کڵاویشی بە سەرەوە نییە... بەڵام بە سمێڵەوەیە.
ئەویش سەری هێنایە پێشەوە:
- بزانم... کڵاوی بەسەرەوە نییە...
درێژەشی پێدا:
- ئاخر ((ئەمە زۆر لە تۆ دەچێت)) یانی چی؟ من چۆن بزانم کە هی خۆمە؟ من کە دەم و چاوی خۆم نابینم، لە بیرم نییە چۆنکایەتین. مەگەر ئێوە ڕەسم و یاسایەکتان نییە بۆئەوەی وێنەکان تێکەڵ نەبن؟ ژمارەیان لێنادەن؟
- بۆچی... ژمارەیان لێدەدەین، ڕەسم و یاساشمان هەیە. بەڵام وەی لە دەست پیاوی ناشارەزا! ئەم شاگردە هەمووی لێک داون. تێکەڵ و پێکەڵی کردوون. بۆ وێنە سەیر کەن، سێ دەست وێنەی لێیە کە هەموویان ژمارەی قەبزەکەی ئێوەیانی پێوەیە... بەم ئاخری عومرە

هاتین شاگردمان گرت! دەڵێی لە کێویەوە هاتووە... هیچ شتێک تێناگات...

- ئاخریەکەی چارەی ئێمە چییە؟ تا کەی دەبێت لێرە بۆستین کاکی وێنەگر؟

کابرای وێنەگر دیسان وێنەکانی ئەمدیواو ئەودیو دەکرد.

- ئەمەش نییە.

وێنەی شوێنێکی مێژوویی بوو.

- ئەها... خۆیەتی.

ئەویش وێنەکەی ڕفاند:

- چۆن خۆیەتی؟ هیچ شتێکی لە من ناچێت. من کەی کۆتەکەم بەمشێوەیە بوو؟

وێنەگرەکە دانیشت. بە بێ وازی وەڵامی دایەوە:

- ئیتر پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە. شایەد پێرێکە جلاکانتان بەم جۆرە بووبێت، ئەمڕۆ گۆڕیبێتن!

- مەحاڵە.

وێنەگرەکە دیسان هەستایە سەر پێ. شانەکانی بۆ هەڵتەکاندن:

- ئیتر لێرە هیچ وێنەیەکمان نییە. دانەیەک لە مانەیە....

ئەو ددانی لە چیرەوە دەبردن. کاتێک برێک هاتەوە سەرخۆ، گوتی:

- ئەمانە وێنەی من نین. شەش دانە وێنەی شەش لە چوار لەگەڵ دانەیەک کارت پۆستاڵی، پارەکەت وەرگرتووە دەبێت بیاندەیتەوە...

وێنەگرەکە سێ دەست وێنەی خستە بەردەمی.

- بۆ ئێوە، قوربان. پێشکەشە. تووڕەبوونی ناوێت. بەخوا من تێناگەم. هەر سێکیان وەک جەنابت دەچن. وێنەی جەنابتن.

یەکێک بە سمێڵ و کڵاوەوە، یەکێک بە سمێڵەوە و بەبێ کڵاو و یەکێکیش، هەم بێ سمێڵ و هەم بێ کڵاو. هەر کامیانتان پێ خۆشە هەڵیگرن...

- پێم خۆش بێت؟ مەگەر بە پێ خۆش بوونە؟ کاکی بەڕێز! کاکی وێنەگر! یاخود تێکچوویت یان ئەوەی کە بە من ڕادەبوێری. تۆ مەگەر کاسب نیت، مشتەریت نەبووە، ناتەوێت ئیش و ژیانت بەریتە سەر؟ لە کوێی دنیا کاتێک کەسێک دەچێت بۆ وەرگرتنەوەی وێنەکانی، سێ جۆر وێنە دەخەنە بەردەمی، گاڵتەی پێدەکەن، دەڵێن هەر سێ جۆرەکە وێنەی جەنابتە، هەر کامیانت ویست هەڵیگرە؟ پێرێ کە وێنەم دەگرت مەگەر کوێر بوویت؟ نە سمێڵم هەبوو، نە کڵاوم بەسەرەوە بوو، نە کۆتەکەم بەمشێوەیە بوو.

وێنەگرەکە کەوتبووە تەنگانە. هەندێک دەستاودەستی کرد و هەوڵی دا خۆی ڕاگرێت. بە ڕێز و حورمەتەوە وەڵامی داوە:

- ئەمانە هەمووی بەجێ، هەموو قسەی حیسابی، منیش قبوڵمە. بەخوا خەتای ئەم شاگردە گێژ و نەفامەی منە کە ئەمانەی هەڵڕشتوون و ژمارەکانی لێک داون، ئەگەرنا هەر سەرەتا بێ ڕاوەستان پێشکەشتانم دەکرد، ئەم هەموو هات و هاوارەشی نەدەویست. بەڵام من ئەوەم پێ سەیرە کە چۆنە ئەم سێ وێنەیە هەموویان لە ئێوە دەچن. دروست دەڵێی هەر بۆ خۆتانن. ئێستاکە نازانم هی ئێوەن یان هی کەسێکی تری وەکو ئێوە... نازانم وێنەی ئەسڵی ئێوە چی لێهاتووە... ئاخر چۆن ئێوە شێوەی خۆتان لێک ناکەنەوە:

- مەگەر ئێوە لێکی دەکەنەوە تا ئێمە لێکی بکەینەوە؟

- بۆ لێکی ناکەمەوە؟ ئێستا وێنەیەکی خۆمم نیشان بدەن، هی هەر کاتێک بێت، هەر زوو دەیڵێم کە هی منە یان نا. پێم سەیرە...

- پێت سەیرە؟ مەگەر بڕیارە هەموو خەڵکی دنیا وێنەکانیان لێک

بکەنەوە؟ ئێستا تۆ وێنەگری، ئیشت ئەمەیە. کام مریشکە هێلکەی خۆی لێک دەکاتەوە؟ سەیر کە چۆن خەڵک فریو دەدەن... کام مریشکە هێلکەی خۆی لێک دەکاتەوە؟ سەیر کە چۆن خەڵک فریو دەدەن... سێ چوار ڕۆژ چاوەڕوانیان دەکەن، لە کار و ژیانیان هەڵدەپچڕن، دوابیش بەمجۆرە وەڵامیان دەدەنەوە...

وێنەگرەکە نزیک بوو دەست بکاتە گریان. ئاوێنەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەست ئەو:

- ئیتر ئەمە کارێکی ئاسانە، سەیر کە! سەیر کە لە وێنەکان دەچیت یان نا؟

ئەویش ئاوێنەکەی وەرگرت و سەیری کرد. پاشان لە هەمان کاتدا کە ئاوێنەکەی بە دەستەوە بوو، لەسەر سەندەڵییەک دانیشت. لە ژێر لێوەوە بە تووڕەییەوە دەیبۆڵاند.

پاشان لە پڕتاو ئاوێنەکەی دایە دەست وێنەگرەکە و سەری خستە ناو هەر دوو دەستی و ڕایگوشی. وێنەگرەکە لەسەرخۆ پرسی:

دیت؟

ئەو هەستایە سەر پێ. دیسان چووە پێش مێزەکە وێنەکانی هەڵگرت و سەیری کردن و دانییەوە دەست وێنەگرەکە گوتی:

- ئەگەر دانیشی خاوەنی ئەم وێنانە هەموویان دێن. خراپ نییە هاوشێوەکانی خۆت بناسی.

ئەو ڕۆیشت بۆ لای دەرگاکە:

- هەمووی فرۆفێڵە. ئەمانە هیچکام وێنەی من نین. مەعلووم نییە وێنەی ڕاستەقینەی من چی لێهاتووە. پێ دەچێت وێنەی منت نەگرتبێ. قوڕ بە سەرتان بۆ وێنەگرتنتان.

کاتێک ئەو ڕۆیشتە دەرەوە، وێنەگرەکە وەک شێتان کەوتە هەڵخولان بە چواردەوری ژوورەکەدا.

- خوایە، خەریکە شێت دەبم، چۆنە خۆی نەناسییەوە؟ چۆنە ئەم وێنانە هەموویان لەو دەچوون؟ خەریکە... خۆم لە پەنجەرەکەوە هەڵدەمە خوار.

شاگردەکەی وەژوور کەوت:

- کابرا وێنەکانی وەگرتەوە؟ دیم دەچووە ناو ستۆدیۆکەی ئەوبەرمان.

# دڕدۆنگ

بەهرام سادقی

دەچێت بۆ سینەما. ئەمەی بە ژنەکەی هاوسێی کە لە نهۆمی دووهەمدا نیشتەجێیە، گوتووە. ئێستاکە دەبێت لە نۆبەدا بوەستێت. کاتێک فیلمەکە کۆتایی هات کەمێک لە شەقامدا پیاسە دەکات. ئەمەی ئیتر بە ژنەکەی هاوسێی نەگوتووە. بەڵام زۆر دەوامەی پێ نادات. دەبێت بڕواتەوە ماڵ نانی شەوی دروست بکات. چێشتەکە دەخاتە سەر زۆپاکە. ئەی هاوار! نەکا زۆپاکەی نەکوژاندبێتەوە. وێدەچێت مەترسی ئەوە هەبێت کە ئاگر بگرێت. دەرگای ژوورەکەی کە داخستووە؟ وابزانێ. ئەرێ دایخستووە، ئەمەش کلیلەکەی. چ کارەساتێک! ژوورەکە ئاگر دەگرێت. خوایە، زۆپاکەی کوژاندۆتەوە یان نا؟ کتری ئاوەکەی کە لەسەری لابرد، لەمەدا گومانی نییە. نایە تاقچەکە، لەمەش دڵنیایە. بەڵام خودی زۆپاکە چی؟ دروست دڵنیا نییە کە خامۆشی کردووە یان نا... چۆنە بگەڕێتەوە سەرێکی ماڵەوە بدات؟... بگەڕێتەوە؟ ئاخ... نۆبەی گەیشتۆتێ. دەرکەوانەکە دەڵێت: ((ئاغا فەرموون!)) خەڵک لە پشت سەریەوە چاوەڕێن.

ئێستاکە بلیتەکە وەردەگرێت تا بزانێت دواتر چ دەبێت. ئەمەش دوو تمەن. دانەیەک بلیتی نمرە یەک، دانەیەک بلیتی نمرە یەک بۆ کاتژمێر شەش و نیوی دوانیوەڕۆ. ئێستا سەعات چەندەیە؟ شەش و بیست دەقیقە. دە دەقیقەی تر دەست پێدەکات. تا بڕوات و بێتەوە سەعاتێک دەخایەنێت. هەرچی بوو بوو. لە کوێوە دیارە زۆپاکە ئاگر دەگرێت؟ ئەگەریش ڕۆشن بێت هەروەک خۆی دەسووتێت... جگەلەمە چارەیەک نییە. شتێک هەر دەبێت. جارێک بڕواتە ناو. خودا زیادی بکات! چەندە قەرەباڵغە. هۆڵی چاوەڕوانی پڕ بووە. بۆ دانیشتن کە جێ نییە. دەبێت ئەم دە دەقیقە بە پێوە بوەستێت. ئەها! بەرنامەکانی داهاتوو دەبینێت. بەرنامەکانی داهاتوو. ئەم دانەیان دیارە فیلمێکی چاکە. ئەکتەرەکانی دەناسێت. سەیرە! خەڵاتی ئۆسکاریشی بردۆتەوە. دەبێت ئەم فیلمە حەتمەن ببینێت. نووسیویەتی لە حەوتووی داهاتووەوە. حەوتووی... داهاتوو. ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟ پێرێ هەینی بوو، دوێنێ شەممە بوو، ئەمڕۆ دەبێتە یەکشەممە. کەوابێ ئەم فیلمە ڕۆژی شەممەی داهاتوو نمایش دەکەن. ئەمڕۆ کە هیچ، پێنج ڕۆژی تر. ئەگەر تا پارەکەی تەواو بوو چی؟ حیسابی پووڵەکانی بکاتەوە: ئەمە دوو قڕان، ئەمەش سێ تمەن، دەبێتە سی و دوو قڕان، گەڵایەکی بیست تمەنیش لەناو کیفەکەیدایە. ون نەبووبێت؟ نا... ئەمەش گەڵایەکی بیست تمەنی، دەبێتە بیست و سێ تمەن و دوو قڕان. دوو قڕانی کە هەر ئەمشەو دەبێت بداتە کرێ ماشێن بچێتەوە بۆ ماڵەوە. سێ قڕان دەبێ بدات بە نان. دوو قڕانیش بۆ جگەرەی قامیش. دەمێنێتەوە بیست و دوو تمەن و نیو. بیست و پێنج قڕانی بۆ ئەم فیلمە کە هەفتەی داهاتوو بچێت ( هەر ئێستا بیخاتە ناو ڕۆژژمێرەکەیەوە کە لە بیری نەچێت). ئەمە بیست و پێنج قڕان. بیست تمەنی دیکەی

بۆ دەمێنێتەوە... هەر چۆنێک بێت دەبێت جۆرێک بیگوزەرێنێت کە تا دە پازدە ڕۆژی تر لێی نەبڕێت. ئێستا جارێکی تر ناوی ئەم فیلمە بخوێنێتەوە. ناوی... ((چرای شین)). ئەی هاوار! باش بوو بیرم هاتەوە. چرای ژوورەکەم نەکوژاندۆتەوە. حەتمەن دێن لەودیو دەرگاکەوە دەبینن کە چراکە ڕۆشنە. هەر چاوەڕێی ئەمەن. دەڵێن بەرق زۆر دەسووتێنێت. دەیخەنە سەر کرێ ماڵەکە. چ نەترسییەکم کردووە چراکەم نەکوژاندۆتەوە. پەلە مەکە بزانم. دوێشەو بەرقمان. نەبوو، دەی! کلیلەکەم لێدا کە هەر کاتێک بەرق هاتەوە ئاگادار بم. پاشان چرا نەوتییەکەم هەڵکرد. سەعاتێک. سەعات و نیوێک دانیشتم. دواجار وەڕەز بووم خەوتم. ئەمڕۆ بەیانیش کە هەستام هێشتا بەرق نەهاتبۆوە. دروستە... ڕێک و پێک! چونکە هاوسێکەم کە دەیویست ڕادوێ بگرێت دەیگوت بەرق نییە. تا لای نیوەڕۆش خەبەرێک نەبوو. بەڵام دوانیوەڕۆ... کە دەنگی ڕادوێی هاوسێکە بڵند ببوو لە بیرت نییە کە سەیرت کرد بینیت گڵۆپی ژوورەکە ڕۆشنە و خامۆشت کرد. ئەرێ برا، خامۆشم کرد. یەعنی ئەوەندە گەوجم کە بە ڕۆژی ڕووناک چاوم بەرقەکە لەناو گڵۆپەکەدا نابینێت؟ بەڵام زۆپاکە چی... چ باشتر، لێگەڕێ با ڕۆشن بێت. تازە کاتێک کە دەچمەوە ناو ژوورەکە وەک حەمام گەرمە. وەک شتێک فیلمەکە خەریکە دەست پێ بکات. جارێ بڕۆم. بە دوو سەعات کە ژوورەکە ئاگر ناگرێت.

***

ژنە هاوسێکە دەنگی زەنگی ماڵەکە دەبیستێت. هەڵدەستێت، دەچێت دەرگاکە دەکاتەوە. پیاوێکی باڵابەرز لەودیو دەرگاکەوە وەستاوە. چەمەدانێکی بە دەستەوە گرتووە. پاڵتاوی لەبەر کردووە و عەینەکی ڕەشیشی لە چاودایە. ژنە دەڵێت:

- چ فەرمایشتێکتان هەبوو؟ کابرای باڵابەرز چەمەدانەکەی دادەنێتە سەر زەوی. عەینەکەکە لادەبات.
کەمێک کڕنۆش دەکات و دەڵێت:
- ببوورن ئێرە کۆڵانی... یە. ئەرێ؟
ژنە دەڵێ: بەڵێ.
- ئەمماڵەش ماڵی ژمارە...یە. بزانم. ئەمە پلاکەکەی. بەڵێ، دروستە.
ژنە بە سەرسوڕمانەوە سەیری پلاکەکە دەکات، پاشان دەپرسێت:
- کارتان بە کێ کردبوو؟
کابرای باڵابەرز ددانەکانی لە چیرەوە دەبات، پاشان عەینەکەکەی لە چاو دەکاتەوە و دەڵێت:
- کابرایەکی ڕەبەنە، کارمەندی ئیدارە، بیست و سێ چوار ساڵان. قژەکانی بۆرن. تازە هاتووە بۆ ئێرە.
ژنە دەڵێت:
- بەڵێ، بەڵێ، خۆیەتی. لەو سەرەوە لە نهۆمی سێهەمدا نیشتەجێیە.
کابرای باڵابەرز ڕێ دەکەوێت کە بچێتە ناو. ژنە دەستی دێنێتە پێشەوە:
- داوای لێبوردن دەکەم. ئێستاکە تەشریفیان لێرە نییە. لە پێش ئێوەدا ڕۆیشتن بۆ سینەما.
پیاوە بۆ ساتێک بێدەنگ دەبێت. پاشان دەڵێت:
- گەلێک نابارە، خانم. من کارێکی زۆر بە پەلەم پێیان بوو.
ژنە نازانێت چی وەڵام بداتەوە.
- ئەگەر دەزانن چووە بۆ کام سینەما و بە منی بڵێن یارمەتییەکی زۆر گەورەتان کردووە بە هەردوکی ئێمە.

ژنه دەرگاکە جووت دەکات:
ئەگەر بمزانیبایە...
کابرای باڵابەرز هیوابڕاو چەمەدانەکەی هەڵدەگرێت و ماڵئاوایی دەکات. بە خۆی دەڵێت دیسان دێمەوە. چەند جارێک لەناو کۆڵانەکەدا پیاسە دەکات و پاشان دەڕوات...

****

چ فیلمێکی بێ کەڵک بوو! بۆ دیتن نەدەبوو. بریا هەر لە ماڵ نەهاتبایە دەرەوە. ئێستا دەبێت سەعاتێکیش لە نۆبەی ئۆتوبوسدا ڕاوەستێت تاکو سەرما باوکی بێنێتە بەر چاوی. بەهەرحاڵ دەبێت بڕواتە دەرەوە. ئەمەش دەرەوە. چ سەرمایە! دەستەکانی بخاتە ناو گیرفانی شەڵوارەکەی بەشکەم گەرم بێتەوە. کەمێک پیاسە بکات. چ پیاسەیەکی دڵبزوێنە! بەڵام نا... مەگەر ناچاریان کردووە؟ بڕواتە کافە شتێک بخوات. شیر و کاکائۆ خراپ نییە. گەرم دەبێتەوە. بەڵام دەبێت لە فکری پارەکەشیدا بێت. ڕاستی! ئەگەر هات و لەناکاو دەوری و پەرداخەکەی لە دەست کەوتە خوار و شکا. کافەچی کە لە پارەکەی خۆش نابێت. دەی! پارەی شیر و کاکائۆ و دەوری و پەرداخەکە بەسەریەکەوە دایدەنێت بە پێنج تمەن. تازە مەگەر لە ئاسمانەوە ئایەت هاتووە کە حەتمەن دەوری و پەرداخەکە لە دەستی دەکەوێتە خوار و دەشکێت؟ هیچ مەعلووم نییە. وای دادەنێین بەمشێوەیەش بوو. یەعنی دەوری و پەرداخ بەم گرانیەن؟ لەگەڵ ئەمەشدا هەر چەندێک توانی چەنە لێدەدات، ئەوپەڕی چوار تمەن دەدات. ئەمەش کافە شیرینی خانە. دەرگاکە بکاتەوە. نا... نا... جارێ بزانێت پووڵەکانی ون نەبووبێت. نا، ئەمە گەڵا بیست تمەنییەکە... دیسان بەختەکەی گرتوویەتی: تەنانەت پەناباتێک

له پارەکەیان لێ نەدزیوە. ئۆخەی! هەوای کافەکە چ گەرمە. پیاو بەلادا دێت. دەی، دەبێت بڕیارەکەی ساغ بکاتەوە. بەڵێ کاکە، یەک چایی، شیر و کاکائۆیەک لەگەڵ سەد و پەنجا گرەم شیرینی. نا هەمووی با تەڕ نەبێت. تەڕ و وشک. وێڵی کە برا! لەجیاتی ئەوەی کە پەرداخە بشکێنێت پووڵەکەی دەدات بە شیرینی. نا خراپ نییە. سەیری سەعاتەکە بکات. نزیکی نۆیە. ئەمەش شیرینی. ئەمەش چایی. پاشماوەی پارەکەی کە وەرگرتەوە هەڵدەستێت. سوپاس! پاشماوەی پارەکەی بخاتەوە ناو گیرفانی. هەستێت...

❊❊❊

کابرای باڵابەرز دیسان زەنگ لێ دەداتەوە. دەرگاکە کە دەکەنەوە دەپرسێت:

- هێشتا نەهاتۆتەوە؟

وەڵامی دەدەنەوە: نا.

دیسان هیوابڕاو چەمەدانەکە هەڵدەگرێتەوە و دەڵێت:

- سبەینێش سەرێک دێمەوە. ئەگەر پرسی چ کارێکی هەبوو بڵێن کارێکی زۆر بەپەلە و زۆر گرینگ... پاشان وەک ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە، بە ناخۆشی و تووڕەییەوە دەڵێت: حەتمەن دێمەوە.

❊❊❊

ژنە هاوسێکەی دەڵێت:

- پێم گوت چووە بۆ سینەما. دیسان هاتەوە. هەر ئێستاکە لێرە بوو.

لە دڵی خۆیدا دەڵێت: خوایە کێ بووە کاری بە من بووە. پاشان لە ژنە دەپرسێت:

- ناوی خۆی نەگوت؟
- نا.
- ناوی منی دەزانی؟
- وا وێدەچوو.
- نەیگوت چ کارێکی بە منە؟
- کارێکی زۆر بەپەلە و زۆر گرینگ.
دیسان لە دڵی خۆیدا دەڵێت: کارێکی زۆر بەپەلە و زۆر گرینگ، ئەوسا لە ژنە دەپرسێت:
- چۆن کەسێک بوو؟
ژنە وەڵام دەداتەوە:
- پیاوێکی باڵابەرز بوو، عەینەک لە چاو، پاڵتاوی لەبەردا. چەمەدانێکی بەدەستەوە بوو و حەتمەنیش دێتەوە.
دووپاتی دەکاتەوە؛ باڵابەرز، عەینەک، پاڵتاو، چەمەدان. ئێستا کە ڕۆیشتووە. هەرچی زووتر ماڵئاوایی بکات و بڕواتە سەرەوە. بزانێت ژوورەکە لە چ بارودۆخێکدایە. نا. چراکە خامۆشە، زۆپاکەش هەروا. چراکە هەڵکات و دانیشێت. ئێستاکە ورد بێتەوە شایەد بزانێت ئەم پیاوە باڵابەرزە کێ بووە... نا! نایناسێت. ئاوا کەسێکی هەر نایەتەوە یاد. کێ بووە؟ خوایە چ کارێکی بەو بووە؟ چەمەدانێکی بە دەستەوە بووە... کەمێک لە ژوورەکەدا پیاسە دەکات شایەد بزانێ کێ بووە. چاویلکە لە چاو بووە... چ کارێکی پێی بووە دیسان هاتۆتەوە؟ ئێستاکە بڕوات نان بکڕێت. بەڵام مەگەر دەکرێت؟ تا نەزانێت کابرای باڵابەرز چ کارێکی بەو بووە ناتوانێت هیچ شتێک بخوات. بە هیچ شێوەیەک ئەقڵی بڕ ناکات. با لێی بخەوێت. سبەینێ دێتەوە. خەوی لێ ناکەوێت. سەر بکات بە ژێر لێفەکەدا بەشکەم کەڵکێکی هەبێت. ئەمەش ژێر لێفە. بێ سوودە. هەستێت پەرداخێک

ئاو بخواتەوە. پیاوێکی باڵابەرزی عەینەک لە چاو بووە کە کارێکی گرینگ و بەپەلەی بەو بووە... خوایە ئەمشەو چی بکات؟ ئەگەر نەزانێت دەمرێت. چۆنە ئەو ناناسێت؟ چ کارێکی بووە؟ بڕواتە دەرەوە سەر کوڵانەکە بەشکەم دیسان هاتبێتەوە. جارێ زۆپاکە و چراکە بکوژێنێتەوە. دەی دەرگاکەش دابخات. ئەمەش کلیلەکەی. بیخاتە ناو گیرفانی. توند بیگرێت. بڕواتە ناو شەقام بە هەر نرخێک بێت دەبێت ئەو بدۆزێتەوە. لە پلیکانەکان بڕواتە خوار. ئاخ ڕاستی... چراکەی کوژاندۆتەوە؟ زۆپاکە چی؟ نەکا گڕی گرتبێت؟ بگەڕێتەوە بزانێت. خوا شوکر بە خێر گوزەراوە. بە دڵنیاییەوە بڕواتە دەر... دەرگاکە بکاتەوە. هەوای ناو کۆڵانەکە زۆر ساردە. دەبێت دەستەکانی بخاتە ناو گیرفانی شەڵوارەکەی. دەبێت ئەو بدۆزێتەوە. هەر ئەمشەو... پیاوێکی باڵابەرزی عەینەک لە چاو، بە پاڵتاو و چەمەدانێکەوە.

# بەهاری شینی کاتماندۆ

شەهرنووش پارسی پوور

پەنجەرەی ژوورەکەی من بەرەو باخێکی گەورەی لە مێژینە دەکرێتەوە کە کارێزی تێدایە، پێدەشتێکی سەرسەوز، پڕ لە گوڵی هەڵاڵە و مێلاقە. هەندێک جار چاوم بە خاوەن باخەکە دەکەوێت کە خەریکی بژارە، لە دوورەوە پیر دەنوێنێ، جلێکی سەراپا شین لەبەر دەکات و بە دەستکێشەوە دەچێتە گیان و گۆڕی گوڵەکان. سەرلقی شەهێنەکان دەپەڕێنێ، بژار دەکات و چیمەنەکەش ئاو دەدا. کاتێک کارەکەی تەواو دەبێت، دەستکێشەکانی دادەکەنێ و لەسەر سەندەڵییەک کە لە جادەی چەوڕێژکراوی ناو باخەکەدا داندراوە دادەنیشێت و سەیری لاولاوەکانی ناو ئەستێرەکە دەکات.

((ژوورەکەی من ژوورێکی زۆر خۆشە)). پەنجەرەیەکی گەورەی بەرەو باخەکە تێدایە و پەنجەریەکیش بەرەو کۆڵانێکی قەرەباڵغ و پڕ حەشامات، هەتاویش تا دەمەی نیوەڕۆ میوانی موزاییکەکانی ڕایەخی ژوورەکەمە. نازانم بۆ ئەو بیرۆکە گەمژانەیە لە مندایە کە ئەگەر بێت و لە پەنای پەنجەرەی ڕوو بە کۆڵانەکەدا دابنیشم، دەتوانم

جووتە ئاشقەکان ببینم کە دەست لەناو دەست لە پیادەڕۆکانەوە تێپەڕ دەبن. هەڵبەت بە شک و گومان دەکرێت خەڵک بە ئاشق بزانیت. لێرە خەڵک لە کۆڵانە قەرەباڵغەکاندا یەکتر ماچ ناکەن و دەستی یەکتر ناگرن. ڕەنگە لە کۆڵانە تەنگەبەرکاندا ئەم کارە بکەن. کۆڵانەکەی ئێمە هەڵبەت بەرین و ماشێن ڕۆیە بۆ ئەم کارانە ناشێت. هەڵبەت بەگشتی، ئەمە بیرۆکەیەکی گەمژانەیە؛ بەڵام من هەمیشە لام وایە کە ئەگەر دوو شەقام لەماڵی خۆمان دوور بکەومەوە، خەڵک هەمووی ئاشقن.

((ژوورەکەی من ژوورێکی زۆر خۆشە)). دیوارەکانی شینن و دیمەنی باخەکە لە ئاوێنەکەدا دیارە، بنمیچی ژوورەکە سپی سپییە. من چوار فریشتەی گەچیم هەن بە چوار سووچی میچەکەوە کە سەرەلووتی یەکێکیان پەڕیوە، فریشتەی ژیکەڵانە و خرپن بە چاوی بێ گلێنەوە. لە پەنای پەنجەرەی باخەکەوە مێزێکم داناوە، لەگەڵ سەندەڵییەک و نانی شەو و نیوەڕۆم لەوێ دەخۆم. قەرەوێڵەکەم لە کونجی باکووری ڕۆژهەڵاتەوەیە و هەر لە دەوامەی ئەم پەنجەرەی ڕوو بە کۆڵانەکەدا، تەرمی پیاوێک لە پێخەفەکەی مندایە، بە هەیبەتێکی شاهانە و پێستێک کە لە مردوێتییان زەردی کارەبایی دەنوێنێت. لەوەتەی من وەبیرم دێت، ئەم پیاوە مردووە. باڵای بەرزە، سمێڵێکی پیاوانە و ئەندامێکی بە بڕشتی هەیە. تاجێکی مسینی لە وێنەی قەڵایەکی لە مێژینە و ناڕێکی لە سەردایە و نیوەی قژە ماش و برنجییەکانی و بەشێک لە نێوچاوانە تەخت و زەردەکەی دادەپۆشێت. جلەکانی ئەتڵەسن و کەوایەکی مەخمەڵی سووریشی لەبەردایە. لێواری کەواکەیان بە دەزووی سپی گوڵدۆزی کردووە و نەخشەی لاولاویان لێ دەرهێناوە. کەسێک کە کەواکەی دووریوە، کەسێکی بێ سەلیقە بووە. گوڵە لاولاوەکان ڕێکو پێک

نین و ئەتڵەسی سپی لێوارەکەشی، ناوبەناو لێی دەرکشاوە. پیاوە مردووەکە ئەنگوستیلەیەکی زیوینی نێو پیرۆزەیی گەورەی لە دەست دایە. ئەڵقەی ئەنگوستیلەکە لەسەرەخۆ ڕەش بووە و ژێر نینۆکە درێژەکانی پیاوەکەش پڕە لە چڵک. لەسەر جومگەی قامکەکانی چرچ و لۆچێکی زۆر بەرچاو دەکەون. ڕوخساری پیاوە پەنجا ساڵان دێتە بەرچاو. بەڵام دەستەکانی زۆر پیرترن.
بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستم، وەرزش دەکەم، لەبەر پەنجەرەکە هەڵس و کەوتی نەرم و لەسەرخۆ. پاشان هەناسەی قووڵ هەڵدەکێشم و کاتێکیش لە ژێر ئاوی حەمام دێمە دەر، قوڵتەقوڵتی سەماوەر تەواوی ژوورەکەی داگرتووە. ئەوکات چاییەکە لەسەر مێزی پەنای پەنجەرەکە دەخۆمەوە و سەیری گوڵەکانی باخەکە دەکەم و هەندێک جاریش سەیری ئەو قالۆنچانە دەکەم کە لە پایەی قەرەوێڵەکەوە سەر دەکەون و لە ژێر کەوای مەخمەڵی پیاوەکەدا ون دەبن.
ئەو سەردەمانە لە پەنا پیاوەکەوە لەسەر قەرەوێڵەکە دەخەوتم. من هیچ کات نەمدەتوانی مەلافەی دۆشەکەکە بگۆڕم، ئاودیوکردنی تەرمی پیاوەکە زۆر ئەستەم بوو. بەتایبەت کە ئەو خاوەنی وەها شکۆیەکە کە ئینسان زات ناکات دەستی بۆ بەرێت، ئیتر ناچار دەبووم تەنیا بەلایەکی دۆشەکەکەدا کە خاڵی بوو، مەلافەی پێدا بدەم و هەندێک جاریش نیوەشەوان کە لە خەو ڕادەپەڕیم، دەمدی لە خەودا نزیکی پیاوەکە بوومەتەوە و دەستم کەوتۆتە سەر سینگی و لاشم وابوو کە پیاوەکە بە چاوی زەقەوە سەیری بنمیچەکە دەکات. قالۆنچەکان لە هەمووی ناخۆشتر بوون. جاری وابوو ڕێیان هەڵە دەکرد و لە ژێر کەوای پیاوەکەوە دەهاتنە ئەو بەشەی کە من لەسەری خەوتبووم و کاتێکیش دەستم دەبزاوت یان هەناسەیەکی قووڵم هەڵدەکێشا، قالۆنچەکە بۆ ساتێک هەڵوێستەی دەکرد و

پاشان بە خێرایی ڕایدەکرد و جێ پێیەکانیم تا ماوەیەکی زۆر لەسەر باسکم هەست پێ دەکرد. زۆر ناخۆش بوو.
من سەندەڵییەکی نەرم و نیانم کڕی، ڕوکێشی چەرمی پێوە. سەندەڵییەکەم لە پەنای پەنجەرەی باخەکەوە دانا؛ جووتی مێزەکە. ماوەیەکی زۆرە لەوێ دەخەوم.
هەموو ڕۆژێک بەیانیان دان بۆ کوکوختیەکان ڕۆدەکەم؛ دەفری ئاوەکەیان بۆ پڕ دەکەمەوە. بۆ کۆترەکان نانە وردە دەڕێژم، ژوورەکە گەسک دەدەم و تۆزتەکێنی دەکەم و ئیتر ژوورەکە لە خاوێنیدا دەدرەوشێتەوە. بەڵام ناتوانی چارەسەرێک بۆ قالۆنچەکان بدۆزیتەوە و هەربۆیەش ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونن. من هەندێکم سەم کڕی و بە ئەسپایی کردمە ژێر کەوای پیاوەکەوە، بەڵام چاری قالۆنچەکان هەر نەکرا.
ئێستا تەواوی ئەم کارانە دەبێت بکرێن تا کاتی نیوەڕۆ دێت. دیسان لە پشت مێزی پەنای پەنجەرەی باخەکەوە دادەنیشم و لە جەنگەی خواردندا سەیری نیوەڕۆی باخەکە دەکەم کە پۆنگخواردوو دێتە بەرچاو. لە دوانیوەڕۆ بەولاوە بێکاری دەست پێدەکات. جاری وایە وەنەوز دەدەم، جاری وایە لەسەر پەنجەی پێ بەناو ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکەم جاری وایە خەرکی شت چنینم و هەندێک جاریش کونەکانی کەوای ئەو پیاوە دەدروومەوە.
ئەوجار دەمەی عەسر کوڕۆکە ڕۆژنامەفرۆشەکە دێت و زەنگ لێدەدات. زەنگ لێدانەکەی دەناسمەوە؛ دوو زەنگی کورت لێدەدا و زەنگێکی درێژخایەن. من خێرا زەمبیلەکە دادەهێڵم و کوڕۆکەکەش ڕۆژنامەکە دەخاتە ناو زەمبیلەکەوە. لێی دەپرسم: ((ئاخریەکەی پیاوکوژەکانیان گرتن؟)) دەڵێ: ((دانەیەکیان لێ گرتن. ئەوانی تر هێشتا نەدۆزراونەتەوە)). من و کوڕۆکە ڕۆژنامەفرۆشەکە،

هەردوکمان، بەڕێزەوە سەیری پیاوکوژەکان دەکەین، بەڵام هیچ کات لەلای یەکتر نایدرکێنین؛ چونکە گوایە دەڵێن چاک نییە.
ڕۆژنامە بەڕاست شتێکی چاکە. دەکرێ بڵێی ئەگەر ڕۆژنامە نەبوایە، کوڕۆکە ڕۆژنامەفرۆشەکەش نەدەبوو، ئەگەر کوڕۆکەکەش نەبوایە، دنیاش نەیدەتوانی هەبێت. من بەڕاست چوزانم چ ڕادەبرێت. جار وایە هەندێک ماشێن دەبینم کە بە بۆق لێدان لە کۆڵانەکەوە تێپەڕ دەبن یان کەسانێک کە تاق و لۆق دێن و دەچن و پێ نازانی کە ئاشقن یان نا. ئێستاکە لە کوێوە دەکرێت بزانی کە دنیایەکیش هەیە؟ بەڵام ڕۆژنامە پڕە لە زەلام. زەلامەکان مامەڵە دەکەن، زەلامەکان لە بەرامبەر دووربیندا یەکتر ماچ دەکەن، زەلامەکان لە بەرامبەر دووربیندا یەکتر ماچ دەکەن و وێنەکەیان لە ڕۆژنامەدا چاپ دەکرێ و هەندێکیش دەچن بۆ شەڕ. من بە ڕۆژنامەدا دەچمە ئەملاوئەولا، بۆ شیلی و بۆلیڤی، لە دارستانەکانی بۆلیڤیدا ڕۆژنامەکە لەسەر زەوی بڵاو دەکەمەوە و لەسەری دەخەوم نەوەک گەزگەزکێک شتێک پێمەوە بدات و ئیتر سەیری ئەو دارە سەرسەوزانە دەکەم کە لە گەرمای زوور سەرمەوە ئارەقیان دەرکردووە و هەروەها سەیری شیلەیەکی گەرم داهاتووی زەرد ڕەنگ کە لە قەدەکانیانەوە سەرڕێژ دەکات و لە نزیک زەوییەکەوە ڕەنگێکی قاوەیی بەخۆیەوە دەگرێت.
من ڕۆژنامەکە دەخەمە سەر دەستەکانم و لە تەنگەی سوێزدا مەلە دەکەم و ئاگاشم لە خۆمە کە گوللـەم بەرنەکەوێت. تەنگەی سوێز هەر ئابەو شێوەیە کە لەناو وێنەی فیلمی ((لۆرێنسی عەرەبستان))دا بوو. هەروەها لە سیبریدا خلیسکێن دەکەم و لە ڤێتنامدا مەرهەم دەنێمە سەر برینی بریندارەکان و بە ڕۆژنامە دەیپێچم.
ڕۆژنامە بەمشێوەیە و هەندێک جاریش بەر لەوەی ڕۆژنامە بکڕم، کەمێک لەگەڵ کوڕۆکەکەدا دەدوێم. لە بیرمە ڕۆژێکی ئاخری بەهار

له کوڕۆکەکەم پرسی: ((دەنگوباسی بازاڕ؟)) گوتی: ((ئاڵوباڵو گەیشتووە)). گوتم: ((بۆم دەکڕی؟)) و ئەوسا پارەم بۆ خستە خوار. کوڕۆکەکە پاکەتێکی پڕی ئاڵوباڵو بۆ کڕیم و بە زەمبیلەکە بۆی ناردمە سەرەوە. لەناکاو خولیایەکم بە زەیندا هات. گوتم:
((دێیتە سەرەوە ئاڵوباڵو بخۆی؟))
کوڕۆکەکە بەرەو لای دەرگاکە چوو. من پەتی دەرگاکەمکێشا و بە حەزەوە ئاڵوباڵوەکانم شتەوە. هەروا کە ترپەی قاچی کوڕۆکەکە نزیک دەبۆوە، جموجۆڵم خێراتر دەبوو و سەماوەرەکەش تەواو کەوتبووە قوڵتەقوڵت. پاشان ڕوخساری شەرم تێزاوی کوڕۆکەکەم له کەلەبەری دەرگا نیوەکراوەکەوە بەرچاو کەوت و ئەوسا دەرگاکەم کردەوە. ماوەیەک بە شەرم و سەرنجەوە لێمی دەڕوانی و منیش ئاگام له هەڵس و کەوتی ئەو بوو، هەروەها ئاگاداری بارودۆخی له مێژ بوو کە کەسێکم لە نزیکەوە نەدیتبوو. ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوی کوێستانیانەی بەلاوە بوو و کوڵمە خڕپنەکانیشی بەهۆی سەرمای چەند ڕۆژ پێشەوە هێشتا هەر وشک هەڵاتبوون. چاوەکانی کاڵ بوون و قژەکانیشی قاوەیی، پۆلێک قژیشی کەوتبوونە سەر ناوچاوانی؛ شتێک بوو وەک فریشتەکان بنمیچەکە. جیاوازی ئەوە بوو کە خوێن له ژێر پێستی زابوو و ئەمەش زۆر بە ئاسانی هەست پێ دەکرا. گوتم: ((وەرە ژوور، ئا لەوێ دانیشە)). ناشارەزایانە ڕۆیشت بۆ لای سەندەڵییەکە و لەسەری دانیشت. بە چاوە وردبینەکانی سەیری فریشتەکانی بنمیچەکەی دەکرد. گوتم: ((لە خۆت دەچن، ئەرێ نا؟)) ئەوجار ڕووی، کە لە شەرمان سوور هەڵگەڕابوو، بۆ لای باخەکە وەرگێڕا و سەیری گوڵەکانی کرد. من زەمبیلەی ئاڵوباڵوەکانم له بەردەمی دانا و بەجۆرێک دانیشتم کە ئەو چاوی بە مردووەکە نەکەوێت و ئەوسا بە ڕوویدا پێکەنیم. دڵۆپە ئاوەکان لەسەر ئاڵوباڵوەکانەوە

خل دەبوونەوە و ڕەنگی تۆخی بریقەداریشیان لەبەر نووری دەمەو عەسری درێژخایەندا درەوشانەوەیەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو و هەموو شتێکیش بەگشتی سەرسوڕهێنەر بوو و منیش لام وابوو کە ڕەنگە، ئەگەر بتوانم دوو کۆڵان لە ماڵ دوور کەومەوە، بێگومان هەموو ئاشقن. گوتم: ((ئەریێ، تۆ خۆشیت لە پیاوکوژەکان دێت؟)) بەسەر وەڵامی ئەرێی داوە. بەحەزەوە گوتم: ((منیش هەروا. ئەگەر حەزکەن ئامادەم لەنێو ماڵەکەمدا حەشاریان دەم. تۆ دەیانناسی؟)) سەرێکی لەقاند کە نا و ئەوسا چاوی کەوت بە تەرمی مردووەکە و وشک بوو، لەپڕتاو وەک ئەوەی سەماوەرەکە لە قوڵتەقوڵت بکەوێت. گوتم: ((دەی ڕەنگە ئەویش ڕۆژێک لە ڕابردووی کۆندا پیاوکوژێک بووبێت کە من و تۆ ئەگەر بواینانە، دەکرا خۆشمان بویستایە)). کوڕۆکەکەش هەروا کە چاوەکانی قەتیس مابوون، گوتی: ((ببوورن کە بە کەوشی قوڕاوییەوە...)) گوتم: ((قەیناکا، ئێستا وەرە پێش ئالۆبالۆ بخۆ)). زەمبیلەکەشم پاڵ پێوەنا بۆ لای ئەو، پاشان ڕۆیشتم بۆ لای پەنجەرە چکۆلەکە نازانم چ شتێکی نەفرەتی بێنم کە کاتێک گەڕامەوە، ڕۆیشتبوو.

ئەمەم لەبەرئەوە گوت کە ڕوون ببێتەوە ئینسان بۆچی هەندێک جار دڵی دەگیرێت. هەڵبەت جاری وایە بەمجۆرەیە و میوانێک نایەتە سەردانی ئینسان ئیتر ئینسان زۆر تەنیایە. هەندێک جاریش ئینسان پێی خۆش نییە کەسێک سەردانی بکات، بەڵام دیسان هەر دڵی گیراوە. من هەندێک جار ئاوام بەسەر دێت. چەندین سەعات لەسەر سەندەڵی دادەنیشم و قامکە گەورەی قاچم دەبزوێنم و سەیری دەکەم. هەندێک جاریش چەندین سەعات لە ژوورەکەمدا دێم و دەچم؛ تەنانەت دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە ئیتر ڕۆژنامەش لەم کاتانەدا کارێکی ئەوتۆی لە دەست نایە، ئینسان دەچێتە هەر وڵاتێک، سەرەتا

شەقامێکی درێژە بە ناوی پاشای ئەو وڵاتەوە، پاشان مەیدانێکە و لە ناوەڕاستی مەیدانەکەشدا پەیکەرێک. ئەمەیە کە ئینسان شتێکی تازە نابینێ و زیاتر دڵی دەگیرێت. یەکێک لەم دڵتەنگییە زۆر زۆر ناخۆشانە ئێوارەی ڕۆژێک هاتە گیانم کە چووبووم بۆ کاتماندۆ. من شەوەکەی شتێکم لە بارەی ((کاتماندۆ))ەوە خوێندبۆوە، لە بارەی پەرستگاکانی کاتماندۆ. هەواڵنێری ڕۆژنامەکە نووسیبووی کە کاتماندۆ ئەوەندە و ئەوەندەی پەرستگا تێدان و فلان و فیسار. من شەو خەوتم و بەیانی کە ڕۆژ بۆوە، ژوورەکەم گەسک دا و ناشتاییم خوارد و نیوەڕۆم دروستکرد و خواردم و پاشان، دوانیوەڕۆیەکی شەکەتی گەمژانە بەسەردا هات و ئیتر من هەزار سەعات سەیری قامکی قاچمم کرد و جار نا جارێکیش دەمبزاوت. ئەوجار هێدی هێدی شەکەتی لەگەڵ خەیاڵاتدا جێ گۆڕکەی کرد و ئیتر من چووم بۆ کاتماندۆ. کاتماندۆ لەسەر کێوێکی بەرز هەڵکەوتبوو و لێواری دیواری پەرستگاکانیشی لە دوورەوە لکابوون بە هەورەکانەوە. من و خەڵکێکی زۆری دیکەش لە جادەیەکەوە بە زۆر سەردەکەوتین. هەواڵنێرەکە لە بیری چووبوو بنووسێ کە چەندە دەخایەنێت تاکو ئینسان لە جادەکەوە بگاتە ناو شارەکە. هەواڵنێرەکە هەر لە بیری چووبوو کە شتێک لە بارەی جادەکەوە بنووسێ و جادەکەش نادیار، پێچاوپێچ و کوێستانی بوو؛ چونکە کاتماندۆ شارێکی کوێستانییە. نیوەڕۆ بوو و هەواش پۆنگی خواردبۆوە. ئارەق لە تەواوی لەشم دادەچۆڕا و کاتماندۆش وەک سەرابێکی دوور دەهاتە بەرچاو.

پاشان گەیشتینە کاتماندۆ. هەر ئەو شتە بوو کە دەکرا ببێت. من ناتوانم سەرنج بدەمە وردەشتەکان. لە دەرەوەی ماڵ تاقەتی ئەم کارەم نییە. کاتماندۆ شەقامێکی درێژی سەرەکی تێدا بوو کە بەناوی پاشای کاتماندۆوە ناوی لێنرابوو و ئەوسەری شەقامەکەش

دەگەیشتە گۆڕەپانێک، پەیکەری پاشای کاتماندۆی تێدا. هەواڵنێرەکە دروست نووسیبووی، شار پڕ بوو لە پەرستگا. من سەردانی چەند پەرستگایەکم کرد و پاشان چوومە پەرستگایەک کە حەوشەیەکی سەنگچنی زۆر گەورەی تێدابوو و لە نێوان سەنگەکانیشەوە گیا سەری درهێنابوو. پەرستگا گومبەزێکی شینی هەبوو و چەند منارەیەکیش، هەروەها ڕوخساری خەڵک وەک تاریمایی دەهاتە بەرچاو. من ئەوەی ڕاستی بێت نەچوومە ناو هیچکام لە پەرستگاکان، تەنیا دەچوومە ناو حەوشەکانیانەوە. پێم وابوو کە حەتمەن لەناو پەرستگاکاندا عوود دەسووتێ و پیاوێکیش لە گۆشەیەکدا دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی شتێکە و شایەدیش تەرمی چەند مردوێکیان لەناو هەیوانەکاندا بەشێوەی کاتی دانابێت. ڕەنگە هەر ئەم شتانە بوون و ئیتر من لەسەر سەنگچنی حەوشەکە درێژ بووم. گەلێک ماندوو بووم و ڕۆژنامەکەش لە دەستمدا ئارەقی کردبۆوە. لە ژوور سەرمەوە گومبەزی شینی ئاسمانی دوانیوەڕۆی کاتماندۆ و میچی زیندانەکەی من و پەرستگاکە بوو. ئاسمان شینی شین بوو و لە ڕۆژئاواشەوە تیرێژەکانی هەتاو ڕەخنەیان دەکرد و لە ئاوێتەبوونی نووری شینی گومبەزی پەرستگاکە و شینایی ئاسمان و نووری خۆرەتاویشەوە، دۆخ دۆخی سپی بەرچاو دەکەوتن کە هەندێک جار دەگەیشتنە ناوەڕاستی ئاسمان و منیش لە کاتماندۆ هەر بەم حاڵەوە خەوم لێکەوت.

# چیانشین

حسێن سەناپوور

ئێستاکە منداڵەکان لە ڕەسمەکانیاندا، ئەو لەناو گەنمەجاڕێکدا و بێگومان بە خۆرەتاوێک لەژوور سەریەوە دەکێشنەوە، چونکە ئەویان هاوڕێ لەگەڵ ڕۆژانی گەرم و شەوانی درێژ و نان‌دا بەبیردا دێتەوە. ئاخر لە بناری ئەم کوێستانە تەوژمی هەوا ساردە و گەنم بەسەختی دێتە بەرهەم. ئێستاکە ئێمەش لەگەڵ هاتنی تاریکیدا دەخەوین. ئەو سەردەمە شەوان بە ئاوازی شمشاڵەکەی ئەو تا درەنگ وەخت، وەک خەولێزڕاو، خەو نەدەچووە چاومان و بەیانیش نەمان‌دەتوانی زوو بڕۆینە سەر کێڵگەکانمان. کاتێکیش کە دەهات تاکو لە جیاتی منداڵەکان کۆڵەکانیان ئەمبەرو ئەوبەر پێ بکات، یان خەریکی پێمەڕەکاری بێ و نێوەڕۆ یان شەو میوانی خواردنمان بێت، لە جەنگەی کاردا حیکایەتگەلێکی دەگێڕایەوە و باسی دەریا و شارانێکی دوورەدەستی دەکرد کە نە خۆی دیتبووی و نە هیچکام لە ئێمە، مەگەر ئەو دێوەڕە و فرۆشیارانەی کە دەهاتن و دەڕۆیشتن. ئێمە ئیتر بەلامانەوە سەیر نەبوو کە دێوەڕەکان بڵێن حەکایەتەکانی

ئەو ڕاستن. هەرئەم حەکایەتانە بوونە هۆی ئەوەی کە چەند کەس لە لاوەکان ڕێ بکەون و بڕۆن و ئیتر قەت نەگەڕێنەوە.
منداڵەکانیشمان کە دەدین دانیشتوون و لە پشت تەختەبەردێکەوە، یان لەناو گەنمەجاڕێکدا خەریکی خەیاڵ و پڵاون، دەمانزانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؛ بەڵام نەماندەزانی چییان لێ بکەین. ئاخر جاری وابوو کە بۆخۆشمان ڕادەماین، سەیرمان دەکرد لە جەنگەی کاردا کە هەروا بۆ ساتیک دانیشتووین تا پشوویەکمان بێتەوە بەر، خەریکی خەیاڵ و پڵاوین و هەتاو لەژوور سەرمانەوە داکشاوەتە خوار.
لەلامان کە دادەنیشت، جۆرێک دەدواو گوێی دەدایە قسەکانمان کە جاری وا هەبوو هەر ئەم خەیاڵانە، یان خەمەکانی خۆمانمان بۆ باس دەکرد. دەمانگوت کە پارەمان هێشتا ئەوەندە سەریەک نەکەوتۆتەوە کە زەویەکەمانی پێ بەرینتر بکەین، ژنمان کوڕی نابێت، مێردەکەمان ناحەزە، یان حەزمان لە ماڵێکی بەردینە بە ئاگردانێکەوە لەناویدا لە بەردی سوور، تاکو ئێواران لەبەریدا قاچمانی لێ درێژ بکەین، بەڵام کەم وای لێهات کاتێک ئەومان دەدیت شەرممان دەکرد لە خۆمان. بۆئەوەی نەکەوینە سەر قسە، سەرمان بە کارێکەوە گەرم دەکرد تاکو ئەو بڕۆیشتبا.
تەمەنی سەرکەوتبوو، بەڵام ڕەبەن مابۆوە و ئێستاش خوازبێنی لە کچێک نەکردبوو. کەسێکیش نەیدیبوو لێڵایی چاوەکانی بۆ کچێک تێک بچرژێ یان بە ئەسپایی لەگەڵ دانەیەکیاندا سرتەیەکی کردبێت؛ گەرچی بۆ زۆرێک لە ئێمە پەیامی عەشقی گەیاندبوو، تەنانەت لەلایەن کچەکانەوە بۆ کوڕەکان. هەندێکیان دواتر کە عەشقەکەیان نەگەیشتبووە ئاکامێک لەوەی کە ڕازێکیان لەلای ئەو درکاندبوو پەشیمان بوون. ئەو ژنانەش کە سەردەمی کچێنی بەردەوام لەسەر

ڕێی ئەودا سەوز دەبوون و بەبیانوویەک ئەویان ڕادەگرت تاکو لە چاوەکانی ورد ببنەوە، ئێستا کە لەلایەوە تێپەڕ دەبوون، ڕوویان وەردەگێڕاوە و تەنانەت یەک دوانێکیشیان بۆ خۆپاراستن لە ئەو، بەردیان تێگرتبوو.

هەر کەس لەگەڵ ژنەکەیدا لێی دەبوو بە شەڕ یان لە منداڵەکەی دەدا، ئەگەر لە ڕێگادا ئەوی بە چاوی لێڵەوە دیتبایە، چەند هەنگاو ئەولاتر، هەروەک ئەوەی خۆی لێدانی خواردبێ یان قسەیەکی سووکی بەرکەوتبێ، خۆبەخۆ فرمێسکی دادەڕژان.

هەر بۆیەش ئیتر ئەم دواییانە هەرکات کەسێک ئەوی دەدیت، ئەگەر کارێکیشی لێ نەقەومابایە لە ڕێگاکەی لایدەدا تاکو چاوی بە چاوی ئەو نەکەوێت.

کاتێک هەواڵیان هێنا کچێک کە خوازیاری ئەو بووە، لە دوای بیستنی پەیامی عەشقی یەکێک لە لاوەکان لە زمانی ئەوەوە، خۆی هەڵواسیوە، ئیتر نەوەستاین. هەروا داس و بێڵ بەدەست لە کێڵگەکانمانەوە سەرکەوتین، لەلای جادە و ماڵەکانیشمانەوە تێپەڕ بووین و هەڵگەڕاین تا گەیشتینە لای ئەو کە لە ژێر شاخەکانەوە، لەبەردەم کۆخیلکە دارینەکەیدا دانیشتبوو و هیچ کارێکی نەدەکرد. وێدەچوو تەنیا چاوەڕوانی ئێمە بووبێت، چونکە کاتێک گەیشتین بە دیتنمان هیچ سەری سوڕنەما. داوامان لێکرد کە ئەوێ بەجێ بێڵێت. گوتی کە ئێمە و ئەو زەوییە بەردەڵان و شاخانەی خۆش دەوێن و ناتوانێ جگەلەوێ لە شوێنێکی تر بژیت. گوتمان کە بەمشێوەیەش هەر نابێت، چونکە ئێمەش دەبێ ژیانی خۆمان بکەین. گوتی کە تێدەگات. ئەوجار دانەدانەمانی ماچ کرد. چوە ئەودیو کۆخیلکەکەی و لەوێوە بەرەو بەرزایی شاخەکان سەرکەوت. ئێمە لە پشتی کۆخیلکەکەوە بەولاوەتر نەڕۆیشتین و تەنیا وەستاین و سەیرمانکرد،

کە ئارام و لەسەرخۆ تا سەر شاخەکە ڕۆیشت و لەوێوە خۆی هەڵدایە خوار، بۆ شوێنێک کە نەماندەدیت و نەشچووین تا بیبینین.
هەر لەو شوێنەوە کە وەستابووین، ڕوومان وەرگێڕاوە و گەڕاینەوە و بێدەنگ و بێ هیچ قسەیەک چووینەوە سەر کارەکانمان. شەویش زوو چراکانمان کوژاندەوە و لەسەر قەرەوێڵە دارینەکانمان، لەناو تاریکیدا، وەکو بەرد بێ جووڵە لێی درێژ بووین.

# حوزوور

ئەبوتوراب خوسرەوی

پەنجەرەیەک بە نووری نارنجییەوە داییسا. ژنە گوتی: ((چرای چێشتخانەکە ڕۆشنە)). پڕۆ سپیکە پێچاندی و لەسەر پردەبازی بەردەم ماڵەکەدا وەستا. پیاوە باوێشکی دا و دابەزی. لە دەرگا نەردەییەکەی حەوشە چۆڵەکە تێپەڕ بوو. لە پلیکانەکان سەرکەوت. گەیشتە کەوشکەنی بەر دەرگای ژوورەوە. کلیلەکەی لەناو گیرفانی گۆتەکەیدا دۆزییەوە و ویستی دەرگاکە بکاتەوە. بەڵام کلیلەکە لە مێینەی قفڵەکەدا نەگەڕا. دوگمەی چراکەی لێدا. گڵۆپی سەر دەرگاکە ڕۆشن بوو. ژنە لە پڕۆکە دابەزی، لە دەرگا نەردەییەکە تێپەڕ بوو و گوتی: ((من دەیکەمەوە تۆ برۆ منداڵەکان بێنە)).
ژنە ویستی دەرگاکە بکاتەوە. بەڵام دەرگاکە نەدەکراوە. پیاوە دەستەکانی خستبووە ناو گیرفانی شەڵوارەکەی و ڕاوەستابوو. ژنە قاقا دای لە پێکەنین و گوتی: ((ڕەنگە کلیلی خۆی نەبێت، بە کلیلەکەی خۆم دەیکەمەوە)).
ئەوسا لەناو کیفەکەیدا بەشوێن کلیلەکەدا گەڕا. بەڵام کلیلەکان

له قفڵەکەدا نەدەگەڕان. بایەک کە دەهات ڕیزە چنارەکانی پەنای جۆگەی ئاوەکەی ڕادەوەشاند. گەڵاکان لە تاریکیدا دەوەرین و دەنگی خشەخشیان دەهات کە بەسەر زەویدا دەکشان. ئەمجارەیان پیاوە دای لە قاقای پێکەنین. ژنە گوتی: ((هێواش بە، هاوسێکان خەوتوون)).

پیاوە گوتی: ((باش بوو کە منداڵەکان خەوتن)). ئەوسا دیسان ویستی کلیلەکە لەناو قفڵەکەدا بسوڕێنێ. ژنە لەو هەیوانە تەنگەبەرەوە کە دەیڕوانییە حەوشە چۆڵەکە، تێپەڕ بوو. لە پەنجەرەکەوە، سەیرێکی ناو چێشخانەکەی کرد. نووری بە تەوژمی چراکانی چێشتخانەکە لە چاوی چەقی. سێبەرێکی هاتە بەرچاو کە لە پەنای چرا گازەکەدا وەستابوو و پاشانیش ئەو چاوانەی کە سەیریان دەکرد. پیرێژنێک لە چێشتخانەکەدا وەستابوو. کۆتێکی کولَکنی کۆنی لەبەر کردبوو، داوێنەکەی ڕەش و درێژ بوو. گۆرەویەکانی تا سەر قولاپەی داکشابوونە خوارەوە. قژە سپییەکانی لە دەوری قژگیرێکی سوورەوە پێچابوون.

ژنە تا بەردەم دەرگاکە ڕایکرد. پیاوە هێشتا هەر خەریکی قفڵەکە بوو. ژنە بە ئەسپایی گوتی: ((کەسێک لەناو چێشتخانەکەدایە!))

پیاوە بە دەنگی بەرز گوتی: ((کێیە؟))

ژنە گوتی: ((نایناسم!))

پیاوە بەپێ دزە تا لای پەنجەرەکە چوو. پیرێژنە هاتبووە بەردەم پەنجەرەکە و سەیری دەرەوەی دەکرد. پیاوە هاواری کرد: ((چۆن زاتت کردووە بچیتە ناو ماڵی ئێمەوە؟))

- ((زوو بە دەرگاکە بکەرەوە)).

پیرێژنە پەنجەرەکەی کردەوە و لە چاوەکانی ژنە ورد بۆوە. ژن و پیاوە لە بەرامبەر پەنجەرەکەدا وەستابوون.

پیاوە هاواری کرد: ((زوو بە دەرگاکە بکەرەوە و ئەگەرنا...)).
پیرێژنە سەیرێکی سەعاتەکەی کرد: ((دەرگاکە بە ڕووی ئێوەدا بکەمەوە، هەر ئێستاکە تەلەفۆن دەکەم بۆ پۆلیس)). ئەوسا بە وردی لە چێشتخانەکە ڕۆیشتە دەر. کتری ئاوەکە لەسەر بڵێسەی شینی چراگازەکە دەکوڵا.
نوورێکی بە تەوژم لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە دەردەکەوت و قژە بۆیەکراوەکانی ژنە لەبەریدا دەبریقانەوە. لێوە سوورەکانی بە توندی بە یەکەوە نوساندبوو. پیاوە گرێی کراواتەکەی شل کرد، دەسماڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا، ئارەقەی ناوچاوانی سڕی. دەنگی هەنگاوەکانی پیرێژنە هات کە دەهاتەوە ناو چێشتخانەکە، مەودای چێشتخانەکەی پێواو گەیشتە لای چێشتخانەکە. کاردی چێشتخانەکەی لەناو زەمبیلە ئاسنییەکەی کابینێتەکە هەڵگرت و هات بۆ لای پەنجەرەکە. دەستێکیانی کردە کۆڵەکەی شانی و گرتی بە لێواری پەنجەرەکەوە و گوتی: ((دەبێت بزانن کە من خەوم وەک خەوی مریشک سووکە. هەمیشە ئاگاداری ماڵەکەم کردووە. حەتمەن من ناناسن کە ڕووتان کردۆتە ئێرە. ئەگەر بوەستن سەرەنجام یەکێک پەیدا دەبێت کە لێتان بپرسێت بەم نیوەشەوە لەودیو پەنجەرەی ماڵەکەی منەوە خەریکی چین)).
- ((بڕوانە، منداڵەکان لەناو ماشێنەکەدا خەوتوون، سەری منیش دێشێت، مێردەکەم دەبێ بەیانی زوو هەستێت و بچێتە سەر کار. دەرگاکە بکەرەوە، سەرت داخە و ملی ڕێگات بگرە و برۆ، بەڵێن دەدەم نەهێڵم هیچ کەس کاری بەسەر کارتەوە بێت)).
- ((هەر بە بیریشمدا نەدەهات کە کەسانێکی وەک ئێوە پەیدا ببن، بەم نیوەشەوە هاتوون و دەتانەوێ لە ماڵەکەی خۆم دەرمکەن. ئێستا ئیتر پۆلیس دێت. کە تەلەفۆنم کرد ڕێککەوتن، تەنانەت

ئەگەریش نەیەن، خۆم بەم کاردە دەردتان دەرمان دەکەم)).
- ((حەز ناکەم هاوسێکان خەبەر بکەمەوە، شایەدیش خەبەرم کردنەوە، ئەوکاتە ئیتر وەک پشیلە پشتەملت دەگرم و نیشانی هەموانت دەدەم)).
- ((ئەگەر هەر لێرەدا کە وەستاون، بمێننەوە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە چ کارەن، دزی ناشارەزا هەمیشە ڕوویان کردۆتە کادێن)).
ژنە چوو بۆ لای ماشێنەکە، سەیرێکی منداڵەکانی کرد و گوتی: ((خۆیان کۆکردۆتەوە سەرمایانە)).
بایەکی فێنک دەهات. دەنگی جمینی ئاوەکە دەهاتە بەرگوێ. قەوزەکانی ژێر ئاوەکە لە ژێر پڕشنگی نووری زێوینی شەپۆلەکاندا تێک دەئالاَن و خوار و ژووریان دەکرد.
پیاوە هاواری کرد: ((قفڵەکەت دەسکاری کردووە ناکرێتەوە، دەرگاکە بکەرەوە!)) ئەوسا لە نێوان نەردەکانەوە دای لە شووشەی پەنجەرەکە. هەڵڕژانی شووشەکە لە تاریکی شەودا دەنگی دایەوە. خوێن لە دەستییەوە باریکەی کردە خوار. ژنە هەڵوەدا ڕایکرد. گەیشتە لای پەنجەرەکە. پیاوە دەستی هەڵێنا و لەبەر نووری پەنجەرەکەدا سەیری کرد. دڵۆپە ئارەقەکان بەسەر تەوێڵی داخی پیاوەکەوە کەوتبوون. ژنە دەسماڵێکی لە کیفەکەی دەرهێنا و بە پیاوەی گوت: ((مستت بکەرەوە)). ئەوسا دەستی پیاوەی پێچا. دەنگی دووری ماشێنێک هات کە پێچای. پیرێژنە لە سووچێکی پەنجەرەکەوە ڕوانی. چاوشارکێی نووری چراکانی لە پشت دارەکانەوە بەرچاو کەوت ئەوسا گوتی: ((هاتن، سەرەنجام یەکێک پەیدا بوو کە لە ئێوە بپرسێت، بەم نیوەشەوە لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەی مندا خەریکی چین)).
بازنەی نارنجی ڕەنگی چراکانی ماشێنەکە نزیک دەکەوتنەوە. ژن و

پیاوە هەر دوو لە پلیکانەکان هاتنە خوار. لە حەوشەکەی پشتەوە گوزەران و چاوەڕێ مانەوە. جێبێکی سپی بە خشکاندنەوە ڕایگرت. ژن و پیاوە تا لای ماشێنەکە ڕایانکرد. پیاوە بێ پێشەکی گوتی: ((سەعاتێک دەبێت کە لە میوانی گەڕاوینەتەوە، کەسێک چۆتە ناو ماڵەکەوە، هەموو دەرگاکانی داخستووە و نایەتە دەر)).

پیرێژنە لە چوارچێوەی پەنجەرەکەدا وەستابوو. لە هەمان کاتدا کە کاردەکەی ڕادەوەشاند، هاواری کرد: ((من بووم تەلەفۆنم کرد بۆ ئێوە، نەمدەویست هاوسێکان لە خەو بکەم. من هەمیشە ئەم کاتانە بەخەبەرم، عادەتمە کە پیاڵەیەک چای ساز کەم، خەریک بووم ئاوەکەم کوڵ دەهێنا کە ئەم دوو کەسەم لە پشت ئەم پەنجەرەوە بینی. پاسەوانەکان بە یۆنیفۆڕمی سورمەییەوە لە ماشێنەکە دابەزین.

ژنە گوتی: ((لە ماڵەکە ڕایکێشنە دەرەوە)).

پیرێژنە گوتی: ((من شکاتم هەیە لەوانە)).

یەکێک لە پاسەوانەکان گوتی: ((هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە)).

ئەوسا لە پیرێژنەی پرسی: ((ئێوە کەی چوونە ناو ئەم ماڵەوە؟)).

پیرێژنە قاقا پێکەنی و گوتی: شایەد چل ساڵ پێش، شایەدیش زیاتر)).

پیاوە گوتی: ((حەزم نەدەکرد هاوسێکان لە خەو بکەم بەڵام ئێستاکە ئیتر چارەیەک نییە، ناچارین خەبەریان بکەینەوە)).

پاسەوانی باڵادەست لەسەر پردەبازەکە بێ هەست وەستابوو. بەڵام پاسەوانە گەنجەکە حەجمانی نەبوو وەک سێبەر سەری دەکرد بە هەر لایەکدا، لە پەنجەرەکەوە سەری دەکێشایە ناو، لەگەڵ پیرێژنەکە چاکی و چۆنی دەکرد و لەپشت ڕیزە چنارەکانەوە تێپەڕ دەبوو و

سەری دەکێشا. پاسەوانی باڵادەست ئاماژەیەکی کرد بە ماڵەکەی بەرامبەر و گوتی: ((کەسێک لەوێدا دەژیت؟))
پاسەوانە گەنجەکە قامکی نا بە زەنگی دەرگاکەوە، دوو سێ جار. نووری نارنجی شووشەی دەرگاکە ڕۆشن بوو. دەنگی کۆخەیەک هات، پیاوێک بە باڵاپۆشێکی کۆنەوە دەرگاکەی کردەوە. چرچاوی چرچ ببوو. بە سەرنجەوە سەیری ڕوخساری پاسەوانەکانی کرد. هەموو یەک دەنگ گوتیان: ((شەو باش)) پاسەوانی باڵادەست گوتی: ((لە خەو بوویت، چارەیەکمان نەبوو، پێویست بوو. مەسەلەیەک هاتۆتە پێش، هەڵبەت پەیوەندییەکی بە ئێوەوە نییە)). پیرێژنە لە زەمینەی نووری نارنجی پەنجەرەکەدا وەستابوو، گوتی: ((شەو باش، ئەوانە دەیانویست بە هەڕەشە بێنە ناو ماڵەکەمەوە، تەنانەت شوشەی پەنجەرەکەشیان شکاند)).
پیرەپیاوە هاتە پێشەوە، سەیری ژن و پیاوەی کرد.
((سەیرە. دەرگای ماڵەکە بە کلیلەکەی ئێمە ناکرێتەوە و ئەم خانمەش کاردی بە دەستەوە گرتووە و لە چێشتخانەکەدا وەستاوە، ببوورن کە بووینە هۆی خەو و ئیسراحەتی ئێوە)).
پاسەوانە گەنجەکە دەهات و دەچوو. لە تاریکیدا، سەری دەکێشایە پشت دارەکان و سێبەرەکان و دەگەڕایەوە.
ژنە گوتی: ((خراپییەکەی لەوەدایە کە هەوا ساردی کردووە و وێدەچێ منداڵەکان سەرمایان بێت و ئەم خانمەش دەرگاکە ناکاتەوە)).
پیرەپیاوە ڕوو لە ڕووناکایی پەنجەرەکە گوتی: ((دەیانویست لە پەنجەرەکەوە بێنە ژوور؟ باش بووە کە بەخەبەر بوون، ئەگەر نا ئیمکانی هەمووشتێک هەبوو)). ئەوسا ڕوو لە پاسەوانەکەی باڵادەست گوتی: ((ئێمە دەبێت سوپاسگوزاری ئێوە بین کە دەسبەجێ گەیشتن)).

پیرێژنە گوتی: ((تەنانەت کاتێک ئەو خوالێخۆشبووەش زیندوو بوو، هەر من پارێزگاری ماڵەکەم دەکرد نەک ئەو، بەڕەحمەت بێت هەر کە سەری دەکردە سەر سەرین، ئاگای لە دنیا نەدەما. ئێستاکەش ئەوانە دەیانەوێت بە هەڕەشە بێنە ناو ماڵەکەمەوە. من شکاتم هەیە لێیان، نەکا ڕابکەن)).

پیاوە گوتی: ((جوان بیر بکەنەوە ئاغا، ئەگەر بیر بکەنەوە منتان دێتەوە یاد)). پیرەپیاوە پێکەنی و بە پاسەوانەکانی گوت: ((چ بێ شەرمییەک، چ کەسانێک پەیدا دەبن، ئەم کەسانە نابێ وێڵ بکەیت بە ئەمانی خودا، وێدەچێ تەنانەت زەلام بکوژن و دزیش بکەن)).

ئەوسا بە دەنگی بەرز ڕوو بە پەنجەرە ڕۆشنەکە گوتی: ((بەڵام ئێوە دەبوایە خەبەرمان بکەنەوە، کەمکاریتان کردووە، ئاگادار بن، ئەگەر شتێک ڕوویدا، هەڵمانستێنن، شەوتان خۆش)).

پیرێژنە گوتی: ((شەوی ئێوەش خۆش)).

پیاوە بە پەشۆکاوی ڕایکرد و زەنگی چەند ماڵی پەنای لێدا بە دەست دەیدا لە دەرگاکان و هاواری دەکرد: ((کەسێک.. کەسێک.. کەسێک)) دەرگای دوو سێ ماڵ نەکرایەوە، بەڵام پیاوێکی گەنجی مووسوور لە ماڵێکەوە دەرپەڕی. خۆی گەیاندە پاسەوانەکان. ژنە گوتی: ((سەیر بکەن بزانن کێ لەوێیە. کێ چۆتە ئەوێ)).

پیرێژنە گوتی: ((شەو باش، گوێت لێیە دەڵێن چی، ئیدعا دەکەن کە من چوومە ماڵەکەیانەوە و دەرگاکانم بە ڕوویاندا داخستووە)).

ژنێکی قەڵەو لەناو تاریک و ڕوونەکانەوە دەرکەوت، بە هێواشی هەنگاوی هەڵدێناوە، دەنگی پیرێژنەی کە بەر گوێ کەوت، پێکەنی. پیاوە مووسوورەکەش پێکەنی، ((با))ش دەهات، ژنە قەڵەوە گەیشتە بەر پەنجەرە ڕۆشنەکە و گوتی: ((چ قەوماوە ها؟)).

پیرێژنە گوتی: ((تەنانەت ئەو ساڵانەش، من ئاگاداری ماڵەکەم

دەکرد، خاک هەواڵی پێ نەدات، کە بەئاگاش بوو، هەر ترسنۆک بوو، لە دەنگی پشیلەش دەترسا)).
پیاوە مووسوورە گوتی: ((بۆ تەلەفۆنتان نەکرد؟))
پیرێژنە گوتی: ((ڕەنگە دەمانچەیان پێ بێت، هیچ کەس وەک ئەم ئاژانانە چەنەبەریان نایەت، ڕاهاتوون)).
پاسەوانی باڵادەست گوتی: ((شەوی هەموان خۆش)). ئەوسا ڕوو بە ژن و پیاوە گوتی: ((ئێوە دەبێت بێن)). ڕوو بە پیرێژنەش گوتی: ((پەنجەرەکە پێوەدەن، خەیاڵتان تەخت بێت، سبەینێ بەیانی وەرن بۆ پاسگا)).
پاسەوانە گەنجەکە دەستی پیاوەی ڕاکێشا و گوتی: ((سواربە، ڕێکەوە)).
ڕوخساری ژنە سپی هەڵگەڕابوو، سوورایی لێوەکانی لەناو زەمینەی شیری ڕەنگی ڕوخساریدا دەبریقایەوە. دەسماڵێک  کە لە دەستی پیاوە پێچرابوو، خوێنی دەدەڵاند.
پاسەوانە گەنجەکە گوتی: ((ماشێنەکە ڕۆشنکەو ڕێکەوە)).
پیاوە سەیرێکی منداڵەکانی کرد لە سەندەڵی دواوەدا هەڵکوڕمابوون.
کۆتەکەی داکەند و بە ژنەی گوت: ((پێیان دادە)).
پاسەوانی باڵادەست سواری جێبەکە بوو و گوتی: ((لە پاسگا چاوەڕێتانم)).
ژنە کۆتەکەی دا بە منداڵەکاندا و لە پەنایەوە دانیشت.
ماشێنەکە ڕێکەوت. پیاوە گوتی: ((دۆستانی ئێمە چەندین جار هاتوونەتە ئەم ماڵە. هەموویان پێتان دەڵێن، دەبێت بپرسن، هەر ئێستاکە هەموویان بەیەکەوەن، ئێمە هەر ئەمشەو لە میوانی بووین، ئێمە زووتر گەڕاینەوە، ئێمە بە ئێوە دەناسێنن، دڵنیام مەسەلەکە

ڕوون دەبێتەوە)). پیاوە لە ئاوێنەکەوە سەیری هاوسەرەکەی کرد کە بە دەسماڵ ئارەقی گۆناکانی دەسڕی. ژنە گوتی: ((ئێوە لە دۆستانی ئێمە بپرسن، پێتان دەڵێن)).
تەواوی دوکانەکان داخرابوون. نووری چراکانی ماشێنەکە قیرتاوی شەقامەکەی ڕووناک دەکردەوە. تابلۆ و وشەی بریقەدار، لە ناخی شەودا ڕایاندەکرد و ڕوخساری ئەوانی ڕووناک دەکردەوە.
پیاوە گوتی: ((ئەویێ لەسەر ڕێماندایە. تەنانەت پێویست ناکات دابەزن، من بانگیان دەکەم، دێن و ئێمە دەناسێنن)).
پاسەوانە گوتی: ((درەنگ وەختە، بڕۆین)).
ژنە گوتی: ((ئێمە زوو گەڕاینەوە، هۆیەکەی ئەوە بوو کە هاوسەرەکەم دەبێت بەیانی زوو بچێتە سەر کارەکەی. بەڵام دۆستانی ئێمە لەوێن، لەوان بپرسن)).
پاسەوانەکە گوتی: ((دەبێت خێرا بڕۆین، درەنگ وەختە، چاوەڕێمانە)).
ماشێنەکە بە خێرایی لە شەقامە چۆڵەکانی شارەوە تێپەڕ دەبوو.
پیاوە گوتی: ((ئەگەر قبوڵی بکەن، سوپاسگوزارتان دەبین، دەبینن کە تووشی چەرمەسەرییەکی ناحەز بووین؟ بەڵام سەرەنجام هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە، خراپییەکەی دەردەسەری ئێستایەتی. هەر بە بیریشدا نەدەهات کە کەسێک دەرگاکانیماڵەکە بە ڕووماندا دابخات و...))
ژنە گوتی: ((ئەگەر نەچینەوە بۆ ماڵەوە، بۆ منداڵەکان ناخۆشە، ئەگەر ئیجازە بدەن هەر نەبێ ئەم منداڵانە لەلای دۆستەکانمان بەجێ بێڵین)).
پاسەوانە گوتی: ((بەڵی... بەڵی منداڵەکان لەلای دۆستەکانتان بەجێ بێڵن)).

ژن و پیاوە گوتیان: ((زۆر سوپاس، زۆر سوپاس)). پیاوە گوتی: ((دوور نییە، لەم نزیکانەیە)).
ماشێنەکە لە شەقامێکی تاریکەوە تێپەڕ بوو و لە بەردەم ماڵێکدا ڕاوەستا. دەنگی مۆسیقا لە پەنجەرە داخراوەکانەوە دەهاتە دەرەوە. ژنە بەخێرایی لە ماشێنەکە دابەزی. لە پلیکانەکان وەسەر کەوت. زەنگەکەی لێدا. پیاوە و پاسەوانەش دابەزین. دەرگاکە کراوە، پیاوێکی سەرتاس لە چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستا.
ژنە پێکەنی و بەپەلە لە پەنایەوە تێپەڕی گەیشتە ئەوسەری ڕاڕەوەکە. لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستا. پیاوە سەرتاسە بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی ئەوی کرد. پیاوە ڕوو بە پاسەوانەکە گوتی: ((فەرموون تکا دەکەم)). پیاوە سەرتاسە بە شوین ژنەدا ڕۆیشت. پیاوە دیسان بە پاسەوانەی گوت: ((فەرموون)). هۆڵەکە ڕووناکاییەکی بە تەوژمی هەبوو. پیاوێک ڤیالۆنەکەی دانایە سەر زەوی. غەڵبەغەڵبێک کە تەنانەت دەگەیشتە بەر دەرگای دەرەوە، بێدەنگ ببوو. ژنەکان بە جلی چیندارەوە لە دەورتادەوری هۆڵەکەدا دانیشتبوون. قژە بۆیەکراوەکانیان و ڕوخساری بریقەداریان لەبەر نووردا دەدرەوشایەوە.
ژنە بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی: ((بڕوا ناکەن، لەو کاتەوە ڕۆیشتین، گێچەڵێکمان بۆ دروستبوو. کەسێک لەناو ماڵەکەدا چەق دانیشتووە و نایەتە دەر. تەنانەت شکاتی کردووە کە گوایە ویستوومانە لە ماڵەکە دەری بکەین. گوتمان تا لێرەن. بگەڕێینەوە، بەڵکو ئێوە کارێک بکەن)).
پیاوەش پێکەنی و گوتی: ((سەرەتا وامدەزانی گێژم و شایەد هەڵەم کردبێت، تەنانەت وامزانی خەو دەبینم. بەڵام کاتێ شوشەی پەنجەرەکە دەستمی بڕی بۆم دەرکەوت هەر بەو شێوەیە کە دەیبینم)).

ژن و پیاوانێک کە لە دەورتادەوری هۆڵەکەدا دانیشتبوون حەپەساو سەیری یەکتریان کرد. چاویان نەدەتروکاند و لە بناگوێی یەکدا دەیانسرتاند.
پیاوێک کە کراواتێکی سووری بەستبوو گوتی: ((هەروەک دەبینن بەهەڵە ڕووتان کردۆتە ئێرە، بەداخەوە بێ ئیجازەش هاتوونەتە ژوورەوە)).
سەیرێکی میوانەکانی کرد و گوتی: ((پێم وانییە هیچکام لە میوانەکانی من ئێوە بناسن. هەربۆیە تکاتان لێدەکەم موزاحیم مەبن)). ئەوسا ئاماژەی بە ڕاڕەوەکە کرد، ژنە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستابوو. نووری چراکە ڕوخساری سوورهەڵگەڕاوی ڕووناک کردبۆوە، لێوەکانی پێکەوە دەگوشی و سەیری دانەدانەی میوانەکانی کرد.
پاسەوانەکە گوتی: ((لە کاتێکی خراپدا بە خزمەت گەیشتین. شەوتان خۆش)).
ئەوسا دەستی پیاوەی ڕاکێشا. بەجۆرێک کە پیاوە لە جێگاکەی خۆی هەڵکەندرا. ژنەش بە شوێنیدا ڕایکرد. لەماڵەکە دەرکەوتن. دەنگی گریانی یەکێک لە منداڵەکان لەناو تاریکیدا دەهات.
پیاوە لە پشت فەرمانەکەوە دانیشت. ژنەش سوار بوو. منداڵەکەی خستە سەر ئەژنۆی و قاچەکانی ڕاژەند. پاشان داهاتەوە و گۆنای ماچ کرد و شانی کەوتە لەرزین.
ژنە گوتی: ((سەعات چەندە؟))
پیاوە گوتی: ((یەک و نیو)).
پاسەوانە گوتی: ((درەنگ بووە، ڕێکەوە!)).

# تاڵ

مەنسوور یاقووتی

که دەرگائاسنییەکە لە پشت سەریەوە داخرا، هەتاوی بەتەوژمی مانگی گوڵان لە چاوی چەقی. وەک ئەوەی تیرپێژێکی بەهێز لە شەوێکی تاریکدا، شەپۆلێک ڕووناکی، بە خێرایی بڕژێنێتە چاوەکانییەوە. پێڵوەکانی داخست و دەستە کز و لاوازەکەی لەسەر چاویلکەکەیەوە، بۆ چاوانی کردە سێبەر و ساکەکەی نایە سەر زەوی. ژنێکی چارشێو بەسەری گەڕاوە، کە لە پەنای نەردەکانەوە هەڵتروشکابوو، لاڵاوە و گوتی:

- بمرم بۆت ڕۆڵە.

پیرێژنێکی چاویلکە لەچاو بەری پێگرت:

- هەواڵێکی کوڕەکەی منت نییە؟ زاگرۆسی ئافداک؟

حیکمەت دەستەکەی لە پێش چاویەوە لابرد، سەری دانەواند تاکو هەتاوەکە ئازاری نەدات، بە بێ وازی گوتی: بێ خەبەرم دایکە.

ژنێکی سەروێن لەسەر، بە پەلەپرووزە پرسی:

- کوڕەکەی من موعتادە، بەگموڕادی سەگوەند، هەواڵێکت لێی نییە؟
حیکمەت سەری هەڵێنا و گوتی:
- موعتادەکان لە ئێمە جیابوون، بێ خەبەرم.
نیگای کەوتە سەر ڕوخساری گەش و ڕووناکی ئاسمان و پاشان لەسەر دارکاجە تەم گرتووەکان و ئەو کوکوختیە تەنیایەی کە بێ هۆ باڵی لێدەدا، گیرسایەوە.
کەسێک لەبەر دەرگاکە چاوەڕێی نەدەکرد. حەمید کە لەپێش ئەودا هاتبووە دەرەوە، لە بازنەی خزم و دۆست و دایک و خوشک و براکانیدا نوقم ببوو.
دەنگی ژنێکی هاتە بەر گوێ کە دەیگوت:
- بێچارە لەوێدا ڕیشی سپی بووە! چ بەژن و باڵایەکی هەیە! ئەرسەلانێک بووە بۆخۆی!
بە دڵێکی تەم گرتوو و چاوانێکی پڕمەینەتەوە، لە کاتێکدا کە کز و لاواز بوو و گۆشت و ئێسقانێک زیاتری لێ نەمابۆوە، خوێنتاڵ و بێ خەیاڵ و ئازاد دەهاتە بەرچاو. دڵی بۆ کێ لێبدات؟ بۆچی؟
ژنێک کە لە ژێر چاوانیەوە سەیری ئەوی دەکرد، لە ڕێی هاودەردی و بەزەییەوە بە گوێی یەکێکی تردا سرتاندی:
- بێچارە کەسێکی نەبووە بە پێشوازییەوە بێت، هیچ کەس!
دڵی بۆ کێ لێبدات؟ بۆچی؟ هەمیشە بێزار بوو لە بەزەیی پێداهاتن.
ئاوڕی دایەوە و بەخوێنتاڵی و ڕقەوە سەیرێکی ژنەکەی کرد. چووە ئەوبەر شەقامەکە کە پڕ لە چاڵ و چۆڵ بوو. بێنزێکی کۆن و لەکارکەوتووە کە چەند موسافیری هەڵگرتبوو لە بەردەمیدا وەستا.
شۆفێرەکە گوتی:
- ترمیناڵ؟

- دەمەوێت بچمە شارستان.
- سواربە.
شۆفێرەکە لەناو ئاوێنەکەدا سەیرێکی کرد و پرسی:
- چەند ساڵ لەوێدا بووی؟
- حەوت ساڵ.
- هەی هوو! حەوت ساڵ! ژنێکی چارشێو لەسەر کە لە پێشەوە دانیشتبوو، گوتی:
- شوەکەی من سێ ساڵە لەوێدایە. دەڵێن کڵاوبەرداری کردووە.
شۆفیرەکە پرسی:
- چەندە؟
- دەڵێن حەوت ملوێن تمەن، تۆمەتە لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکمان نییە.
نیگای حیکمەت لە پشت چاویلکەکەوە لەسەر بازنە زێڕەکانی ژنەکە هەڵوێستەیەکی کرد و بەلاقرتێوە بزەیەکی هاتێ. پیرەپیاوێکی ڕیش سپی کە لە پەنای حیکمەتەوە دانیشتبوو گوتی:
- کوڕەکەی منیش لەوێیە. موعتادە، دە ساڵە موعتادە، دە ساڵە دەچێتە ئەوێ و دێتەوە دەر. ژیانمانی تاڵ کردووە، ئاگری لە هەموو شتێکمان بەرداوە. دایکی ئەوەندە هات و چۆی ئەم ڕێیەی کرد، دیقی کرد و مرد. چ بەڵایەک بەسەر ئەم وڵاتەدا هات! چ بەڵایەک! شار چ وێران ببوو، چ نامۆ! خوار و خێچ و نامۆ پەرەی سەندبوو. قەرەباڵغی و دوکەڵ و جەماوەرێکی زۆر. لە زەوی و ئاسمانەوە جەماوەر هەڵدەقوڵا. هەنگاو بە هەنگاو چوارپایە بوو و جگەرەی جۆراوجۆری لەسەر چندرابوو و لە پەناشیدا پیاوی پیر، گەنج، مێرمنداڵ و منداڵ. زۆربەشیان کورد. قەڵخانی و لوڕ و کاکاوەندی و کولیایی. دیوارەکانیش داپۆشراو بە دروشمەکانی ڕۆژ. وەڕەز

و بەپەلە و توورە. هاتووچۆی خەڵک، بۆ کار یان بێ هۆ؟ بێنزە کۆنەکەی مۆدێل سەردەمی بۆق، لە سووچێکی مەیدانی گەورەی شاردا وەستا، حیکمەت کرێکەی دا و پرسی:
لە کوێوە بۆ شاری... بچم؟ کام گەراج؟
- بەرامبەر، ئەو جێیەی کە مینی بوسەکان وەستاون، بیست تمەنیش کرێکەیەتی.
- سوپاس کاکە.
خۆی بەناو جەماوەرەکەدا کرد. هیچ کەس نەیدەناسی. پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی و کراسێکی چوارخانەی شینی کۆن و خاوێنی لەبەردا بوو. جووتێک پۆتینی کۆن و بۆیاخ نەکراوی لە پێدا بوو. تەمەنی دەگەیشتە چل و پێنج ساڵ و جگە لە ساکێک کە کەل و پەلی زیندانی تێدابوون؛ خەمیر و مسواک و کراس و ژێرکراس و فەرهەنگێکی وشەی ئینگلیزی و چەند کتێبێک، شتێکی دیکەی پێ نەبوو. دایکی پیر و خوشکەکەی پێنج ساڵی ڕەبەق بوو کە نەهاتبوون بۆ سەردانی. دوو ساڵی یەکەم، مانگی جارێک دەهاتن بۆ سەردانی بەڵام لەپڕتاو کۆتایی هات. خوشکەکەی جارێک بەڵێنی دابوو کە لەوشارە بچکۆلەوە تاکو ناوەندی ئوستان بە پێی پیادە بیبڕێت و پیادەش بڕیبووی و یەخەی فەرمانداری گرتبوو کە ((ئێمە جگەلە و کەسێکی ترمان نییە. داهاتێکیشمان نییە. بێ ئەو ژیانمان بۆ هەڵناسوڕێ، بێ ئەو ئاوێکی خۆش لە گەروومان ناڕواتە خوار، بیبەخشن، بە خاتری خوا بیبەخشن. ئاخر مەگەر چی کردووە؟ چی کردووە کە دوو ساڵە لەوێدایە؟)) بەڵام، نا! کەسێکی تریش هەبوو کە دڵی حیکمەت بۆی لێدەدا: قژڕەش! قژڕەش بەو چاوە گەورە و بزۆزانەوە، بە ڕوخسارێکی گەشەوە، بە شەش پۆل سەواد و دزەنیگایەکی شەرمێونەوە سەبارەت بە حیکمەت. هاوسێ بوون.

دەیویست نامەیەک بۆ قژڕەش بنووسێ و بپرسێ کە چ بەڵایەک بەسەر دایکی پیری و خوشکەکەی هاتووە؟ بۆ کوێ چووبوون؟ چۆن ڕۆیشتبوون؟ کە سەردانی دایک و خوشکی برا، تێماوە کە چی بکات بۆ پووڵی تایت کە جلە چڵکنەکانی پێ بشوات؟ بۆ پووڵی ڕۆژنامە و چوونە لای دکتۆر و سەر کورت کردنەوە چی؟ دەستی بۆ لای کەسێک درێژ نەکرد، نەک لەبەر فیز و دەمار، بەڵکو دەستی بۆ هەر لایەک درێژ کردبایە دەبوایە بچێتە ژێر دەواری باڵ و بەرەیەکەوە. لەوێش چەندین باڵ و بەرەی جیاوازی لێبوون. چووبایە ژێر دەواری هەر کامێکیان لەلایەن ئەوانی دیکەوە دەکەوتە بەر تانە و تەشەر. وای پێ باشتر بوو کە خۆی بۆ هەر تیر و توانجێکی ژەهراوی ڕابگرێت بەڵام لە بەرامبەردا لەسەر دوکان دابنیشێ و لەڕێی فرۆشتنی کەلوپەلەوە بە نرخی دیاریکراو بە کوڕەکانی زیندان، چەند قرانێک وەگیر بێنێت. ددانی بە جەرگی خۆیدا ناو لە بەرامبەر پەلاماری هەموو تانە و تەشەرەکاندا سینگی خۆی ڕاگرت. ئەوێ وەک ئاگردانێک وابوو و ئەویش هەر جارێک کە بە ناخی خۆیدا دەیڕوانی هەستی بە گەورەیی و دڵفراوانی خۆی دەکرد. لە ئاست ویژدانی خۆیدا سەربەرز بوو، بە خۆشحاڵییەوە پێدەکەنی، هەر بەو شێوەیە کە قژڕەش لە قووڵایی گیانیەوە پێدەکەنی. لە قووڵایی ناخی ئەودا ئارامییەک سەقامگیر ببوو و ئەگەریش سرتەیەک هاتبایە، سریوەی باڵی پەپوولەیەک بوو کە لە خەودا بە دوای گوڵێکی سووردا دەگەڕا.

ئیشەکەی خۆی لە دەست بۆوە. ماڵ و سامانێکیشی نەبوو، گوڕوتینی کاریشی تێدا نەمابوو. قاچەکانی وەژان کەوتبوون. کەلەکەشی هەر تاوناتاوێک وەها وەژان دەکەوت کە هەناسە لە سینگیدا پۆنگی دەخواردەوە. چاوەکانی سۆمای جارانیان نەمابوو و

قامکەکانیشی وەلەرزین کەوتبوون.
تەم و مژ دوندی چیا بەرزەکانی گرتبوو. جووتیارەکان، ژن و پیاو، لە مەزراکاندا خەریکی کار بوون. ژیان هەروا دەڕۆیشتە پێش. مرۆڤ و باڵندە و گیا نەدەسرەوتن. بەڵام حەوت ساڵی تەواو لە ژیانی ئەو بە جۆرێک لە تەمی بێدەنگی و دوورەپەرێزی و زەلکاوی ئەندێشە و خولیادا تێپەڕ ببوو کە ژەنگەکەی بە هیچ سماتەیەک پاک نەدەبۆوە.
ئێستاکەش دەبوایە ماوەیەکی درێژ بحەسێتەوە. ماوەیەکی درێژ خواردەمەنی باش بخوات، ماوەیەکی درێژ ئاگاداری لێ بکەن. بەڵام ئێستاکە سەربخاتە سەر شانی کێ؟ حەوت ساڵ بوو کە لە بیری خەڵکی سەرزەوی چووبۆوە. نە دەستێکی گەرم، نە بزەیەک، نە نیگایەکی دڵبزوێن. لەگەڵ خۆیدا بیری کردەوە کە بە دیتنی دایک و خوشکم تەمی ئەم ساڵگارە پرمەینەتە لە دڵم دەشۆرێتەوە.
سەرەنجام دیمەنی زێدەکەی، ئەو شارۆچکەیەی داوێنی چیا دەرکەوت. دڵی لەرزی. لێدانی دڵی سەرکەوت. ئای! لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئەو شارەدا، هەر شوێنێک، جێ پێیەکی ڕۆژگاری منداڵی بوو. کۆڵان بە کۆڵانی ئەوێ، جێی سەربزێوی و هارو هاجی و سەر سوڕمانەکانی بوو، شوێنی شەپۆلی بەرزی پێکەنینەکانی ئەو سەردەمی بوو. خشت بە خشتی ئەوێ بیرەوەری بوون و یادگارییەکانی بۆ زیندوو دەکردنەوە: برسییەتی و بێقەراری و تاسان و ململانێ لەگەڵماڵپەرستان و یاخی بوون لە دژی چارەڕەشی و زۆرەملێ و هەژاری و لێقەوماوی. بە دڵ و گیان، لە بەرامبەر تۆفاندا وەستان. خۆپێدادان بە گەردەلوول و گێژاوە قووڵەکاندا.
لە مینی بوسەکە کە دابەزی ساکەکەی نایە سەر زەوی و چاویلکەکانی بە دەسماڵێکی خاوێن، پاک کردەوە. بە خۆی گوت:

- خۆزگە ڕدێنمم بتاشیایە! بەڵام، تەنانەت کەسێک هەیە کە چاوەڕێم بێت؟
تەواو کەوتبووە دڵەخورپە. هەستێکی نامۆ لە ناوەوە دەیتواندەوە، لە وێستگەکەی وەدەر کەوت و پێی نایە ناو شەقامەکە. شار بەرینتر ببوو. شێوەی خەڵک نامۆ بوون؛ دەتگوت هەموو پیر بوون! بە خوێنتاڵی لە خۆی پرسی:
- من پیر بووم یان شار؟
کە هەندێک لە شەقامەکەی پێوا و گەیشتە سەری کۆڵانێک کە لە گەڕەکێکەوە سەری هەڵدێنا. ئەو چنارە پیرەی کە لە ژێریدا دادەنیشت و دەرسی دەور دەکردەوە، هەروا لە شوێن خۆی مابۆوە. کچۆڵەیەکی بچووک کە لە بەردەرگای ماڵێکدا دانیشتبوو، سڵاوی لێکرد.
- سڵاو کچە شیرینەکەم، سڵاو؟
چەند مێرد منداڵێک کە کایەی فوتباڵیان دەکرد، ڕێگایان بۆ کردەوە. دوو کۆڵان بەرەو سەرتر ماڵی ئەوان بوو، ماڵێکی کۆنی گڵەبان کە سی ساڵ لەمەوبەر، شەوانی هاوین، لەوێ لەسەر بان، لەسەر جێگاکەی ڕادەکشا و گوێی لە دەنگی قەوانێک دەگرت کە دەنگی داریوش ڕەفیعی ((زوهرە))ی بڵاودەکردەوە. بوغز و خەفەت بەری گەرووی گرت. ماڵی قژڕەش چەند خانوو بەرەو خوارتر بوو. بایدایە ناو کۆڵانەکەوە. دارتووێک کە لە بەردەمی ماڵەکەیان دابوو، سووتابوو. جگە لە کەلاوەیەک چیتر لە ماڵی ئەوان بەجێ نەمابوو. ئەژنۆکانی سست بوون. دڵی کەوتە لێدان. مێرد منداڵێک کە لە ژێر دارە سووتاوەکەدا بە قوڕ خانوچکەی دروست دەکرد، لێی ورد بۆوە. چووە پێش و لێی پرسی:
- ئێرە بۆ وای لێهاتووە؟

- بۆمب لێی داوە کاکە.

-قژڕەش لە ماڵ هاتەدەر ڕووی لە مێرد منداڵەکە کرد و گوتی:

-دیسان دەستەکانت پیس کردەوە؟ هەستە بزانم، هەستە

قژڕەش نەیناسییەوە. حیکمەت ئاماژەیەکی بە کەلاوەکە کرد و پرسی:

- خانم، ببوورن، پیرێژنێک و کچێکی جاحێڵ لێرە نەدەژیان؟

قژڕەش گوتی:

- موشەک لە ناوی بردن کاکە... تۆ خزمی ئەوانی؟

- من؟ نا! هەروا پرسیم!

حیکمەت چاویلکەکەی لە چاو کردەوە و شوشەکانی بە دەسماڵێک پاککردنەوە.

ساکەکەی هەڵگرت و ئاوڕێکی دایەوە. قژڕەش چووە فکرەوە و بە خۆی گوت:

خوایە! دەنگی چەندە ئاشنا بوو! ئەم دەنگەم لە کوێ بیستووە؟

# دوایین دەرس*

ئالفۆنس دوودە

ئەو ڕۆژە، بۆ قوتابخانە درەنگ ببوو و منیش ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو کە وەبەر گازندەی مامۆستا بکەوم. بەتایبەت کە مامۆستا جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە دەرسی ڕێزمان دەپرسێتەوە و منیش تەنانەت وشەیەک لەو دەرسە فێر نەببووم. بە مێشکمدا هات کە دەرس و باسی قوتابخانە وەلانێم و ڕێی دەشت و دەر بگرمە بەر. هەوا گەرم و لەبەردڵان بوو و باڵندەکانیش لە بێشەدا جریوەیان دەهات. ئەمانە هەموو زۆر زیاتر لە یاسا و ڕێساکانی ڕێزمان مێشکی منیان بە خۆوەماندوو دەکرد بەڵام لە بەرامبەر ئەم خولیایەدا وەستام و بەپەلە ڕێی قوتابخانەم گرتەبەر.

کاتێک لەبەر ماڵی کوێخاوە تێپەڕ دەبووم، بینیم، تاقمێک لەوێ وەستاون و ئاگاداری سەر دیوارەکە دەخوێننەوە. دوو ساڵ بوو کە هەر هەواڵێکی دڵتەزێن دەگەیشتە ئاوایی، لەوێوە بڵاودەبۆوە. هەربۆیەش من-بێ ئەوەی کە هەڵوێستەیەک بکەم- لەبەر خۆمەوە

گوتم: ((دیسان چ پیلانێکیان بۆ دارشتووین؟)) ئەوکاتە سەری خۆم هەڵگرت و ڕێی قوتابخانەم گرتەبەر و زۆر بەپەلە خۆم گەیاندە قوتابخانە.

لە کاتی ئاساییدا، سەرەتای دەستپێکردنی دەرس، قوتابیەکان ئەوەندە قاووقیژیان دەکرد کە غەڵبەغەڵبیان دەگەیشتە کوچە و کۆڵان. بە دەنگی بەرز وانەکانیان دووپات دەکردەوە و هات و هاواریان هەڵدەستا و مامۆستاش بەو دارەی کە هەمیشە بە دەستییەوە بوو لە مێزەکەی دەدا و دەیگوت: ((بێدەنگ بن!))

ئەو ڕۆژەش من بە خەیاڵی ئەوەی کە بارودۆخ هەروا دەبێت، نیازم وابوو کە لە جەنگەی قیژوقاوی قوتابییەکاندا، هێواش و لەسەرخۆ بچمە ژووری دەرسەکە و بێ ئەوەی کەس ئاگاداری درەنگ هاتنم بێت، لەسەر جێگاکەی خۆم دانیشم، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کە من چاوەڕوانیم دەکرد ئەو ڕۆژە بێ دەنگییەکی وەها لە قوتابخانەدا سەقامگیر ببوو کە وا هەست پێدەکرا هیچکام لە قوتابییەکان لە قوتابخانەدا نین.

لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە ناو هۆڵەکە: قوتابییەکان لە جێگای خۆیاندا دانیشتبوون و مامۆستاش بەو دارە سامناکەوە کە هەمیشە بە دەستییەوە بوو، لەناو ژووری دەرسەکەدا هەڵدەسوڕا. دەبوایە دەرگاکە بکەمەوە و لەو بێ دەنگییەدا بچمە ژوورەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە تاچ ڕادەیەک ترسم لەوکارە هەبوو و تا چ ڕادەیەکیش شەرمم دەکرد. بەڵام دڵم لە دەریادا و چوومە ناو هۆڵی دەرسەکەوە: کەچی مامۆستا بێ ئەوەی کە تووڕە ببێ و قین دایگرێت، بە ڕەحمەوە سەیرێکی منی کرد و بە هێواشی و بەزەییەوە گوتی: ((زوو بە لەسەر جێگاکەت دانیشە: خەریک بوو دەرسەکەمان بێ تۆ دەست پێدەکرد)).

لە پەنای مێزەکانەوە تێپەڕ بووم و بە خێرایی لەسەر جێگاکەی خۆم دانیشتم. کاتێک ترس و دڵەکوتەم نیشتەوە و دڵنیابووم، تازە تێگەیشتم کە مامۆستاکەمان جلە کۆنەکانی هەمیشەیی خۆی لەبەردا نییە و لەجیاتی ئەوان، ئەو جلانەی کردۆتە بەر کە جگە لە ڕۆژی دابەشکردنی خەڵاتەکان یان کاتێک کە لێپرسراوێک دەهاتە قوتابخانە، لەبەری نەدەکرد. جگەلەوەش ڕێز و شکۆیەکی تایبەت بە بۆنە گشتییەکان تەواوی ژووری دەرسەکەی داگرتبوو بەڵام ئەوەی کە زۆرتر سەرم لێی سوڕما ئەوە بوو کە لە ئاخری ژوورەکەدا لەسەر ئەو کورسییانەی کە لە کاتی ئاساییدا چۆڵ بوون، پۆلێک خەڵکی ئاواییم بەرچاو کەوت کە دانیشتبوون. کوێخا و بەرپرسی گەیاندنی نامەکان و چەند کەسی تر لە کەسایەتییە ناودارەکان لەو نێوەدا بوون و هەموویان مات و پەشۆکا و دەهاتنە بەرچاو. پیرەپیاوێک کتێبێکی کۆنی ئەلف و بێی لەسەر کۆشی خۆی لێک کردبۆوە و لە پشت چاویلکە ئەستوور و گەورەکەیەوە سەیری وشەکان و نووسراوەکانی دەکرد.

لەو کاتەدا کە من سەرم سوڕمابوو لەم بارودۆخە، چاوم لە مامۆستا بوو کە لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت و پاشان هەر بەو دەنگە گەرمەی، بەڵام پتەو، کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەمدا لەگەڵ من دوابوو، گوتی: ((ڕۆڵەکان! ئەمە، دوایین جارە کە من وانە بە ئێوە دەڵێمەوە. دوژمنان بڕیاریان داوە کە لە قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە، زمانێک جگە لە زمانی خۆیان نەگوترێتەوە. مامۆستای تازە سبەینێ دەگاتێ و ئەمە دوایین دەرسی زمانی نەتەوایەتیتانە کە ئەمڕۆ دەیخوێنن. تکاتان لێدەکەم بە وردی سەرنج بدەنە دەرسەکەم)).

ئەم وتانە منیان تەواو ئاڵوگۆڕ کرد. دەرکەوت کە ئەوەی لەسەر دیواری ماڵی کوێخا ڕاگەیەندرابوو، ئەمە بوو کە: ((لەمە بەدوا

گوتنەوەی زمانی نەتەوایەتی بە منداڵانی ئاوایی قەدەغەیە)). بەڵێ، ئەمە دوایین دەرسی زمانی نەتەوایەتی من بوو. ناچار بووم کە ئیتر ئەمە فێر نەبم و بەوتۆزە کەمەوە کە فێرببووم قەناعەت بکەم. چەندەم خەفەت خوارد کە لەوە پێش سەعاتگەلێکی دوور و درێژ لە تەمەنی خۆم بە فیڕۆ چووە و لە جێی ئەوەی کە بێمە قوتابخانە، دەچوومە ناو باخ و مەزار و تەمەنم بە کایە و گاڵتە تێپەڕاندبوو. ئەو کتێبانەی تاکو ئێستا بە لامەوە سەخت و ناخۆش دەهاتنە بەرچاو، ڕێزمان و مێژوویەک کە تا ئەم کاتە بە گرانی ئامادە بووم سەیریان بکەم، ئێستاکە بۆ من لە جێی هەواڵێکی کۆن بوون کە جێهێشتن و جیابوونەوە لەوان بە تەواوی پەشێو و ناڕەحەتی دەکردم، لە بارەی مامۆستاشەوە هەر بەمجۆرە بیرم دەکردەوە. بیرکردنەوە لەوە کە ئەو سبەینێ بەیانی بەجێمان دێڵێت و ئیتر نایبینمەوە، بیرەوەری تاڵی ئەو تەمبێکردنانەی کە لەو دیبووم و زەبری ناخۆشی ئەو دارانەی کە لەو خواردبووم، بە تەواوی لە مێشکمدا پاک دەکردەوە، دەرکەوت کە هەر لەبەر ئەم دوایین ڕۆژی دەرسە بوو کە ئەو، جلە تازەکەی کردبووە بەری و هەروەها بەم هۆیەوە بوو کە پۆلێک لە پیرەکانی ئاوایی و پیاوماقووڵان لە کۆتایی هۆڵەکەدا دانیشتبوون. دەتگوت خەمباری ئەوەن کە لەمەوبەر نەیانتوانیوە چەند ساتێکان بێنە قوتابخانە و هەروەها واوێدەچوو کە ئەم تاقمە هاتبوونە دەرسی مامۆستاکەی ئێمە تاکو بە خاتری چل ساڵ ڕەنجی بێوچان و پارێزگاری قوتابخانە و خزمەتکردن، ڕێز لە ئەو بگرن.

لەم بیرانەدا بووم کە هەستم کرد ناوی منیان خوێندەوە. دەبوایە هەستمە سەرپێ و وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە. ئامادە بووم گیانی خۆم بە تەواوی پێشکەش بکەم تاکو بتوانم بە دەنگێکی زوڵاڵ و گفتێکی ڕەوانەوە دەرسی ڕێزمان کە تا ئەو ڕادەیە دژوار بوو، لەبەر

بخوێنمەوە بەڵام هەر لە سەرەتادا مامەوە و نەمتوانی وەڵامێک بدەمەوە و تەنانەت زاتم نەکرد سەر هەڵێنم و سەیرێکی ناوی چاوی مامۆستاش بکەم.

لەم نێوەدا گوێم لە دەنگی ئەو بوو کە بە نەرمی و بەزەییەوە دەیگوت:

ڕۆڵە! لۆمەت ناکەم! چونکە بە ڕادەی پێویست تەمبێ کراوی. دەبینی کە چ ڕوویداوە. پیاو هەمیشە بە خۆی دەڵێت: دەرفەت هەیە، دەرسەکە فێر دەبم. بەڵام دەبینی کە چ کارەساتگەلێک وێدەچێ ڕووبدەن، بەداخەوە چارەڕەشی ئێمە ئەوەیە کە هەمیشە فێربوون دادەنێین بۆ ڕۆژێکی دیکە، ئێستاکە ئەم خەڵکە کە بە زۆر بەسەر ئێمەدا زاڵ بوون، حەقیانە کە لۆمەمان بکەن و بڵێن: ((ئێوە چۆن دەڵێن: گەلێکی ئازاد و سەربەخۆین لە کاتێکدا زمانی خۆتان ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە؟)) لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، ڕۆڵە! تەنیاا تۆ لەم کارەدا تاوانبارنیت ئێمە هەموو شیاوی لۆمەین. هەروەها دایکان و باوکانیش لە پەروەردە و ڕاهێنانی ئێوەدا، بەوجۆرە کە پێویستە، هەوڵیان نەداوە و وایان پێ باشتر بووە کە ئێوە بنێرن بە شوێن ئیشێکدا تاکو پارەیەکی زۆرتر بکەوێتە دەستیان. مەگەر من خۆم شیاوی لۆمە نیم؟ ئایا بە جێی ئەوە کە ئێوە بۆ لای دەرس هان بدەم، چەندین جار ئێوەم لە کاری ئاودانی باخەکەم بەرنەداوە؟ ئایا کاتێک ئارەزووی ڕاو و سەیران لە سەری دەدام، ئێوەم نەدەنارد بچن بەشوێن کاری خۆتاندا؟

پاشان مامۆستا لە هەموو بوارێکەوە قسەی کرد و لە ئاکامدا باسەکەی کێشایە زمانی نەتەوایەتی و گوتی: ((زمانی ئێمە لە ڕیزی شیرینترین و ڕەوانترین زمانەکانی دنیادایە و ئێمە دەبێت ئەم زمانە لە نێوان خۆماندا هەروا بپارێزێن، وەکو کەسێک کە

کلیلی بەندیخانەی خۆی لە دەستدا بێت. پاشان کتێبێکی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی وانەیەکی ڕێزمان. پێم سەیر بوو کە ئەو ڕۆژە چەند بە ئاسانی لە دەرسەکە تێدەگەیشتم. هەر شتێکی دەگوتەوە، زۆر بە ساکاری دەهاتە بەرچاوم. لێم ڕوونە کە لەوەو پێش هیچ کات بەو ڕادە بە حەز و تاسەوە گوێم نەدابووە دەرسی ڕێزمان. هەروەها ئەویش لەوەو پێش هیچ کات بەو سەرنج و تاقەتەوە دەرسی نەگوتبوو. وەک ئەوەی کە ئەم پیاوە شۆخە بیەوێت پێش ئەوەی کە ماڵئاواییمان لێ بکات و دەرسەکە تەواو بکات، تەواوی زانست و ئەزموونی خۆی فێری ئێمە بکات و هەموو زانیارییەکانی خۆی بخاتە مێشکی ئێمەوە.

کاتێک دەرسەکە تەواو بوو، نۆبەی نووسینەوەی هات. مامۆستا نووسراوەگەلێکی تازەی بۆ ئێمە هەڵبژاردبوو کە لە سەرووی ئەوانەوە ڕستەی ((نیشتمان، وڵاتی باب و باپیران، زمانی نەتەوایەتی)) بەرچاو دەکەوت. ئەم نووسراوانە کە بە سووچێکی مێزەکانی نووسینی ئێمەوە هەڵواسرابوون، وایان دەنواند کە لە چوار سووچی هۆڵەکەدا، ئاڵای نەتەوایەتی ئێمەیان خستبێتە شەکانەوە. نازانی چۆن باسی بکەیت کە بە چ شێوەیەک قوتابییەکان لە کاری نووسینەوەدا تێدەکۆشان و تا چ ڕادەیەک بێدەنگی دایگرتبوون. لەو بێدەنگییەدا جگە لە دەنگی پێنووس کە بە سەر لاپەڕەکاندا دەکشا، هەستت بە دەنگێکی تر نەدەکرد. لە سەربانی قوتابخانەکە کۆترەکان بە نەرمی دەیانگماند و منیش لە کاتێکدا گوێم دابووە گمەی ئەوان، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ((ئایا ئەمانەش ناچار دەکەن کە سروودەکەیان بە زمانی بێگانە بخوێنن؟))
جارناجارێک کە ڕووم لە ڕووپەڕی نووسینەوەکەی خۆم وەردەگێڕاوە، مامۆستام دەدی کە بێ هەست لەسەر جێگاکەی خۆی ڕاوەستاوە و

به نیگا یەکبین و سەرنج دارەکانییەوە دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، دەتگوت گەرەکیەتی، وێنەی تەواوی شتەکانی قوتابخانە کە لە ڕاستیدا ماڵ و شوێنی ئەو بوو، لە دڵی خۆیدا تۆمار بکات. تەنیا ئاڵ و گۆڕێک کە لەو ماوەیەدا پێک هاتبوو ئەوە بوو کە مێز و کورسییەکان بەهۆی تێپەڕینی زمانەوە پۆڵکیبوون و کاڵ ببوونەوە. هەروەها چەند نەمامێک کە لە کاتی هاتنی خۆیدا لەناو باخەکەدا ناشتبوونی، ئێستاکە ببوونە داری گەورە. چ خەمێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی گران بوو کە ئێستاکە ئەم پیاوە دەبوایە تەواوی ئەم شتە ئازیزانە بەجێ بێڵێت و نە تەنیا حەوشەی قوتابخانە بەڵکو دەبێت لەگەڵ خاکی نیشتمانیشدا ماڵئاوایی یەکجارەکی بکات.

لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، ورەبەرزی و خوێنساردی ئەو تا ئەو ڕادەیە بوو کە کۆتایی بە دوایین کاتژمێری دەرس هێنا. لە دوای نووسرانی مەشقەکان، دەرسی وانەی مێژوومان خوێند. پاشان منداڵەکان بە دەنگێکی بەرز دەستیان کرد بە دووپاتکردنەوەی دەرسەکەیان. لە ئاخری هۆڵەکەدا یەکێک لە پیاوانی بەساڵداچووی ئاوایی کە کتێبێکی لەسەر کۆشی خۆی لێک کردبۆوە و لە پشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە لێی ورد دەبۆوە، لەگەڵ منداڵەکاندا هاودەنگ ببوو. لەگەڵ ئەوان دەرسەکەی بە دەنگێکی بەرز دووپات دەکردەوە. دەنگی ئەو تا ڕادەیەک ئاوێتەی حەز و تاسە ببوو کە بە بیستنی، هەستێکی نامۆ لە گیانمان دەگەڕا و هیوامان دەخواست کە دروست لە کاتی پێکەنیندا، دەست بکەین بە گریان. بەداخەوە!... بیرەوەری ئەم دوایین ڕۆژی دەرسە هەموو کاتێک لە دڵی مندا دەمێنێتەوە.

لەم ناوەدا کات گەیشتە کۆتایی و نیوەڕۆ هات و هەر لەم کاتەشدا دەنگی کەڕەنای سەربازانی بێگانە کە لە مەشق و ڕمبازی دەگەڕانەوە، لە کۆڵاندا دەنگی دایەوە. مامۆستا بە ڕوخسارێکی پەشۆکاوەوە لە

جێگاکەی خۆی هەستایە سەر پێ. تا ئەو ڕۆژە هیچ کاتێک ئەو، ئەوەندە مەزن و بەڕێز لە دڵمدا خۆی نەنواندبوو، گوتی:
((هاوڕێیان، ڕۆڵەکان، من... من...))
بەڵام بوغز و خەفەت، دەنگی لە گەروویدا خنکاند. نەیتوانی وتەکەی خۆی تەواو بکات. پاشان ڕووی وەگێڕاوە و لەتێک گەچی هەڵگرت و بەو دەستەی کە بەهۆی حەسرەت و دەردەوە دەلەرزی، لەسەر تەختەڕەشەکە ئەم وشانەی بە خەتێکی ڕوون و ئاشکرا نووسی:
((بژی نیشتمان!))
پاشان هەر لەوێ وەستا: سەری بە دیوارەکەوە نا و بێ ئەوەی کە شتێکی تر بڵێت بە دەستی ئاماژەی بە ئێمە دا کە ((تەواو بوو. بڕۆن، خواتان لەگەڵ!))

❊ ئەم چیرۆکە عەبدولحسەین زەڕین کوب لە فەڕانسییەوە کردوویەتی بە فارسی، ئەوسا کراوە بە کوردی.

کۆی ئەم چیرۆکانە لە نێوان ساڵەکانی ٨٠ تا ٨٥ واتە ٢٠٠١ تا ٢٠٠٦ دا ناوبەناو وەرگێڕدراون. کە مەبەست لە وەرگێڕانیان تەنیا کارێکی چاپەمەنی نەبووە، بەڵکو هەست کردن بە بەهێزبوونی لایەنێکی ئەدەبی تێیاندا بۆتە هۆی وەرگێڕانیان واتە هەست کردن بەوەی کە جێگەیان لە کتێبخانەی کوردیدا چۆڵە.